ژیان

XEBAT

لە ماڵ پارێزاو دەبین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5972) دووشەممە 13ی تەمموز 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار



8

سایتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

کابینەی نۆیەم سایتێک پێ لە دەستکەوت

سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمیی بۆ سێ پۆستی باڵا ئیمزا دەکات



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوێنێ یەکشەممە 2020/7/12 فەرمانی هەرێمی بۆ دانانی بەڕێوەبەرانی گشتیی پۆلیس، پۆلیسی هاتوچۆ و ڕەگەزنامەی لە هەرێمی کوردستان دەرکرد.
لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی بەڕێزان ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ و فەوزی هەریری سەرۆکایەتیی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، پاش ئیمزاکردنی فەرمانی هەرێمی بۆ بەڕێزان لیوای پۆلیس تارق ئەحمەد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، لیوای پۆلیس عەبدولقادر عەزیز ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان و لیوای پۆلیس بەڕێز هێرش ئەحمەد محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامە لە هەرێمی کوردستان، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە وتەیەکدا وێڕای ئاماژە بە ئەرک و خزمەت و ئەزموونی دیار و جێپەنجەی بەرچاوی پێشتریان لە بواری کارەکانیاندا، پیرۆزبایی لێکردن و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرک و پۆستی تازەدا بۆ خواستن.



پاپای ڤاتیکان نیگەرانە

دوای ئەوەی ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا بڕیاری دادگای باڵای وڵاتەکەی پەسەند کرد بە گۆڕینی مۆزەخانەی ئایاسۆفیا لەشاری ئەستەمبوڵ بۆ مزگەوت، دوێنێ یەکشەممە پاپای ڤاتیکان لەمیانەی نوێژی کلێساکەی نیگەرانی خۆی بۆ ئەم بڕیارە دەربڕی. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات

دوێنێ یەکشەممە 12/7/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

5



بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێن لە هەولێر کێشەی کەمیی پلازمای نییە

15



نیان یاسین پاڵەوانی پایسکلسواری:

لەسەر هەموو خانمان پێویستە وەرزش بکەن



داوای بە بازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەکرێت

ساغنەبوونەوەی تەماتە جووتیارانی کوردستانی ماندووتر کردووە

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە د. کنیازێ ئیبراهیم میرزاییڤ دەکات



دوێنێ یەکشەمە 12/7/2020سەرۆک مەسعود بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی د. کنیاز ئیبراهیم میرزاییڤ سەرۆکی فیدراسیۆنی کوردانی ولاتانی سۆڤییەتی پێشوو بەهۆی کۆچی دوایی برایەکییەوە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

برای بەڕێز د. کنیازێ ئیبراهیم میرزاییڤ

سەرۆکی فیدراسیۆنی کوردانی ولاتانی سۆڤییەتی پێشوو

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی براتان ئەحمەد ئیبراهیم میرزاییڤمان پێ گەییشت. پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادەی بەڕێزتان و تەواوی کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک بەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

12ی 7ی 2020

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات



دوێنێ یەکشەمە 12/7/2020مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە پڕۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی حکوومەت ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگەی کرد لە پاراستنی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم قۆناغەکان.

وەزیری پێشمەرگە باسی لە هەنگاوەکانی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و پێداویستییەکانی جێبەجێکردن و سەرخستنی پڕۆسەکە. دوای ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆ لە سەر تەوەرەکانی پەیوەست بە چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە لە لایەن ئامادەبووان، بڕیار درا بە پێی پلانێکی زەمەنی هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە چاکسازی جیبەجێ بکرێن لە بوارەکانی یەکخستن و ڕێکخستنی یەکە ژمێریارییەکان و ڕێکخستنی هەیکەلیەت و میلاکی وەزارەت و پلەی سەربازی و بابەتەکانی خانەنشینی و دۆسیەی شەهیدان و کەمئەندامان بە پێی یاسای چاکسازی و پڕۆژەی هاوبەشی هاوپەیمانان و وەزارەتی پێشمەرگە.

کایا ئیزۆل: سەرقاڵی پێکهێنانی لۆبییەکی گەورەی کوردستانیین



بەرپرسی کۆمێتەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا دەڵێ، ئێمە لۆبی و بنکەیەکی کوردیمان لە دنیادا هەیە و سەرقاڵی پێکهێنانی لۆبییەکی گەورەین بۆ کوردانی دیاسپۆرا. کایا ئیزۆل، لە لێدوانێکی تایبەت بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەڵێ: ئێستاش ڕەوندی کوردی چەند کۆمەڵە و ڕێکخستنی فەرمیی لە ئەوروپا هەن و هەمووشمان کۆکردوونەوە و بەرنامە و پلان و ستراتیژییەکی باشمان داناوە بۆ ئەوەی تەواوی ڕەوەندی کوردی یەک بخەین و ببینە پاڵپشتی کورد و کوردستانیان لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکدا.

بەرپرسی کۆمێتەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا دەشڵێ: ئێستا کورد نزیکی 20 پەرلەمانتاری لە پەرلەمانانی ولاتان و وەزیر و ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا هەیە، بۆیەش سەرقاڵی ئەوەین ئەو هەموو کەسە کاریگەرانەی کورد کۆ بکەینەوە و لۆبییەکی گەورە پێک بێنین. ئاماژەیشی دا: جگە لەمانەش، دەمانەوێ هەموو ئەو هونەرمەندە کوردانەی دیاسپۆرا کۆ بکەینەوە لەگەڵ کەسانی بیانی کە پشتیوانی دۆزی کوردن بۆ ئەوەی پشتیوانیی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، چونکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی ولاتەکەیان هەیە.

بەرپرسی کۆمێتەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا گوتیشی: پێشتریش بۆ پرسە نیشتمانییەکان پشتیوانیی خۆمان دیاری کردووە و لە ڕیفراندۆمیشدا سەردانی هەرێمی کوردستانمان کردووە و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆ بوینەوە و هەرشتێک بێت دەمانەوێت لەگەڵ گەلی خۆمان بین و ئەو هەماهەنگی هەرێمی کوردستان بێت.

جیهان.. تووشبووانی پەتای کۆرۆنا لە جیهان نزیک دەبێتەوە لە 13ملیۆن کەس

چاکبوونەوەی تووشبووانی کۆرۆنا حەوت ملیۆن و 500 هەزار کەسی تێپەڕاند

ژمارەی تووشبووانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەرانسەری جیهان کە لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبی ڕۆژهەڵاتی چین سەریهەڵدا، گەیشتووەتە 12ملیۆن و 856هەزار و 228کەس. بەپێی مالپەڕی World-ometer کە بە پشت بە ژمارە نوێیەکانی تووشبوون بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرانسەری جیهان بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، 567هەزار و 913کەس. هەر بەپێی زانیارییەکانی مالپەڕەکە لە سەرانسەری جیهاندا، چوار ملیۆن و 800هەزار و 420 تووشبووی پەتاکە هەن کە چارەسەری پزیشکیی وەردەگرن.

هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرانسەری جیهاندا، دوای تووشبوونیان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ چاکبوونەتەوە، حەوت ملیۆن و 500هەزار کەسی تێپەڕاند. بەپێی هەمان مالپەڕ کە بە پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، حەوت ملیۆن و 500هەزار و 755 تووشبوو لەسەرانسەری جیهاندا چاکبوونەتەوە.

ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە چین سەریهەڵدا لە ماوەیەکی کورتدا بە زیاتر لە 200 وڵات و هەرێمدا بڵاوبووەتەوە و بووە پەتایەکی جیهانگیر. لە کاتێکدا لەسەرتاسەری جیهاندا ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتاکە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، گەیشتووەتە، 12ملیۆن و 869هەزار و 79حاڵەت، کۆی گشتیی ئەوانەی بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ 586هەزار و 291کەس. جێی باسە لە ئەمەریکا کە بەرزترین ئاماری تووشبوون و گیانلەدەستدان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێیی تیادا تۆمارکراوە، تا ئێستا سێ ملیۆن و 355هەزار و 781حاڵەتی تووشبوون و 137هەزار و 403 حاڵەتی گیانلەدەستدانی تۆمارکردووە.

147ملیۆن کەس کار و پیشەیان لەدەست داوە

پاپای ڤاتیکان لە بڕیاری بەمزگەوتکردنی ئایاسۆفیا نیگەرانە



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

دوای ئەوەی ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا بڕیاری دادگای بالای ولاتەکەی پەسەند کرد بە گۆڕینی موزەخانەی ئایاسۆفیا لەشاری ئەستەمبوڵ بۆ مزگەوت و ڕایگەیاند کە 24ی ئەم مانگە ئەم موزەخانەیە دەبێتەوە مزگەوت و یەکەم نوێژی بەکۆمەڵی تێدا دەکرێ، دوێنێ یەکشەمە پاپای ڤاتیکان لەمیانەی نوێژی کلێساکەی نیگەرانی خۆی بۆ ئەم بڕیارە دەبڕی و گوتی: تەنانەت بەبیرکردنەوە لەوەی کاتیدرائیەکی مەسیحی کە تەمەنی 1500ساڵە لەم سەردەمەدا بکرێتەوە بە مزگەوت نیگەرانم دەکات و ئەمە ناخۆشترین هەواڵی ساڵی 2020پێم دەگات.

پێشتریش ئەنجومەنی کلێساکانی جیهان و ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا و چەندین ناوەندی ئاینیی مەسیحی لەسەرتاسەری جیهان نیگەرانی خۆیان لە بڕیارەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دەبڕی و چاودێرانی سیاسی پێشبینی دەکەن ئەم بڕیارە ببێتە هۆی زیاتر گۆشەگیرکردنی تورکیا لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

تۆڕێنەوەیەک: ئابووریی جیهان بەهۆی کۆرۆناوە نزیکەی چوار تریلیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتووە



زانکۆیەکی جیهانی تۆڕێنەوەیەکی لەسەر کاریگەرییەکانی کۆرۆنا لەسەر ئابووری جیهان بڵاوکردووەتەوە، تۆڕێنەوەکە دەریخستووە کە کۆرۆنا 3و پێنت 8تریلیۆن دۆلار زیانی بە ئابووریی جیهانی گەیاندووە.

لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا زانکۆی "سیدی"ی ئوسترالی کە یەکێک لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهانە، تۆڕێنەوەیەکی لەسەر کاریگەرییەکانی کۆرۆنا لەسەر ئابووریی جیهانی بڵاو کردەوە، لە بەشێکی تۆڕێنەوەکەدا هاتووە بەهۆی کۆرۆناوە 147ملیۆن کەس لە جیهان کار و پیشەیان لەدەست داوە، کۆی گشتی ئەو موچەیەیش کە دەدرا بەو 147ملیۆن کەسە دوو تریلیۆن دۆلار بووە.

زانکۆی سیدنی ئاماژەی بەوەش داوە ئەو زیانەی کە کۆرۆنا بە ئابووریی جیهانی گەیاندووە، بە قەد بوودجەی وڵاتێکی وەک ئەڵمانیایە، هەروەها بە قەت خەرجی تێچوونی شەڕی نیوان ئەمەریکا بوو لەگەڵ هەردوو وڵاتی عێراق و ئەفغانستان. لە بەشێکی دیکە تۆڕێنەوەکەدا هاتووە کە زۆرترین زیانی کۆرۆنا بۆ سەر کەرتی گەشتیاری بووە لە جیهاندا، چونکە بەهۆی کۆرۆناوە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتە ئاسمانییەکان ڕاگیران، بەتایبەت لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەورووپا و ئەمەریکا.



کاردانەوە چاوەڕوانکراوەکان لەبارەی بڕیاری بەمزگەوتکردنی ئایاسۆفیا لە تورکیا

یەکێتیی ئەورووپا: بەمزگەوتکردنی ئایاسۆفیا بڕیارێکی سیاسییە

کرملین: ئایاسۆفیا بۆ رووسەکان شوێنێکی رۆحی و پیرۆزە

یۆنان: تورکیا بەهۆی ئەو گرێ دەروونییە نەتەوەییەوە شەش سەدە دەگەڕێتەوە دواوە



ساسان دەروێش –هۆڵەندا

بڕیارێکی دادگای باڵای تورکیا لە 10ی تەمموزی 2020و واژووکردنی لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ساڵی 1934کە بەگوێرەی ئەو بڕیارە کلێسای ئایاسۆفیا لە ئێستەنبوڵ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی مستەفا کەمال ئەتاتورک کرایە مۆزەخانە ,بڕیارەکەی 10ی تەمموزی 2020ئایا سۆفیای کرد بە مزگەوت. شوێنەوار و مۆزەخانەی ئایاسۆفیا پێشتر کلێسای کریستیانەکان بووە، یەکێک لە یادگارەکانی بیناسازی بێزەنتیەیە لە میژووی ناوچەکەدا کە بەبۆنەی سەرکەوتنیان بنیادنراوە و وەک سیمبۆلێکی میژوویی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئێستا حکوومەتی تورکیا بە بڕیار ئەو سیمبۆلەی لێ وەرگرتنەوە ,ئەمەش رۆژئاوای نیگەران کردووە تا ئاستی ئەوەی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە.

شوێنەواری ئایاسۆفیا لە تورکیا

بلاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، واتە بە مزگەوتکردنی ئایاسۆفیا لە میدیاکانی تورکیاوە پانتایەکی گەورەی لە میدیای ئەورووپایی و دنیا داگیرکرد و بیروڕای جیاوازی لەبارەوە دەڵێن و دەنووسن، تەنانەت ناوخۆی تورکیاشی بۆ دووبەرەی جیاواز و دژ بەیەک دابەشکردووە لە کاردانەوەی ئەم بڕیارەی تورکیا، میدیاکانی هۆڵەندا بەهەمان شێوە قسە باسی خۆیان لەبارەیەوە کرد، بەتایبەتی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی تەلەگرافی هۆڵەندی کە بۆ هەمیشە بیروڕا جیاوازەکان دەگوازێتەوە بەپشتبەستن بە بەڵگە و لێدوان و شاهێدحاڵەکان، ئایاسۆفیا پەرستگایەکی میژوویی و ئەندازیارانی دەوڵەتی بیزەنتی لە سەردەمی گریکییەکاندا وەکو کلێسایەکی ئۆرسەدۆکس دروستیانکردووە و لەسەردەمی ڕۆمانەکانیشدا وەکو کلێسایەکی کاسۆلیک و لە سەردەمی عوسمانییەکانی وەکو مزگەوت و دواتر لەسەردەمی تورکیای مۆدێرندا وەکو مۆزەخانە بەکارهاتووە.

لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆم جۆستینیەنسی یەکەم دروستکراوە

ئایاسۆفیا لای یۆنانییەکان بە کلێسای عەزیزە سۆفیای بەناوبانگە، ساڵی 532ڕ 537ی زایینی لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆم جۆستینیەنسی یەکەم دروستکراوە، دوای کۆنترۆڵکردنی ئیستەنبوڵ لەلایەن عوسمانییەکانەوە ساڵی 1453ی زایینی ئایاسۆفیا مناڕە و گومەزی بۆ دروستکراو کرایە مزگەوت کە بە مزگەوتی فەتحیە ناسێنرا، هاوکات لەگەڵ چوونی پاپا فرانسیس بۆ سەردانی تورکیا و ئایاسۆفیا داوای دووبارە گەڕانەوەی بە کلێسابوونی کرد و لەلایەن گەنجانی ئەنادۆڵ 15ملیۆن واژوویان کۆکردەوە بۆ بوونی ئایاسۆفیا بە مزگەوت، بە تۆندی وەلامدرانەوە، دوای 86ساڵ لەو بڕیاری مستەفا کەمال ئەتاتورک بە مۆزەخانە، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە فەرمی مزگەوتەکەی کردەوە، چاوەڕوان دەکرێت لە چەند هەفتەی داهاتوودا نوێژی بە کۆمەڵ و بانگی تیدا بدرێت .

لێکەوتەی خراپی لێ چاوەڕوان دەکرێت

بەم بڕیارەی حکوومەتی تورکیا و ڕەجەب تەیب ئەردوغان، گوێی بە لێدوانەکانی یەکێتیی ئەورووپا و ڕێکخراوی یۆنسکۆ نەدا و سووربوو لەسەر بڕیارەکەی خۆی بۆ گەڕانەوەی ئایاسۆفیا لە مۆزەخانەوە بۆ ناساندنەوەی بە مزگەوت، بەم هەنگاوەش وای کرد وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و ئەمەریکا و ڕووسیاش دژی ئەم بڕیارە بوەستنەوە و بڵێین ئەم بڕیارەت هەڵەیە و شرۆڤەکارانی سیاسی و چاودێرانیش پێیانوایە بەم کارەی تورکیا، لێکەوتەی خراپی لێ چاوەڕوان دەکرێت، پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەورووپا بباتە قۆناغێکی تر و کاریگەری خراپی بۆ تورکیا دەبێت و ڕەنگە تووشی سزای گەورەی ئابووریش ببێتەوە، ئامانجی ئەردۆغانیش لەژێر ناوی ئایندا دەیەوێت بگاتە ئامانجەکانی و لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن لە تورکیا بۆ ڕاکێشانی دەنگی ئایینی وڵاتەکەی دەیەوێت ناسنامەی مۆزەخانەیەکی میژوویی بۆ مزگەوت بگۆڕێت، لەکاتێکدا پێشتر ئەو شوێنە وەک کلێسایەک ناسراوە .

پرسی گۆڕینی ئایاسۆفیا لە لێدوانەکاندا یەک مەبەست دەپێکن

ئەم پرسەش لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا، دەرگای شەڕ وناکۆکییەکی نوێی بەڕووی تورکیادا کردەوە، ڕۆژئاوا بە یادگاریکی میژوویی کریستیانەکانی دەزانن، بەمەش ڕەنگە دۆخی نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرە توند بکات، چونکە گوتەبێژی کۆشکی کرملین لە مۆسکۆ ڕایگەیاند ئایاسۆفیا پێگەیەکی شوێنەواری کولتووری جیهانییە و شوێنەکی دڵگیرە بۆ تەواوی گەشتیارانی لە جیهاندا، بەڵام بۆ ڕووسەکان شوێنێکی ڕۆحی و پیرۆز و زۆر گرنگە، لەلایەکی دیکەوە یەکێتیی ئەورووپا نیگەرانی خۆی لەوبارەیەوە دەربڕی و ڕایگەیاند، بڕیارەکەی دادگای باڵای تورکیا بۆ بەمزگەوتکردنی ئایاسۆفیا، بڕیارێکی سیاسییە ، هاوکات وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش لە بەیاننامەیەکدا داوای لە دەوڵەتی تورکیا کرد بینای ئایاسۆفیا بەشێوەی مۆزەخانە بپارێزێت و لە ڕوالەتپێدانی وەکو مزگەوت خۆپارێزی بکات، حکوومەتی یۆنانیش لەلایەن خۆیانەوە ئەو بڕیارەیان بەدەستدرێژیکردنە سەر شارستانیەتی جیهان ناوبردووە و وەزیری ڕۆشنبیری یۆنان ڕایگەیاند ئەو گرێدەروونییە نەتەوەییە تورکیا دەگەڕێنێتەوە بۆ شەش سەدە لەمەوبەر، ڕێکخراوی یونسکۆی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکانیش بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری لەوپێش هۆشداری داوە لەوبارەیەوە گوتوبەتی: دەستکاریکردنی ئەو مۆزەخانە میژوویییە کە لە شاری ئەستەنبوڵە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەم، جێی نیگەرانی توندی ئێمەیە و هەورەها دەشڵێت: ئایاسۆفیا وەک شوێنەوارێکی میژوویی جیهان هەژمارکراوە و بەمەش ڕێوشوێن و پەیماننامەی نێودەوڵەتی دەکەوێتەسەر و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەبێت تورکیا پارێزگاری لەو شوێنەوارە دێرینە بکات و بە هیچ شێوەیەک گۆڕانکاری تێدا ئەنجام نەدات، لەکۆتایشدا بۆ ڕەوینەوەی نیگەرانییەکان بە گوتەی گوتەبێژی سەرۆککۆماری تورکیا ئایاسۆفیا بەفەرمی بووەوە بەمزگەوت و ئیدی نوێژی تێدا دەکرێت، بەڵام دەتوانرێت وەکوو مۆزەخانەش هێنێتەوە و خەڵک سەردانی بکەن .

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سەرەخۆشی لە سەرۆک کۆماری میسر دەکات

دوێنێ یەکشەممە 2020/7/12 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی بەڕێز عەبدولفەتاح ئەلسیسی، سەرکۆماری میسر کرد، تیایدا بۆ کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو ئەحمەد حارس کونسولی کۆماری میسری عەرەبی لە هەولێر، سەرەخۆشی لە بەڕێزیان کرد و هاوخەمیی خۆی بۆ لەدەستدانی خوالێخۆشبوو دەربڕی کە دوێنێ لە میسر کۆچی دوایی کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، هەروەها پرسنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبووش کرد و لە هەردوو پرسەنامەکەدا هیوای خواست خوای مەزن خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی خۆی و سەبووری و دڵنەوایی خێزان و کەسوکاری بداتەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە کنیازێ میرزاییڤ دەکات

دوێنێ یەکشەممە 2020/7/12 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا بۆ کۆچی دواییی برایان، خوالێخۆشبوو ئەحمەد ئیبراهیم میرزاییڤ، سەرەخۆشی لە ئەکادیمیسیەنی ناودار و کەسایەتیی دیاری کورد لە کازاخستان بەڕێز پرۆفیسۆر د.کنیازێ میرزاییڤ کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، وێڕای پرسە و سەرەخۆشی، هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بەڕێز میرزاییڤ و خانەوادە و کەسوکاری دەربڕی و هیوای خواست خوای مەزن خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی خۆی و سەبووری و دڵنەوایی هەموو لایەک بداتەوە.

مایک بێڵ: ئێران بەردەوامە لە پشتیوانی کردنی گرووپە چەکدارەکان

مایک بێل ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران ڕایگەیاند، ئێران بەردەوامە لە یارمەتیدانی گرووپە چەکدارەکانی بە چەک و موشەک لە یەمەن و لوبنان و عێراق .

بێل لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕوونیکردەوە کە ئێران پێشێلی ئەو قەدەغەکردنە دەکات کە سەپێندراوە بەسەریدا و بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی بۆمب و چاندنی بۆمب و گەیاندنی موشەکی بالیستی بۆ یەمەن و عێراق ، هەروەها پرچەک کردنی گرووپەکان بە مەبەستی جەنگ دژی داعش.

ئێران چەندین ئامانجی هەیە یەکێک لەوانیش دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانە لە ناوچەکە. هەروەها تێکدانی ڕەوشی ناوچەکەو وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ئەورووپا. ئێران لە بەرژەوەندی ئەودانییە ئەفغانستان سەقامگیر بێت، هەوڵەکانی ئێرانیش مەبەستی درێژە پێدانی تونددوتیژی و نەهامەتیەکانی بۆ گەلانی یەمەن و عێراق و سووریا و لوبنان .

بێل ڕاشیگەیاندووە کە لە ماوەی 10ساڵی ڕابردوودا لە ژێر چەتری ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران بەردەوام بوو لە کردەوە چەپەڵەکانی بە یارمەتیدان و کردەوەی سەربازی لە سووریا، پشتیوانی کردنی هێزە سەربازییەکان لە ناو وڵاتان حزبوللا لە لوبنان و سووریا و جیهادی ئیسلامی فەلەستینی لە غەزە و حوسییەکان لە یەمەن و حزبوللا و حەشد و ڕێکخراوی دیکە لە عێراق و پشتیوانی کردنی تیرۆر لە بەحرەین و چەند کردەوەیەک کە سعودییەی کردە ئامانج، هەندێ گرووپیش لە پاکستان .



عێراق.. خۆپیشاندانی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی دژ بە کەمکردنەوەی مووچەکانیان

لە ژمارەیەک شار و شارۆچکەی باشووری عێراق، کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسیی بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە بڕیاری کەمکردنەوەی مووچەکانیان لەلایەن حکوومەتەوە، خۆپیشاندانیان ساز کرد. میدیاکانی خۆجێی بڵاویان کردەوە کە کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسیی لە ژمارەیەک شار و شارۆچکەی باشووری عێراق، خۆپیشاندانیان سازکردووە.

ئاماژەیان بەوەیش داوە کە لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، خۆپیشاندەران بەرامبەر بە بڕیارەکەی سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی سەبارەت بە کەمکردنەوەی مووچەکانیان ناڕەزایەتییان دەربڕیوە. باسیان لەوەیش کردووە کە خۆپیشاندەران هەوڵدەدەن، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکەیان بگوازنەوە بۆ بەغدا، بەڵام هێزە ئەمنییەکان ڕێگەیان پێ نادەن.

ئێران... ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا بەرزبووەوە بۆ زیاتر لە 219 هەزار کەس

لە ئێران ژمارەی ئەوانەی بەهۆی پەتای قایرۆسی کۆرۆنای نوێوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە، 12هەزار و 829کەس. دوێنێ یەکشەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ڕایگەیاند کە لە میانی 24کاتژمێری ڕابردوودا، 194کەسی دیکە بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە و کۆی گشتیی ژمارەی ئەوانەی بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، 12هەزار و 829کەس. هاوکات دوو هەزار و 186حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمارکراوە و تێکڕای ژمارەی تووشبووان بەرزبووەتەوە بۆ 219هەزار و 993 کەس. پارێزگاکانی خوزستان، ئازەربایجانی خۆرئاوا، ڕەزەوی خوراسان و مازەندران لە ئێران وەک «ناوچەی سوور» دیاریی کراون و پارێزگاکانی تاران، فارس، کرمان، ئەلبروز، گوڵستان، بوشهر، هورموزگان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات وەک ناوچەی جێ مەترسی پۆلێنکراون.

بەهۆی ململانێی زلهێزەکان بە ملیۆنان ئاوارەی سووریا لەبەردەم مەترسیی برسێتیدان

ئوم محەمەد: لە پەلامارێکدا هاوسەرەکەمم لەدەستداوە و ژیانی خۆم و منداڵەکانم نزیکە لە مەرگ

بەهۆی ڕێگریکردنی ڕووسیا لە گەیاندنی هاوکارییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاوارەکانی باکووری سووریا، ملیۆنان سووری لەبەردەم مەترسی برسێتیدان. ئەو هاوواڵتییە مەدەنییانەی لە ناوچە جیاجیاکانی سووریاوە لە پەلامار و بۆردوومانی ڕژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی هەڵاتوون و ڕوویان لە کەمپەکانی سەر سنووری تورکیا کردووە، ژیانێکی کولەمەرگی دەژین.



دوای ئەوەی ڕووسیا ڕێگری کرد لە گەیاندنی هاوکارییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاوارەکانی باکووری سووریا، ملیۆنان سووری لەبەردەم مەترسی برسێتیدان. ئاوارە سووریەکان داواکارن یارمەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامبن ئەگینا لە برسا دەمرن.

ئەبو سەفا یەکێکە لەو ئاوارانەی لە کەمپێکی شارۆچکەی عیزازی باکووری حەلەب نیشتەجێ بووە لە لێدوانێکیدا باسی لە سەختی ژیانیان کرد و ڕایگەیاند: ئێمە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەوەمان زانی کە هاوکارییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەوەستن. ئەگەر ڕێگری لە هاتنی هاوکارییەکان بۆ سووریا بکرێت ئێمە لە برسا دەمرین.

ئوم محەمەد یەکێکی دیکەیە لە دانیشتوانی کەمپەکە و دوای ئەوەی پەلامارەکان پارێزگای ئیدلبیان گرتووەتەوە مااڵوحاڵی خۆی بەجێهێشتووە، دایکی پێنج منداڵە و هاوسەرەکەی لە پەلامارەکانی ڕژێمی ئەسەددا کوژراون. ئوم محەمەد دەڵێت: ژیانمان نزیکە لە مەرگ. ئەگەر هاوکارییەکان بوەستێندرێن برسێتی بلاودەبێتەوە. هاوسەرەکەم لە پەلامارەکاندا لەدەستدا و لەگەڵ پێنج منداڵەکەم تەنها مامەوە، تکایە یارمەتی منداڵەکانم بدەن ئەگەر هاوکارییەکان بوەستن ئێمە چی بکەین؟

جێی ئاماژەیە دەروازەی سنووری ئۆنجوپنار لە پارێزگای کلیس و دەروازەی سنووری جیلڤەگۆزو لە پارێزگای هەتای ئەو دوو دەروازەیەن کە تورکیا بە سووریاوە دەبەستنەوە و هاوکارییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیان لەڕێگەوە دەگەیەندرێتە لێقەوماوانی سووریا.

هاوکارییەکانی دەروازەی جیلڤەگۆزو دەگەیەندرێنە ٢,٨ ملیۆن ئاوارەی پارێزگای ئیدلب و هاوکارییەکانی دەروازەی ئۆنجوپنار دەگەنە نزیکەی 300هەزار لێقەوماو لە باکووری حەلەب، بەاڵم ڕووسیا پێداگری لەوە دەکات کە دەبێت گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بە ڕەزامەندی ڕژێمی دیمەشق بێت و لە ناوخۆی سووریادا ئەنجام بدرێت نەک لە دەرەوەی سنوورەوە ببرێتە ئەو وڵاتە. هەربۆیە ڕووسیا لە حەوتی تەمموزدا بۆ جاری پازدەمین بەرانبەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش مافی ڤیتۆی بەکارهێنا و ئەو بڕیارەی ڕەتکردەوە کە داوا دەکات هاوکارییە مرۆییەکان لە سنووریەکەی تورکیاوە بنێردرێنە سووریا. بەهەمان شێوەش چین بڕیارەکەی ڤیتۆ کرد و پشتیوانی ڕووسیای کرد.

دوای ڕەتکردنەوەی ئەم پڕۆژەیاسایە کە لەلایەن ئەڵمانیا و بەلجیکاوە پێشکەش کرابوو، ڕووسیا پڕۆژەیاسایەکی دیکەی پێشکەشکرد و داوای کرد مۆڵەت بدرێت بۆ ماوەی شەش مانگ تەنیا لەڕێی دەروازەی سنووری جیلڤەگۆزو هاوکاری مرۆیی بنێردرێتە سووریا. هەریەکە لە ئەمەریکا، فەڕەنسا و بەریتانیا بە پاساوی ئەوەی یەک دەروازەی سنووری بەس نییە بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان، ڤیتۆی پڕۆژەیاساکەی ڕووسیایان کرد.

کەمال حەسناوی: حکوومەتی عێراقی ناتوانێ حەشدی شەعبی بوەستێنێت

بەردەوام دەبین لە بەئامانجگرتنی ئەمەریکییەکان



میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڕەشەی بەردەوامبوون لە بەئامانجگرتنی سوپا و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق. دوێنێ یەکشەممە 12-7-2020کەمال حەسناوی، سەرکردە لە حەشدی شەعبی بە میدیا عێراقییەکانی ڕاگەیاندووە، حکوومەتی عێراقی ناتوانێ حەشدی شەعبی بوەستێنێت و ئەگەر هەو هەوڵێکیش بۆ ئەو بابەتە بدات، ئەوا حەشدی شەعبی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

کەمال حەسناوی پێیوایە بوونی بنکەی سەربازیی ئەمەریکا و پاراستنی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە بە سیستەمی دژەموشەکی «شەرعیەت بە شەڕی حەشدی شەعبی لە دژی ئەمەریکا دەدات».

ئەو سەرکردەیەی حەشدی شەعبی هۆشداریی داوەتە حکوومەتی عێراق لەوەی هەوڵ نەدات ڕێگریی لە میلیشیاکان لە شەڕی دژی هێزە ئەمەریکییەکان بکات و ڕایگەیاندووە، «باشترە لەو بابەتە دوور بکەوێتەوە و کار بۆ دەرکردنی هێزە ئەمەریکییەکان بکات».

فەرماندەیەک لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق بەهۆی کۆرۆناوە گیانی لەدەست دا



بەرپرسی بەشی پیادە لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق، لیوا ڕوکن موراد کەریم سەلمان ڕوبێعی بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، گیانی لەدەست دا.

لەمبارەیەوە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە لیوا ڕوکن موراد کەریم سەلمان ڕوبێعی بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانی لەدەستداوە. لە ڕاگەیەندراوەکە زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە نەخراوەتە ڕوو. شایانی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردووش، عەمید کەرخ و ماجد موسەوی، بەرپرسی لێدوانە ئەمنییەکان لە وەزارەتی بازرگانی عێراق، بەهۆی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە ،گیانیان لەدەستدا.

بەپێی دواینێ ئامارەکانیش، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە 75هەزار و 194کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنابوون و لەو ژمارەیەیش سێ هەزار و 55کەس گیانیان لەدەستداوە و 43هەزار و 79ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

کەمیی کارەبا هەڕەشە لە حکوومەتی مستەفا کازمی دەکات



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

لە کاتێکدا حکوومەتی مستەفا کازمی سەرقاڵی هەندێ پرۆسەی چاکسازییە لە خاڵە سنووریەکان و ڕووبەڕووبونەوەی گرووپە چەکدارییەکانی نزیک لە ئێران و ئەوانەی چەندین مووچە لە حکوومەت وەردەگرن، لە چەندین شوێنی عێراقدا پەلاماری وێستگەکانی کارەبا دراوە و بێ کارەبایی هەڕەشە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەکات و بەوەش پرۆسەی پاڵاوتەکردنی ئاوی خواردنەوە و گەیاندنی بەخەڵکی ناوەڕاست و باشووری کێشەی گەورەی تێکەوتووە.

ئەم کێشەی کارەبایە لەکاتێکدا کە پلەکانی گەرما لە سەرتاسەری ناوەڕاست و باشوری عێراق لە 50پلە نزیکبۆتەوە و کێشەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی عێراقیش ئەوەندەی تر تەنگی بە حکوومەتی کازمی هەڵچنیوە. بەرپرسانی پارێزگای میسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کۆمەڵێک چەکداری نەناسراو پەلاماری چەند وێستگەیەکی کارەبایان داوە و بەهۆیەوە زیاتر لە 48کاتژمێر کارەبای پارێزگاکە و چەندین پارێزگای دیکەی باشووری عێراق بڕاوە و خەڵکانێکی زۆری تووڕەش ڕێگای سەرەکی نێوان میسان و بەسرەیان گرتووە و ڕێگەی هاتوچۆیان نەداوە، بەپرسانی پارێزگای کەربەلاش تەئکید دەکەنەوە کە ئەم کردنە ئامانجەی وێستگەکانی کارەبا دوای ئەوە دێت کە مستەفا کازمی و هێزەکانی وەاڵمدانەوەی خێرا بە فەرماندەیی عەبدولوهاب ساعدی کۆنترۆڵی هەموو خاڵە سنووریەکانی نێوان عێراق و ئێرانیان کردەوە کە سااڵنێکە بە دەست میلیشیا شیعەکانی عێراقەوە بووە و هیچ داهاتێکیان بەحکوومەت نەداوە.

ژاپۆن.. دوو بنکەی سەربازیی ئەمەریکا کەرەنتینە کران

بەهۆی دەرکەوتنی حاڵەتی تووشبوون بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە بنکەی سەربازیی ئەمەریکا لە پارێزگای ئۆکیناوا باشووری ژاپۆن، دوو بنکەی سەربازیی لە دووگەکە کەرەنتینە کران.

بەپێی ڕاگەیەندراوی پارێزگای ئۆکیناوا، فەرماندەی هێزەکانی پیادەی دەریایی ئەمەریکا لە ئۆکیناوا، جەنەراڵ ستاسی کالاردی بە تەلەفۆن لەگەڵ پارێزگاری ئۆکیناوا، تاماکی دێنی قسەی کردووە سەبارەت بە ڕەوشی پەتاکە.

بەهۆی ئەوەی پشکنینی 61 کەس لە کارمەندانی بنکەکانی ئەمەریکا پۆزەتیڤ دەرچوون، بنکەکانی وێستگەی ئاسمانیی پیادەی دەریایی فوتینما و هانسن بەڕووی چوونەژوورەوە و دەرچوونداداخراون.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو تاماکی دێنی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا سەبارەت بە بابەتەکە ڕایگەیاندبوو "گومانی زۆرمان هەیە لەبارەی ئەو ڕێوشوێنانەی سەربازانی ئەمەریکا لە بنکەکاندا دژبە پەتاکە گرتوویانەتەبەر".

تاماکی دێنی باسی لەوەش کردبوو کە تووشی سەرسوڕمان بووە بە دەرکەوتنی حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتاکە لە بنکەکاندا و لەبری خستنەڕووی ئاماری حاڵەتەکان دەستەواژەی ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنا.

ناوبراو ئەوەیشی خستەڕوو کە حاڵەتەکان دوای ئاهەنگەکانی ڕۆژی ئازادی ئەمەریکا کە لە چواری تەمموزدا لەگەڵ سەربازانی بنکەکانی دووگەکەدا ڕێکخرا، پشتڕاستکراونەتەوە.

تا ئێستا ئەو حاڵەتانەی لە بنکەکانی وێستگەی ئاسمانیی پیادەی دەریایی فوتینما، هانسن و ماکتوروۆس تۆمارکراون نەخراونەتە نێو ئەو حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتاکە کە لە ئۆکیناوا ڕاگەیەندراون. لە دووگەی ئۆکیناوا باشووری ژاپۆن، تا ئێستا 148 حاڵەتی تووشبوون بە پەتاکە تۆمارکراوە.

داوای بە بازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەکرێت

ساغنەبوونەوەی تەماتە جووتیارانی کوردستانی ماندووتر کردووە

جووتیارێك:

70 سندوق تەماتەم بردووەتە عەلوەی هەولێر 30 هەزار دیناریان پێداوم

1%ی ئەو پارەیەم دەست ناکەوێتەوە کە لە بەرهەمهێنانی تەماتەدا خەرجمکردووە.



ڕاپۆرت: عەلی بانیشاری

دیمەنەکانی فڕێدانی دەیان سندوق تەماتە لە هەفتەی ڕابردوودا لەلایەن جووتیارانی سنووری پارێزگای هەولێرەوە، کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لەو چوارچێوەیەدا لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەکە کردوو و تاوتوێی نیگەرانییەکانی جووتیاران و ساغنەبوونەوەی بەرهەمی ناوخۆ کرا.

بەمەبەستی ساغبوونەوەی بەرهەمی جووتیارانی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەمپینی **(تۆیش سندوقێك تەماتە بکرە)** بۆ ماوەی هەفتەیەك بەردەوامی هەیە. **وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت:** بەمەبەستی ساغبوونەوەی بەرهەمی جووتیاران دەستپێکردووە بە دامەزراندنی کۆمپانیای بەبازاڕکردن. **جووتیارێکی دەشتی شەمامکی سەر بە پارێزگای هەولێر دەڵێت:** سندوقێك بە بەتاڵی بە 750 دینارە، بەڵام سندوقێك تەماتە کە 12-15 کیلۆیە بە هەزار دینارە.

بەشدار ئەنوەر، نزیکەی 20 ساڵە جووتیارە و چوار دۆنم زەوی لە دەشتی شەمامك بە تەماتە و بێستان چاندووە، دەڵێت: 1%ی ئەو پارەیەم دەستنەکەوتووەتەوە کە لە تەماتەو بێستانەکەمدا بۆ ئەمساڵ خەرجمکردووە. دەشڵێت: کیلۆیەك تەماتە لە عەلوە 100 دینار دەکات، بەڵام سندوقێکی بەتاڵ بە 750 دینار. گوتیشی: 70 سندوق تەماتەم بردووەتە عەلوە 30 هەزار دیناریان پێداوم، لە کاتێکدا کرێی کرێکار و ئۆتۆمبێل و دەرمانی کیمیاویم لەسەرە.

ناوبراو باس لەوەشدەکات لەبەر بێ بازاڕی جووتیار ناچارە بەرهەمەکەی فرێ بدات یان بیدات بە ئاژەڵ. بەشدار ئەنوەر دەڵێت: لەبەرئەوەی تەماتە پارە ناکات دەستم نایگرێت لێی بکەمەوە، ناچار ئاژەڵ دەکەمە بێستانەکەم. **بەوتەی ئەو جووتیارە هۆکاری سەرەکی ساغنەبوونەوەی تەماتە نەچوونیەتی بۆ خوار و ناوەڕاستی عێراق. وەکو ئەو دەڵێ:** هیچ ساڵ هێندەی ئەمساڵ بازاڕی تەماتە سست نەبووە. هەروەها دەشڵێت: لە بازاڕدا تەماتە زۆرە و خواست لەسەری کەمە. **سەبارەت بە کڕینەوەی تەماتە لەلایەن سەرمایەداران، ئەو جووتیارەی دەشتی شەمامك گوتی:** کڕینەوەی تەماتە خراپ نییە، باشترە لەوەی فڕێ بدرێت، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی بێ بازاڕی ئەو بەرهەمە هاوینە ناکات. تەماتەی سنووری پارێزگای هەولێر لە 25ی حوزەیرانەوە پێگەیشتووە و تا سەرەتای وەزیری پایز بەرهەمی دەبێت. زۆرترین تەماتەی هەولێر لە دەشتی شەمامك دەچێنرێت.



بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ئەحمەد عومەر، ماوەی چەند ساڵێکە لە عەلوەی هەولێر کار دەکات، دەڵێت: ئەمساڵ تەماتەیەکی زۆر ڕووی لە بازاڕ کردووە، هەر ئەوەیش وایکردووە وا دەربکەوێت بێ بازاڕییە. بەڵام لە ڕاستیدا بازاڕ هەیە، کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە نرخی تەماتە لەو ئاستەدا نییە کە جووتیار پێیەوە ماندوو بووە. **دەشڵێت:** بەشێك لە تەماتە نایەتە عەلوەی هەولێر و لەسەر شەقامەکان دەفرۆشرێت. پێشیوایە گرانی سندوقی بەتاڵ جووتیارانی زیاتر نیگەرانکردووە.

ناوبراو گوتیشی: تەماتەی هەولێر زۆر بەکەمی بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراق دەڕوات، چونکە ئەمساڵ لەو ناوچانە زەوییەکی زۆر بە تەماتە چێنراوەو نرخی کیلۆیەك تەماتە 80 دیناڕە، ئەوەیش وایکردووە کاسپکارانی خوار و ناوەڕاستی عێراق ئامادە نەبن تەماتەی جووتیارانی کوردستان بکڕن. ئەحمەد عومەر ئاماژەی بەوەشدا شووتی و چەند بەرهەمێکی تری وەکو بیبەر و پیاز بۆ خوار و ناوەڕاستی عێراق دەڕوات.

بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێم بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: لەئێستا نمونەی چەند بەرهەمێکی خۆماڵیان ناردووەتە دەرەوە تا لە داهاتوودا هەوڵی بەبازاڕکردنی بدەن. گوتیشی: ساڵانە لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆدا کێشەی ساغنەبوونەوەی بەروبووم دروست دەبێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەستپانکردووە بە دامەزراندنی کۆمپانیانی بەبازاڕکردن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان.

بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەوەشی گوت: باجی گومرگی لەسەر بەرهەمی هاوردە بەرێژەیەکی بەرچاو دانراوە تا بەرهەمی ناوخۆ بپارێزین. هەروەها گوتیشی: ئەو باجە گومرگییە لەسەر بەرهەمی دەرەکی دامانناوە بەئەندازەی نرخی بەرهەمەکەیە لە دەرەوە. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە 10ی حوزەیرانەوە تا 15ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بڕی 600 دیناری وەکو ڕەسمی گومرگی لەسەر هەر کیلۆیەك تەماتەی هاوردە داناوە.

بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێن لە هەولێر کێشەی کەمیی پلازمای نییە

هەر کەسێک دەتوانێت لە ساڵێکدا 25 لتر پلازما ببەخشێت



بەڕێوەبەری پزیشکیی لە بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێن:

تێچووی وەرگرتنی هەر پلازمایەک نزیکەی 500 هەزار دیناڕە



د. هونەر عومەر دلپاك:

مەرجە ماوەی چاکبوونەوەی نەخۆشەکە لەگەڵ بەخشینی پلازماکە، 14 ڕۆژ کەمتر نەبێت

خەبات: هەولێر

سیستمی بەرگریی کەسێك کە تووشبووبێت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، جۆرێك لە بەرگری دروست دەکات و پێی دەگوترێت دژەتەن، ئەم دژەتەنە توانای ناسینەوەی ڤایرۆسەکەی هەیە و لەگەڵی دەجەنگێت، هەر بۆیەش پلازمای خوێن لە کەسێکی چاکبووەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەردەگیرێت و دەدرێت بە کەسێکی تووشبوو بۆ ئەوەی ئەم دژەتەنە بتوانێت ڕووبەڕووی ڤایرۆسەکە ببێتەوە و بەسەریدا زاڵ بێت. پلازمای خوێن لەڕێگای ئامێرێکی تایبەت وەردەگیرێت کە خوێنی کەسەکە دەکێشێتە ناو ئامێرەکە و لەوێ پلازماکە جیا دەکاتەوە و پێکهاتەکانی دیکە دەگەڕێنێتەوە ناو جەستەی بەخشەرەکە و بڕی پلازمای وەرگیراویش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، بۆیەش لە هەندێك کاتدا بۆ زیاتر لە یەك نەخۆشیش بەکاردێت.

بەڕێوەبەری پزیشکیی لە بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێن، هونەر عومەر دلپاك ئاماژە بەوە دەکات کە وەرگرتنی پلازما، وەك هەر پرۆسەیەکی خوێنبەخشین ئاساییە و کاریگەری خراپی نییە لەسەر کەسی بەخشەر، ئەوەیش دەخاتەڕوو کە بڕی پلازماکە بەپێی قەبارە و کێشی کەسی بەخشەر، دەگۆڕێت و بڕی تێچووی وەرگرتنی هەر پلازمایەك، پێنجسەد هەزار دینار دەکەوێت.

هونەر عومەر دلپاك سەبارەت چۆنیەتی و شێوازی پلازمای خوێن، گوتی: بەشێکیان شلەی خوێنە، واتا پلازمای خوێن، بەشێکی دیکەش خانەکانی خوێنە کە ئەوانیش سێ جۆرن، خڕۆکەی سوور، خڕۆکەی سپی و خەپلەکانی خوێن، بۆیە پلازمای خوێن پێکهاتەیەکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی خوێن، بەشی زۆری خوێن بریتییە لە پلازماکەی و هیچ زیانێك بە کەسی بەخشەر ناگات، هەر کەسێك پلازما ببەخشێت دەتوانێت دوای هەفتەیەکی دیکە جارێکی دیکە پلازما ببەخشێت و ئەمەش هاوکار دەبێت لە چاکبوونەوەی نەخۆشێك».

د. هونەر عومەر دلپاك گوتیشی: پێکهاتەکانی خوێن جیاوازە، هەندێك لە دیدی کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕدرێت و جۆرێك ترسی هزری خەڵك دروستکردووە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری پزیشکی لە بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێنی هەولێر گوتی: دەستکەوتنی ئەم پلازمایە هیچ ئەستەم نییە، وەك هەر خوێنبەخشینێکی ئاساییە، جیاوازییەکەی ئەوەیە کە لەکاتی خوێنبەخشین، خوێنەکە لە دەماری خوێنبەخشەکە نەخۆش هەیە، پێویستی بە خڕۆکەی سوور، یان سپی هەیە، هەندێکیشیان پێویستیان بە پلازمای خوێن هەیە، پلازما بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە کێشەیان هەیە لە هۆکارەکانی خوێن مەیین، بێگومان ئەمە بەشێوەیەکی گشتییە، بەڵام لەئێستادا ئەو باسە گەرمەی لەسەر پلازما هەیە بابەتی کۆرۆنایە، یەکێك لەو هۆکارەی کە لە دونیادا باسی لێوە دەکرێت وەکو چارەسەر، بریتییە لە بەکارهێنانی پلازمای ئەو کەسانەی کە پێشتر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و چاکبوونەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئێستا نەخۆشن، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە بارودۆخی تەندروستییان ناجێگیرە یان دەچن بەرەو دۆخی ناجێگیریی، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی تووشبوون و چاکبوونەتەوە بەرگری لەشیان دژەتەن دروست دەکات دژی ئەو ڤایرۆسە، چونکە هەر کەسێك کە تووشی ئەم ڤایرۆسە بێت ئەوا بەرگری لەش دەست دەکات بە شەڕکردن لەگەڵ ئەو ڤایرۆسە و دژەتەن.

هەرچەندە بەخشینی پلازما وەك هەر خوێنبەخشینێکی ئاساییە، بەڵام زۆرجار ڕاستەوخۆ دەچێتە کیسەیەکەوە، بەڵام بۆ وەرگرتنی پلازما، خوێنبەخشەکە دەخەینە سەر ئامێرێکی تایبەت، پێی دەڵێن سێل سەپەرەتەر، بەخشەرەکە لەسەر ئەو ئامێرەیە و خوێنەکە ڕادەکشێت و لەناو خوێدا پلازماکە جیا دەکاتەوە و بەشەکانی دیکە دەگەڕێنێتەوە ناو جەستەی بەخشەرەکە، واتا خڕۆکەکان دەگەڕێنەوە ناو جەستەی بەخشەرەکە و ماوەی 45 خولەکیش دەخایەنێت.

هەموو کەسێك ناتوانێت پلازما ببەخشێت ئەوانەیشی دەتوانن ببەخشن دەبێت پێشتر لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی چارەسەری کۆرۆنا، بەڵگەنامەی پێویستی هەبێت کە تووشی کۆرۆنا بووە و چاکبووەتەوە، ئینجا بانکی خوێن دەتوانێت پلازماکەی لێ وەربگرێت و سەبارەت بە مەرجەکانی پلازما بەخشینیش، **هونەر عومەر دلپاك گوتی:** ئێمە هەماهەنگیان هەیە لەگەڵ نەخۆشخانەکانی کۆرۆنا و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی خۆپارێزی، دەبێت ئەو کەسانەی پلازما دەبەخشن لە ڕێگای ئەو شوێنانەوە سەردانمان بکەن، بە پێچەوانەوە ناتوانین پلازمای لێ وەرگرین، هەروەها مەرجە ماوەی چاکبوونەوەی نەخۆشەکە لەگەڵ بەخشینی پلازماکە، 14 ڕۆژ کەمتر نەبێت.

بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێنی هەولێر، ئەگەرچی شوێنێکی مەترسیدارە بەهۆی ئەوەی کارمەندی شوێنەکە زۆرترین بەرکەوتەیان لەگەڵ نەخۆشییە گوازراوەکاندا هەیە و ڕۆژانە چەندین کەس بە مەبەستی پلازما یان خوێنبەخشین سەردانی ئەو ناوەندە دەکەن و بەڕێوەبەری پزیشکیی، هونەر عومەر دڵپاك ڕایدەگەیەنێت کە لە میانی داواکارییەکانی نەخۆشخانەی کۆرۆنا بۆ پلازما، تا ئێستا 32 بەخشەری پلازمایان وەرگرتووە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هیچ کێشەیەکی کەمیی پلازما لە بانکی خوێندا نییە.

دکتۆر هونەر عومەر دڵپاك گوتی: هەر نەخۆشێك پێویستی بە 200 ملل پلازما هەیە و لانیکەم 400 ملل پلازما لە هەر کەسێك وەردەگرین، ئەگەر بەخشەرەکە جەستەیەکی گەورە و باڵایەکی بەرزی هەبێت دەتوانرێت زیاتری لێ وەربگیرێت، هەر نەخۆشێك پێویستی بە 200 ملل پلازما هەیە، واتا ئەگەر 600 ملل پلازما لە کەسێك وەرگرین، ئەوا دەتوانین بیدەین بە سێ نەخۆش.

هەر کەسێك دەتوانێت لە ساڵێکدا چەند جارێك پلازمای خوێن ببەخشێت و لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری پزیشکیی لە بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێنی هەولێر، هونەر عومەر دڵپاك دەڵێت: هەر کەسێك دەتوانێت لە ساڵێکدا 25 لتر پلازما ببەخشێت، بەڵام نابێت نێوان هەردوو بەخشین هەفتەیەك کەمتر بێت، ئەگەر بەخشینەکەش گەیشتە 25 لتر، ئەوا ناتوانێت ئیتر پلازما ببەخشێت تا دەگاتە ساڵێك و دواتر دەتوانێت دەست بە بەخشین بکاتەوە.

بەڕێوەبەری پزیشکی لە بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێنی هەولێر گوتی: «بۆ هەر پلازمایەك سێتێکی نوێ دەخرێتە ناو ئامێرەکەوە، بۆیە تێچووی وەرگرتنی هەر پلازمایەك کە تەنها سێتێك بە 350 هەزار دیناڕە و بە گشتی 500 هەزار دیناڕ تێچووی یەك وەرگرتنە.

دیندار زێباری: گرووپە چەکدارییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان هەڕەشەن بۆسەر خەڵک و دانیشتوانی ئەو سنووراندە

پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە تەواجودیان هەبێت لەو ناوچانە



داعش بۆ ناوچە جێناکۆکەکان لە ماوەی ساڵانی 2014-2003 هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە عێراقییەکان کۆنترۆڵی ڕەوشی ئەمنیی ناوچەکەیان کردبوو و ئاسایشی ئەو ناوچەیە بە جۆرێك پارێزراوبوو کە هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لەو ناوچانە ڕووی نەداوە، مێژووی ئەم ناوچەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە پێکهێنانی هێزی ئەمنیی هاوبەش باشترین چارەسەرە بۆ پاراستنی ڕەوشی ئەمنیی ناوچەکە بۆ ئەوەی سەرجەم پێکهاتەکان پێکەوەبژین و ناوچەکەیان بوژانەوە بەخۆیەوە ببینێت.

دیندار زێباری دەشڵێت: داوامان لە ڕێکخراوەکان و لایەنە نێودەوڵەتییەکان کردووە کە پێویستە هەرچی زووە بەهانای خەڵکی ئەم ناوچانەوە بێن، پێویستە ئەو ناوچانە لە مین و تەقەمەنی پاك بکرێنەوە و خزمەتگوزارییە پێویستەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیندار زێباری دەشڵێت: حکوومەتی هەرێم بەردەوام داوای چارەکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی لە بەغدا کردوە و بەباشی زانیوە کە خەڵکی ناوچە جێناکۆکەکان لایەنێك بن لە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیانیان هەبێت. لە دوای ساڵی 2003 کێشە ناوچە جێناکۆکەکان یەکێك بووە لەو گرفتانەی کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبوو، وەك کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بۆیە ئێمە بە باشی دەزانین بارودۆخی ئەمنی ئەو ناوچانە جێگیر و سەقامگیر بێت و زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنرێت پێش گەڕانەوەی ئاوارەکان و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەماهەنگییەکی کارا هەبێت لە نێوان حکوومەتی هەرێم و پارێزگاکان لەگەڵ حکوومەتی فیدرال لەڕووی هاوبەشی لە زانیاری و ستراتیژیەتی نوێ بۆ پێشخستنی گیانی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچانە و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها ڕوونی کردەوە، بەم دواییە کردەوە تیرۆریستییەکانی پاشماوەکانی داعش لە ناوچە جێناکۆکەکان زیادی کردووە و ڕۆژانە لەو ناوچانە قوربانی هەیە، بۆیە پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە تەواجودیان هەبێت لەو ناوچانە، بۆ ئەوەی هاریکار بن لە هێنانەدیی سەقامگیری و ڕێگاخۆشکەر بن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیندار زێباری ڕایگەیاند، لە دوای هێرشەکانی داعش دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەڕەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دووچاری نەهامەتییەکی زۆر و ئاوارەیی و سووتانی ماڵ و موڵك و خانووەکانیان بوونەوە و دەیان هەزاریان لە شارەکانی کوردستان ئاواوە و دەربەدەر بوون، دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی داعشیش کێشەکانی ئەم ناوچانە و مەینەتییەکانی خەڵکەکەی وەك خۆیان مانەوە، بەڵام بە شێوازێکی دیکە.

دیندار زێباری لە ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانییدا دەربارەی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەڕەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە: لەلایەن چەند گرووپێکی چەکداری جۆراوجۆرەوە کە لەو ناوچانە باڵادەستن، چەند ساڵێکە لە میانی دروێنەکردنی ڕەنجی یەك ساڵەی جووتیارانی سنووورەکە هەڵدەستن بە سووتاندنی دەغڵ و دانەکانیان و ئاگرتێ بەردان و بۆمبڕێژکردنی زەوی وزاری گوندەکان، سەرەڕای کوشتن و گرتنیان. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیندار زێباری ئاماژەی بەوەیش داوە «ئەو هێزانەی لەو ناوچانەدا هەن هەڕەشە لە کەسوکاری قوربانییەکان دەکەن ئەگەر ناڕەزایی دەربڕین یان ئەو تاوانانە ئاشکرا بکەن کە لە بەرامبەر خۆیان یان کەسوکاریان ئەنجامیان داوە».

دیندار زێباری ڕاشیگەیاندووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەدایە هەموو ئاسانکارییەك پێشکەش بکرێت بە ئامانجی گەڕانەوەی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە، بەڵام ڕەفتاری نابەرپرسانەی بەشێك لەو هێزانە کە هیچیان لە ڕۆڵەکانی ئەو ناوچانە نین و لە شوێنی دیکەوە هێنراون و بوونی ژمارەیەکی زۆر شانەی نووستووی داعش بۆتە هۆی ناسەقامگیری بارودۆخی ئەمنی لەو ناوچانە و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست، ئەمەیش وایکردووە کە دانیشتوانەکەی نەتوانن بە ئاسوودەیی بگەڕێنەوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیندار زێباری بۆ چارەسەری دۆخی ناسەقامگیری ئەو ناوچانە بە گرنگییەوە باسی لە پێویستی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە بۆ ئەو سنوورانە و نووسیویەتی: پێش هاتنی بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سنووری ناوچە کوردستانییەکان ڕای دەگەیەنێت سوپای عێراق بەناوی هەڵمەتی گەڕان و پشکنین بۆ پاشماوەکانی داعش، گوندنشینانی سنووری خانەقینیان هەراسان کردووە.

لەمبارەوە ئەکبەر حەیدەر، جێگری بەرپرسی لقی 15ی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاندووە: دوێنێ یەکشەممە هێزە عێراقییەکان بۆ دەستگیرکردنی پاشماوەکانی داعش، هەڵمەتێکی چڕیان لە گوندی «میخاس» و دەوروبەری دەستپێکردووە، لە کاتێکدا ئەو گوندە خاوەنی چەندان شەهید و دانیشتوانەکەی کارمەندی دەزگا ئەمنییەکانن، کەچی بێ هیچ هۆیەك هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکانیان.

گوتیشی: جۆری هەڵمەتەکانی پشکنین لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە جێگەی نیگەرانییە لە کاتێکدا لە هەندێك جێگە ئەو هەڵمەتانە ئەنجام دەدەن کە هیچ جێگەی گومان نین، کەچی زۆر جێگەی دیکە هەیە گومانی بوونی تیرۆریستانی داعشیان لێ دەکرێت، کەچی هەڵمەتی چڕ و تۆپەڕاسیۆنیان تێدا ناکرێت. ئەم پرسە لە کاتێکدایە کە دوێنێ بۆ ڕۆژی دووەم هەڵمەتی بەناو پاڵەوانانی عێراق، لە سنووری ناوچە کوردستانییەکان بەردەوامە و پێرێ لە یەکەم ڕۆژی هەڵمەتەکە و بەهۆی پێکدادانەوە، کۆژراو و بریندار لەناو سوپای عێراق و میلیشیاکان و داعشدا هەبووە



ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

پێکهێنانی هێزی ئەمنیی هاوبەش باشترین چارەسەرە بۆ پاراستنی ڕەوشی ئەمنیی ناوچەکە

سوپای عێراق بەناوی بەرەنگاربوونەوەی داعش گوندنشینانی خانەقینی نیگەران کردووە

گەرمیان.. فەرمانگەی ژینگەی لەبارەی فڕێدانی کەلوپەلە خۆپارێزییەکانی پەتای کۆرۆناوە هۆشداری دەدات

بەرپرسی ڕاگەیاندنی فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان هۆشداری دەدات و باس لەوە دەکات فڕێدانی پێداویستییە خۆپارێزییەکانی تایبەت بە پەتای کۆرۆنا لە شوێنە گشتییەکان، بەدی دەکرێت و مەترسیدارە.

چالاك نەجم، ڕایگەیاند: بەداخەوە تێبینی ئەوەمان کردووە کەسانێك پاش ماوەیەك لە بەکارهێنانی پێداویستییە خۆپارێزییەکانی تایبەت بە پەتای کۆرۆنا وەك دەستکێش و دەمامك، ئەو پێداویستییانە لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان فڕێ دەدەن، یاخود لە هەندێك جێگەی وەك بندیوار و شوێنی کۆکردنەوەی پاشەڕۆی ناو گەڕەکەکان فڕێی دەدەن، ئەوەش مەترسی هەیە کە پێش هاتنی کرێکارانی پاککەرەوە، بەهۆی زریان و باو و لەبەر سووکیی قەبارەیان، بێتەوە بۆ ناو گەڕەك و شوێنی ژیانی هاووڵاتیان.

گوتیشی: لە هەر جێگەیەك ئەو پێداویستییانە فڕێ بدرێت، منداڵان هەڵی دەگرنەوە و مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانیان.

پرسەنامە

بارەگای بارزانی سەرەخۆشی لە حاجی جاسم مهاجر دەکات

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، حاجی جاسم مهاجر

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەزانین.

لە خودای دلۆڤان داواکارین خوالێخۆشبوو هاوژینی بەڕێزتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

بڕیارە چاکسازی لەخاڵە سنوورییەکاندا بکرێت



جێگری سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، خاڵە سنوورییەکان پێویستیان بە چاکسازی هەیە، چونکە کەرتی تایبەت دەستی بەسەردا گرتوون و دەبێ حکوومەت لێیان وەرگرێتەوە و خۆی سەرپەرشتییان بکات، ئەوکات هەموو داهاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکوومەت، بۆ چاکسازییش لە خاڵە سنوورییەکان، حکوومەت لیژنەیەکی پێك هێناوە.

سەعید هەرکی پێی وایە کە گرنگە چاکسازی لە هەموو سێکتەرەکاندا بکرێت، بە تایبەت لە خاڵە سنوورییەکان، چونکە گەندەڵی دەکرێت و پارە لە خاڵە سنوورییەکان بەهەدەر دەچێت، ئێمەش سەردانی هەموو دەروازەکانمان کردووە و ڕاپۆرتی خۆمان داوەتە حکوومەت، کە پێویستی بە چاکسازی هەیە، بۆیە گەر چاکسازی بکرێت، داهات زۆر زیاد دەکات. **هەرکی گوتیشی:** کێشەی خاڵە سنوورییەکان ئەوەیە، کە گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیاکان کردووە و کۆمەڵێك کۆمپانیا دەستیان بەسەر خاڵە سنوورییەکاندا گرتووە وەکو قەپان و سۆنار و ئەوانەی دیکەش، بۆیە داهاتێکی زۆر بۆ ئەوان دەچێت و ئەگەر حکوومەت خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتییان بکات، ئەوکات هەموو داهاتەکە بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە.



مێرگەسور.. پێداویستی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر قوتابیانی پۆلی 12 دابەشکرا

مسلم دزەیی - بارزان

لەدرێژەی کاروچالاکییەکانی وخزمەتکردن بە تۆڕی قوتابیان لقی مێرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەستان بەدابەشکردنی ماسك و پێداویستی تری خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر قوتابیانی هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی بەشداربوو لەتاقیکردنەوەکانی وزاری ساڵی خوێندنی 2019 – 2020 لەسنوری پەروەردەی مێرگەسوور، شایانی باسە ئەمساڵ 1568 قوتابی لەهەردوو بەشی زانستی و وێژەیی بەشداری تاقیکردنەوەکانی وزاری دەکەن لەسنوری پەروەردەی مێرگەسور.

ڕوونکردنەوەیەك لە ئیدارەی گەرمیانەوە

ماوەی چەند ڕۆژێکە و لەگەڵ زیاتر تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19) لە سنووردە، هەڵمەتێکی ڕێکخراو و بەمبەست لەسەر ئیدارەی گەرمیان دەستپێکردووە کە گوایە ئیدارەی گەرمیان لە ئاست بارودۆخەکە کەمتەرخەمە و نەیتوانیوە ئیدارەی دۆخەکە بدات، بۆیە بە پێویستیانزانی ئەم ڕونکردنەوەیە بۆ ڕای گشتی بخەینەڕوو:

1 ـ لایەنی بەرپرسی فەرمی بۆ مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی کۆرۆنا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانە و ئیدارەی گەرمیان و بەڕێز سەرپەرشتیارەکەی ئەوپەڕی پشتیوانی بەڕێوەبەرەکەی کردووە و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتەکانی سنورەکەی ڕاسپاردووە هاوکاری تەواو و هەماهەنگ بن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.

2 ـ لە ڕۆژی (23/6/2020) بەمبەستی لێکۆڵینەوە لە کەموکورتیەکانی نەخۆشخانەی قەڵای تایبەت بە کۆرۆنا و کار نەکردن بە ئامێرەکانی، بە ژمارە (1418) نوسراومان ئاراستەی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە گەرمیان کردووە، داوامان کردووە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بدرێتە دادگای تایبەتمەند.

-3 جگە لەو بڕە پارانەی کە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان تەرخانکراوە، حکومەتی هەرێم کۆی ئەو بودجەیەی تەرخانیکردووە بۆ بەرنگاربونەوەی کۆرۆنا بۆ ئیدارەی گەرمیان، بڕەکەی 350 ملیۆن دینار بووە. لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتیەوە تەواوی ئەو بڕە پارەیە خراوەتە خزمەتی پێداویستی تەندروستی و بڕی 30 ملیۆن دینار لەو پارەیە بۆ نەخۆشخانەی قەڵا تایبەت کراوە، خەرجکردنی 250 ملیۆن دینار لە گەنجینەی گەرمیان تەصفیە کراوە و ڕاپۆرتیش دراوەتە یەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە ژمارە (1422) لە ڕۆژی (25/6/2020). هەروەها لەو 100 ملیۆن دیناڕەی دیکەشی زۆرینەی زۆری خەرج کراوە بۆ ڕوبەڕونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەر ڕۆژنامەوانێك بیەوێ بۆ ئەو مەبەستە بەدواداچوون بکات وردەکاری دەخەینە بەردەست.

ئیدارەی گەرمیان ئاگاداوە لە تەواوی کەموکورتییەکانی بواری تەدروستی لە گەرمیان، بەڵام لێرەوە ڕونیدەکەینەوە لە بەیانەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە سێ ساڵی ڕابردوودا، پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەسەڵاتیان پێنەدراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەموکورتی فەرمانگەکانی وەزارەتەکانی تر و نەبەستراو بە وەزارەتی ناوخۆ.

عێراق.. سێ هەزار و 150 کەس بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە



وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق بڵاویکردەوە، کە لە میانی 24 کاتژمێردا، دوو هەزار و 312 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و 95 کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. دوێنێ یەکشەممە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا، دواییین ئاماری پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە لە میانی 24 کاتژمێردا، 95 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و 312 کەسی دیکەیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. ئاماژە بەوەشدەراوە کە هەزار و 645 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چاکبوونەتەوە.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو، کە کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، گەیشتووەتە 77 هەزار و 506 کەس و لەو ژمارەیەش سێ هەزار و 150 کەس گیانیان لەدەستداوە و 44 هەزار و 724ی دیکەش چاکبوونەتەوە.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی 210 تەن بەرهەمی تەماتەی جوتیاران دەکڕێت



دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە مەبەستی پاڵپشتی جوتیاران و کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان لە پرۆژەیەکدا بە ماوەی حەوت رۆژ و رۆژانە 30 تەن بەرهەمی تەماتەی جوتیاران لە پارێزگای دهۆک دەکڕێتەوە و پاشان بەسەر یاواره و پەنابەرانی کەمپەکان دابەشی دەکات.

سێشەممەی رابردوو، 2020-07-07 دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە پارێزگای دهۆک، پرۆژەی کڕینی بەرهەمی تەماتەی جوتیارانی راگەیاند، ئەمەش پاش ئەوەی زۆربەی بەرهەمی جوتیاران لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا ساغ نەبوونەوە.

عەبدولواحید ئەمین، بەرپرسی نووسینگەی دهۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەوبارەوە دەڵێ: ئەم پرۆژەیە لە ناوچەکانی دهۆک، سیمێل، زاخۆ، ئاکرێ، شێخان و بەردەڕەش جێبەجێ دەکرێت و کۆی گشتی بودجەی پرۆژەکە 650 ملیۆن دینارە.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە رابردووشدا پرۆژەی تایبەتی پێشکەشی جوتیاران لە هەرێمی کوردستان کردووە کە تیایدا ئامێری کشتوکاڵی و خولی بەکارهێنانی ئامێرەکانی بۆ جوتیاران کردووەتەوە، هەروەها هاوکاری جوتیارانی کردووە لە کێڵان و دوورینەوەی بەرهەمی ساڵانەیاندا.

دەرمانەکە رووسییە و لەلایەن کۆمپانیایەکی هەرێمی کوردستان بەرهەمهێندراوە

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دەست دەکرێت بە بەکارهێنانی دەرمانی کۆرۆنا



بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە، ئەو دەرمانە ڕووسییەی کە لەلایەن کۆمپانیایەکی هەرێمی کوردستان بەرهەمهێندراوە، بۆ تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەکاربهێندرێت. دەرمانەکە، حەبی Favipiravir ی 200 ملیگراممییە کە کۆمپانیاییەکی ڕووسی بەرهەمیهێناوە و دواتر وەزارەتی تەندروستیی عێراق پەسەندی کردووە و لەئێستادا کۆمپانیایەکی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری پسپۆڕانی ڕووسیا بەرهەمی دەهێنێت.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، محەمەد قادر خۆشناو ڕایگەیاند کە دوای ئەوەی دەرمانە ڕووسییەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عێراقەوە پەسەند کرا، بڕیار وایە ئەمڕۆ دووشەممە، دەست بکرێت بە دابەشکردنی. محەمەد قادر خۆشناو لەبارەی دەرمانەکە و کاریگەری لەسەر تووشبووانی کۆرۆنا گوتی: بەپێی ئەو تۆژینەوە و هەڵسەنگاندنانەی لەسەر دەرمانەکە کراوە، دەرئەنجامی باشی هەبووە و کاریگەری هەبووە لەسەر تووشبووانی کۆرۆنا و ڕێژەی مردن کەم دەکاتەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیشی خستەڕوو کە ناکرێت بە وەرگرتنی ئەم دەرمانە، ڕێکارەکانی تەندروستیی فەرامۆش بکرێن و گوتی: مەترسی کۆرۆنا بەردەوامە و ناکرێت بە بەکارهێنانی ئەم دەرمانە، ڕێکار و ڕێنماییەکان فەرامۆش بکرێن و ئەگەر هاووڵاتییان پابەند نەبن ئەوا بە دڵنیاییەوە دۆخەکە خراپتر دەبێت و لە هەمانکاتدا فشارێکی زۆر لەسەر کەرتی تەندروستیی هەیە، هەر بەهۆی ئەم فشارەشەوە تا ئێستا 10 کارمەندی تەندروستیی بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.

هەولێر.. لێژنەکانی ڕاوێژکاری و بەرەنگار بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆبوونەوە



بەسەرپەرشتی د. دلۆڤان محەمەد فاتح جەلال، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، کۆبوونەوەی هەردوو (لێژنەی زانستی ڕاوێژکاری نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا COVID-19 و لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا) بەڕێوەچوو.

لەکۆبونەوەکەدا پێداچوونەوە بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە نێو هاووڵاتیان و بازاڕەکاندا کرایەوە و هەردەوە گرتنەبەر و ڕێگریکردنی ئەو شوێنانەی کە زۆرترین بەرکەوتەی دەبێت و دەبێتە هۆی مەترسی لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

پاشان تاوتوێی چۆنییەتی چارەسەری لەنێو سەنتەرەکانی چارەسەری ڤایرۆسی کۆرۆنا و زیادکردنی چاودێر وەکو ئامادەکاری لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە لە سنووری شاری هەولێر کرایەوە.

هەروەها باس لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی خزمەتگوزاری پزیشکی تەندروستی لە کەرەنتینکردن و گشت ئەو ڕێکارانە کرا کە لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا گرتویە بە ر .

هەریر.. کارگەی دۆشاوی تەماتە دەستی بە وەرگرتنی تەماتەی جووتیاران کرد



بەڕێوەبەری کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر ڕای گەیاند بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی جووتیاران دەست بە وەرگرتنی تەماتە لە جووتیاران دەکەین کە ئێستا وەرزی پێگەیشتنیەتی لە هەرێمی کوردستان و بازاڕێکی ئەوتۆشی نییە.

لوقمان حەسەن بەڕێوەبەری کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر ڕایگەیاند: ئێستا وەرزی پێگەیشتنی تەماتەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەرهەمی جووتیاران لە پێداویستی ناوخۆیی زیاترە و هیچ بازاڕێکی دیکەش نییە بۆ ساغکردنەوەی ئەو بڕە زۆرە، بۆیە وەکوو پاڵپشتییەك بۆ جووتیارانی سنووری پارێزگای هەولێر لە ئەمڕۆوە دەست دەکەین بە وەرگرتنی بەروبومی تەماتە .

ڕاشیگەیاند: هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ بەکارخستنەوەی کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر، بەڵام لانیکەم مانگێکی دیکە پێویستە بۆ ئەوەی بخرێتەوە کار و بتوانێت بەرهەمی هەبێت، بەڵام ئێمە وەکوو پاڵپشتی جووتیاران لە ئەمڕۆوە بەرهەمەکانیان لێ وەردەگرین و کۆگای دەکەین، تا ئەوکاتەی کارگەکە بەتەواوی دەکەوێتەوە کار .

بەڕێوەبەری کارگەی ئاوی تەماتەی هەریر ڕوونیشی کردەوە: ئێستا تەماتە لە بازاڕ نرخێکی کەم دەکات، بەڵام ئێمە بە زیاتر لە نرخی بازاڕ تەماتە لە جووتیاران وەردەگرین و بۆ هەر کیلۆیەك تەماتە 200 دیناریان پێ دەدەین، بۆ ئەوەی جووتیاران زەرەرمەند نەبن و بتوانن لە پیشەکەیان بەردەوامبن .

لوقمان حەسەن ئەوەشی خستەڕوو: کارگەکە جگە لە دروستکرنی دۆشاوی تەماتە دەتوانێت بەشی تازەشی بۆ زیاد بکرێت و لەوانەش ترشیی تەماتە و شەربەتی تەماتە و چەندین گیراوەی دیکە، کە ئەمەش لە قازانجی جووتیاراندایە .

سۆپاس و پێزانین

بەهۆی هاوخەمی و بەشداری کردنتان لە ناشتن و پە یوەندیتان لە کاتی پرسەی دایکی خوالێخۆشبومان بە ناوی بنەماڵەکەمان و خزمانەوە سۆپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەریەک لە :

بەڕێز جەنابی سەرۆک (مەسعود بارزانی) کە لە ڕێگای کاک (سیداد بارزانی) بەپەیوەندی تەلەفۆنی پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی گەیاندە بنەماڵەکەمان .

سۆپاس و پێزانین بۆ بەڕێز کاک (نێچیروان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای کاک (یوسف بارزانی) بە پەیوەندی تەلەفۆنی پرسەو سەرە خۆشی و هاوخەمی گەیاندە بنەماڵەکەمان .

سۆپاس و پێزانین بۆ بەڕێز کاک (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێزیان بە پەیوەندی تەلەفۆنی پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی بو بنەماڵەکەمان دەربڕی.

سۆپاس و پێزانین بۆ بەڕێز کاک (فازڵ میرانی) سکرتێری مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی کاک ئازاد بەرواری ، کاک کریم سنجاری ، کاک مەحمود مەحمەد ، کاک کاکەمین نەجار ، کاک جعفر ئیمێنکی ، کاک ڕێبوار یەڵدا ، بە پەیوەندی تەلەفۆنی هاوخەمی و سەرەخۆشی مەکتەبی سیاسی و خۆیان گەیاندە بنەماڵەکەمان.

سۆپاس و پێزانین بۆ بڕای گەورەمان کاک (زەعیم عەلی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیمان بەهاو خەمیەوە لە گەڵمان بوو.

سۆپاس و پێزانین بۆ: بەرپرسی ئەنجومەن و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیەکانی پارتیمان لە پارێزگاکانی (هەولێر ، سلێمانی و هەڵەبجە ، کەرکوک گەرمیان ، ئۆرگانەکانی حزبی لەسنوری پارێزگای دهۆک کە ئەوانەی پەیوەندیان پێوەکردوین .

سۆپاس و پێزانین بۆ ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتیمان کەبە بەشداری کردن لە کاتی ڕێوڕەسمی ناشتن یاخود بەتەلەفون پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆیان گەیاندە بنەماڵەکەمان .

سۆپاس و پێزانین بۆ: بەڕێز بەرپرسی دەزگای ئاژانسی پاراستن و زانیاری / پاراستن و کادیرانیان ، دەزگای ناسایش تەواوی ئەفسەرو کارمەندان هەروەها بەڕێوەبەر و جێگر و کادیرانی پاراستنی هەولێر بەڕێز .

سۆپاس و پێزانین بۆ بەرپرس وهەڤاڵانی نووسینگەی حزبی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی_بەڕێز.

بەرپرس و هەڤاڵانی نوسینگەی حزبی کاک مسرور بارزانی _بەڕێز ،

سۆپاس و پێزانین بۆ بەڕێز مامۆستا ئەحمد کانی بەرپرسی لقی دوو و هەڤاڵانی کارگێر و بەرپرس و هەیئەتی لێژنە ناوچەکان و بەرپرس و هەیئەتی لێژنەی ڕێکخراوەکان و بەرپرسی بنکەکان وکادیرانی سنوری لقی دوو لە گەڵمان بون و هاوخەمان بون .

سۆپاس و پێزانین بۆ بەرپرس و کارگێرەکان و بەرپرسی لێژنە ناوچەکان و کادیرانی لقەکانی (٣، ٤ ، ٥ ، ٨، ٩ ،١٠، ١١، ١٢ ، ١٥ ، ١٦ ، ١٧، ٢٢، ٢٣، ٢٤ ، ٢٦) و بەر پرس و هەڤاڵانی دەستەو مەکتەبە ناوندیەکان و سەرجەم ئۆرگانەکانی پارتیمان کە ئەوانەی پەیوەندیان پێیانەوە کردوە و یاخود بە بروسکە و ناردنی نامە پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمیان بە بنەماڵەکەمان گەیاندوە.

سۆپاس و پێزانین بۆ فەرماندەی لەشکری کوردستان وبەرپرسی یەکەی ٨٠. (فەلەك) فەرماندەییەکانی پیشمەرگە و فەرماندەی زێرەڤانی و ئەفسەرو برا پێشمەرگە وهێزەکانی ناوەخۆ ، قیادەی پاسەوانی سنور و گشت ئەو بەڕێزانەی پەیوەندیان پێوەکردین.

سۆپاس و پێزانیان بۆ بەڕێزان: بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی پەرلەمانی عیراق کە پەیوەندیان کردوە.

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی فراکسیونی زەرد و ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کوردستان کەپەیوەندیان کردوە.

بەڕێزان ڕاوێژکاران لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز نوینەرێ حکومەتی هەریمی کوردستان لە یەکیتی ئەورووپا.

سۆپاس و پێزانین بۆ: بەڕێزان وەزیر و پارێزگارەکانی شاری هەولێر و شاری دهۆک ، سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەرین و سەرۆکی دەستەکان و بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتیەکان وفەرمانگەو گشت یەکە ئیداریەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان و فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەسنوری پاریزگای هەولێر کە پەیوەندیان پێوەکردین.

سۆپاس و پێزانین بۆ: بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئەو ئەندام ئەنجومەنانەی بە پەیوەندی و نامە و هاوخەمیان گەیاندیە.

بەڕێز سەرۆکی لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسڵامی کوردستان لەئەنجومەنی پاریزگای هەولێر.

سۆپاس و پێزانین: بۆ مامۆستایانی قەدرگرانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کەسایەتیە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان لە ئاین و ئایین زاکان ، مامۆستایانی زانکۆ و مامۆستای پەروەردەیی، هەروەها ڕیش سپی و شێخانی تەریقەت و تەکیەو خانەقاکان و هۆزەکان و ئەو بەڕێزو خۆشەویستانەی لە شارەکانی تری کوردستان و دۆست و خۆشەویستان لە دەرەوەی وڵات و خەڵکی دڵسۆز و بە ئەمەکی شاری هەولێر لە خانەوادەکانی هەولێر و هەو لێریەکان بە دەشت و دەروبەریەوە بە پێکهاتە نەتەوەییەکان و بە سەرجەم چین و توێژەکانیەوە ، بەتایبەتی کاسب کار و دوکاندارو پیشەوەر و دەستگیرو هەژار و کەم دەرامەت و ئەوانەی لە کاتی ناشتنی دایکی ڕەحمەتیمان بەشدار بون و بە پەیوەندی و بە هاو خەمیەوە لە گەڵمان بون .

سۆپاس و پێزانین بۆ : سەرۆکی پارت و سەرکردایەتیەکانی هێزو لایەنە سیاسییەکان و سەرکردەو کە سایەتی و سیاسی و تێکۆشەر و پێشمەرگە دێرینەکان و بنەماڵەی شەهیدان و پیشمەرگەکانی ئەیلول وگۆڵان ،لە هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان و هۆزو کەسایەتیەکانی عیراق ، قونسلگەریەکان و ڕێکخراوەکانی بیانی و یەکیتی لاوانی سیاسی جیهانی ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و حکومی و ناحکومیەکان و دەستە و یەکێتیەکان و سەندیکا و کومەڵەو سەنتەر و نوسەران و ئەدیب و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ڕاگەیاندکاران و وەرزشکاران و پارێزەران و مافپەروەران و ئەندازیاران لاوان و قوتابیان و ئافرەتان ،ئەوانەی پەیوەندیان پێوەکردین. سوپاس و پێزانین بۆ ئەو بەڕێزانەی لە ڕێگای سۆشیال میدیا و سایت و پەیج و هەڤاڵ و برایانمان لە ئاژانسی هەواڵ و گروپەکانی pdk لە وەتس ئاپ و ڤایبەر و تیلگرام و یوتوب و ڕۆژنامەی هەولێر کە بە پۆست و کۆمێنت و نامەی هاو خەمی و سەرە خۆشی خۆیان ڕاگەیاند.. سوپاس بۆ دوست و برادەرانمان وخزمانی نانەکەلی لەگەڵمان بون لەخەمەکانیان کەم کردینەوە.

لە کۆتایی :

بە کۆچی دوایی لەدەستدانی دایکمان (حاجیە زولێخا عبدالمجید زێدبەگی) تیکۆشەر و دایکە شەهید، کۆستێك و کەلەنێکی دیارە ، بەتایبەتی لەم بارودۆخە کە بۆ جێبەجێکردنی بریاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێنمایەکانی وەزارەتی تەندروستی ، نەمان توانی پرسەی بۆ دابنێین ، بەڵام بەبەشدار بونتان لەناشتن و پەیام و پرسەنامەکانتان و پەیوەندیەکانتان دڵنەوایتان کردین و باری گرانی ئیمەتان ئاسان کرد دووبارە سوپاستان دەکەین ، منەتباری هەموتانین ، خودای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوەو مردووی ئێوەش و ڕەحمەتی دایکمان بە بەهەشت شاد بکات.

(إنا لله وإنا إليه راجعون)

بنەماڵەی خوالێخۆشبێت
(فاروق حەسەن نانەکەلی)
١٢ی تەممووزی٢٠٢٠



سایادی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

کابینەی نۆیەم سایەک پڕ لە دەستکەوت





خەبات:تریفە ئازاد

ئەوە سایەک بەسەر تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێپەڕی،بێشک هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و ڕێکخستنی ئەرک و فەرمانی دەزگاکانی حکوومەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین و نەهێشتنی زادەڕۆیی لە سێکتەری ئاو و کارەبا و موڵکی گشتی و...هتد. ئەمانە دەسپێکی کاروچالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوون لە یەکەم سایەی تەمەنیدا. لێرە لە چەند دێڕێکدا دەخوازین ڕاو بۆچوونی چاودێر و شارەزایان بخەینەروو دەربارەی ئەدا و کارو چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.



سارا دڵشاد:

کابینەی نۆیەم جەختی کردەوە لەسەر کۆتایی هێنان بە گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی سەرەرای بوونی چەندین ئاستەنگ.

کابینەی نۆیەم هەمیشە ڕۆڵێ هەبووە لە پێداگیری مافی پێکهاتەکان

سارا دڵشاد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی گەشە پێدانی تورکمانی لە لیستێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە بارەی گرینگی دانی کابینەی نۆیەم بە پێکهاتەکان و پاراستنی مافەکانی پێکهاتەکان گوتی: سایلێك تێدەپەڕێت بەسەر کابینەی نۆیە می حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسروربارزانی.لە گەڵ دەست بە کاربوونی هێلە گشتە کانی بەرنامەی کاری کابینەی ڕاگەیاند جە ختی کردەوەلەسەر کۆتایی هێنان بە گەندەڵی وە ئەنجامدانی چاکسازی سەرەرای بوونی چەندین ئاستەنگ لە قەیرانی دارایی وتەندروستی .داوای ئەوە پڕۆژە یاسای چاکسازی لە ئەنجومەنی وەزیرانە وە نێردراوە پەرلە مان بە دە نگی 89 پەلەمانتار پە سە ند کرا وخراوە بواری جێبە جێ کردن،بێگومان تیمی حکومەت بە سەرۆکایەتی بە ڕێز مسرور بارزانی بە تین وگوڕێکی زۆرەوە بەردەوام دە بن بۆ بنبرکردنی گە ندەڵی لە هەمو سێکتەرەکان.جێبە جێ کردنی ئە جندای کارنامە کەی کابینەی بە تایبەت پڕۆژەی چاکسازی ئومێدی داخوازی زۆربەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە جێگایی دەست خۆشییە هەنگاوەکانی باشی بریوە.وە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری حکومەت کاردە کات بۆباشترکردنی کەرتی تە ندروستی گشتی دەکات هەوڵی جێگیر کردنی سیستە می دڵنیایی تە ندروستی بە پێ پێوەری گونجاوبۆ دۆخی هە ڕێمی کوردستان. کابینەی نۆیەم هە میشە ڕۆڵێ هەبووە لە پێداگیری مافی پێکهاتە کان وە پێدانی پۆستی وزاری وە چە ندین پۆستی تر،وە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە بە ئازادی و ئارامی ژیان بەسەر دەبەن.

جێبەجێکردن یاساى چاکسازى لە کابینەى نۆیەم ئومێدێکى زیاتر بۆ هاوڵاتیانى هەرێمى کوردستان دروست بووە

کامەران ڕەحمان نووسەر و چاودێرى سیاسى لە لێدوانێکى تایبەت بۆ ڕۆژنامەى خەبات گوتى: «کابینەى نۆیەم تەواو کەر و درێژە پێدەرى سیاسەتى حکومەتى هەرێمى کوردستانە لە کابینەکانى ڕابردوو . هەر لە داواکارى مافە نەتەوەییەکانى هەرێمى کوردستان لە دەستوورى عیراقى فیدراڵیدا تا دابینکردنى ئارامى و ئاسایش و پڕۆژە و کارە خزمەتگوزارییەکان . بەڵام کابینەى نۆیەم بە دیدێکى هاوچەرخ و پێشکەوتوو و سەردەمیانە هاتە مەیدانەکە تا بتوانێت وەڵامدەرەوەى داخوازى و دواکارییەکانى خەڵکى کوردستان بێت و لە لایەکى تریش لە بەرامبەر کێشە و گرفت و قەیرانەکانیش بەردەوام و خۆڕاگربێت و بوونى کاك مەسرور بارزانى وەك سەرۆکى کابینەکە لە ماوەى سااڵى ڕابردوودا کە بەڕێزیان کەسایەتییەکى لێهاتوو و کارێزمایى هەیە لە بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبوونەوەى کێشە و گرفتەکان کە ئەمەش ڕۆڵێکى سەرەکییە بۆ بەردەوامى و سەرکەوتنى کابینەکە . ئەمەش واى کردووە کە ژینگەیەکى وا دروست ببێت تا گیانى برایەتى و بەیەکەوەبوون و یەکگرتوویى کابینەکە وەك یەك تیم ببێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتن و بەردەوامى کابینەکە کە بە شێوەیەك توانیویانە کارەکان لە باش بۆ باشتر ببەن و وەزیرەکان خۆیان بە وەزیرى خەڵك و حکومەت بزانن و دوور بن لە سیاسەتى لابەلا و سێبەرى حزبەکان . لە بەرامبەر بەغداش سیاسەتێکى ژیرانەى گرتۆتە بەر بەشێوەیەکى وا دانوستاندن دەکات کە هیچ بیانوویەکى بۆ لایەنى بەرامبەر نەهێشتۆتەوە تا ڕێگربێت لە جێبەجێکردنى مافە دەستوورییەکانى هەرێمى کوردستان و توانى پلانێکى زۆر سەرکەووتوانە دابنێت لە بەرامبەر ڕوو بە ڕوو بوونەوەى پەتاى ڤایرۆسى کۆرۆنا و ڕێگریەکانى بەغدا لە پیلانى بڕینى شایستە داراییەکانى هەرێمى سەرکەووتوانەى هەبووە کە توانى بە داهاتى ناوەخۆ ئەو پڕۆژانە بخاتەوە کار کە لەبەر قەیرانى دارایى وەستابوون بە شێوەیەك کە زۆربەى پڕۆژە وەستاوەکان تەواو بکات بە تایبەتى پڕۆژەکانى ڕێگاو بان کە ئەمەش هەڵى کار و بووژانەوەى ئابووری لە هەرێمى کوردستان تا ڕادەیەکى زۆر باشتر کرد . ئەوە جگە لەو ئارامى و ئاسایشەى کە هەموومان شانازى پێوە دەکەین بۆیە هەر لەیەکەم ڕۆژى دەست بەکاربوونى کابینەى نۆیەم مایەى دڵ خۆشى زۆرینەى خەڵکى کوردستان بووە و لە دواى سااڵێك خزمەتکردن ئەگەر بڵاوبوونەوەى ڤایرۆسى کۆرۆنا و ڕێگریەکانى بەغدا لە پیلانى بڕینى شایستە داراییەکانى هەرێمى بەرنامەى چاکسازى لەم مانگەدا چووە بوارى جێبەجێکردن ئومێدێکى زیاتر بۆ هاوڵاتیانى هەرێمى کوردستان دروست بووە بەم حکومەتە کە چارەسەرى کێشە و گرفتەکان بکات بە تایبەتى لە بابەتى گەندەڵى و سەروەرى یاسا و مووچە . بۆیە لە دواى سااڵێك وێراى دەست خۆشى و سوپاس گوزاریمان بۆ کابینەى نۆیەم ئاوات دەخوازین ئەم کابینەیە بەردەوام بیت چونکە بەرنامە و پڕۆژە و سیاسەتەکانى لە توانایدا هەیە ڕووبەڕووى قەیرانەکان ببێتەوە و چارەسەرى کێشەکان بکات.

هەرێم جەعفەر شارەزا لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان لە بارەى گرینگیدانى دەوڵەتان بە کابینەى نۆیەمى حکومەتى هەرێمى کوردستان لە لێدوانێکى تایبەت بۆ ڕۆژنامەى خەبات گوتى: بەهۆى ڕووداوەکانى دواى ریفراندۆم و ١٦ى ئۆکتۆبەر، فشارێکى زۆر خرایە سەر قەوارەى هەرێمى کوردستان، بۆیە کابینەى ٩ پێویستى بە دووبارە بونیادنانەوەى پەیوەندییەکانى بوو لەگەڵ بەغدا، وڵاتانى درواسێ و دەرەوە. لەمەش، کابینەى ٩، توانى سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و وەکو کارنامەکەى، حکومەتى هەرێم بەهێزتر بکاتەوە. ئەمەش وایکرد، لە باسکردنى داهاتووى عیراق لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، هەمیشە ناوى حکومەتى هەرێم بەشێك بێت لە دانووستانەکان، تەنانەت حکومەتى ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاشکرا دەڵێن، ئەوان عێراقێکیان دەوێت کە مافەکانى حکومەتى هەرێم بەگوێرەى دەستوور دابین بکات جیا لەوەش، مەسرور بارزانى وەك سەرۆکى حکومەتى هەرێمى کوردستان توانى لە ماوەیەکى کەمدا، کۆبوونەوەى باڵا لەگەڵ ئەمەریکا، فەرەنسا، تورکیا و چەند وڵاتێکى ئەوروپى بکات و لە نزیکەوە پەیوەندییەکانى حکومەت هەرێم بەهێزتر بکاتەوە. ڕوانگەى نێودەوڵەتى بۆ کابینەى نۆیەم زۆر باشە، چونکە ئەوان جەخت لەسەر دوو خاڵ دەکەنەوە، ڕێگریکردنى لە دووبارە تەشەنەسەندنى داعش و گروپە تووندڕەوەکان، هەروەها باشترکردنى پەیوەندى نێوان هەرێم و بەغدا، کە حکومەت وەك بەشێك کارنامەکەى بە جددى کارى بۆ ئەم خاڵە کردووە و تاوەکو ئێستاش هەنگاوى باشى بۆ زیاتر دابینکردنى ئاسایش و ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا ناوە هەروەها توانیویەتى، هاوسەنگى لە نێوان عێراق، وڵاتانى دراوسێ و وڵاتانى دەرەوە ڕابگرێت، کە ئەمە گرنگى زۆرى بۆ پێگەى هەرێم هەیە، تانانەت ئێستا کە جەنگى پارتى کرێکارانى کوردستان و حکومەتى تورکیا، حکومەتى هەرێمى خستووەتە ناو دووڕیانێکى ئاڵۆزەوە ئێمە چونکە خاوەنى دەوڵەتێکى سەربەخۆ نین، دروستکردنى پەیوەندى بەهێز لەگەڵ وڵاتان کارێکى سەختە، چونکە دواجار ڕەنگە حکومەتى ناوەندى ڕێگا بە زۆر بەهێزبوونى حکومەتى هەرێم نەدات، بەڵام سەرەڕاى ئەمە و کێشە سنووریەکان،



کامەران ڕەحمان:

کابینەى نۆیەم سیاسەتێکى ژیرانەى گرتۆتە بەر بەشێوەیەکى وا دانوستاندن دەکات کە هیچ بیانوویەکى بۆ لایەنى بەرامبەر نەهێشتۆتەوە.

کوردستان بەردەوامى نەبووایە ئەوا بێگومان بەرنامەى کارى حکومەتى هەرێمى کوردستان لە کابینەى نۆیەم لە توانای دابوو گۆڕانکارییەکى جۆرى لە هەموو بوارەکانى ژیان بکات لە هەرێمى کوردستان . ئێستاش کە



هەرێم جەعفەر:

حکوومەتى هەرێمى کوردستان توانیویەتى کارى باش بۆ پەیوەندییەکانى دەرەوەى هەرێم بکات.

حکومەت بەردەوامە لە کارەکانى بۆ بەهێزترکردنى قەوارەى هەرێم بۆیە بەشێوەیەکى گشتى، حکومەتى هەرێمى کوردستان توانیویەتى کارى باش بۆ پەیوەندییەکانى دەرەوەى هەرێم بکات ئەمەش سوودى ئابوورى و ئەمنى هەبووە.

لە یادی 77مین ساڵوەگەڕی شۆڕشی دووەمی بارزان(1943-1945) بە سەرۆکایەتی رابەری کورد بارزانیی نەمر



ئامۆژگارییەکانی شێخ ئەحمەد بارزانی بۆ مستەفا بارزانی لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا:

«لەکاتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ خەڵك، ئاگاداری حەق و ڕاستی بە. هەرگیز لەخۆ بایی بوون نەچێتە دڵتەوە، هەتا دڵنیا نەبی لە سەرکەوتن، چەندی بۆت دەکرێ خۆت لە شەڕ بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستی دوژمن، دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە».



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

لە کاروانی بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکەماندا چەندین شۆڕش و وێستگەی گرنگ هەن کە پێویستە بەردەوام بە زیندوویی رابگیرێن. شۆڕشی دووەمی بارزان (1943-1945) بە سەرۆکایەتی رابەری کورد بارزانیی نەمر یەکێکە لەو شۆڕشە نیشتیمانیانەی کە لەو قۆناغەدا ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبوە.

سەرەڕای بارزانی لە کتێبی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەنووسێ: لە کاتی شەڕ دوورخستنەوەی بارزانییەکان بۆ سلێمانی دەستی پێ کرا، ساڵی 1940 لە ناسیەوە هاتنە ڕاگوازتران. سلێمانی لەو سەردەمەدا مەڵبەندی چالاکی و هەڵسووڕانی کۆمەڵە و کورد کەسانی سیاسی بوو. ئەمەش دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ بارزانی تا پەیوەندی بەوانەوە بکات و بیرووڕا ئالۆگۆڕ بکەن. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی بە ناوچەی بارزانیەوە بکات. وەکو دەرکەوت ژمارەیەکی زۆریان لە ناو چیایەکاندا جێی خۆیان کردەبوو و هەندێکیان چووبوونەوە ریزی پۆلیس و بەسەر پۆلیسخانەکاندا دابەش کرابوون، جگە لەوەی ژمارەیەکیان لە دەست تەنگ پێ هەڵچنینی پۆلیس و حکومەت پەنایان بردبووە ئێران. لە پاش کۆمەڵێ پەیوەندی کە هەتا ساڵی 1943 درێژەیان کێشا، بارزانی دڵنیا بوو کە دۆخەکە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش سازە. چونکە ناوچەکە کە لەجۆشدا بوو و خەڵك لە دەستدرێژیی حکومەت و هێزی پولیس وەرز بووبوون و چاوەڕوانی ڕۆژی رزگاری بوون. لە لایەکی تریشەوە شەڕی جیهانی هەموو هۆشی بەریتانیا تەنیبوو، بۆی نەدەکرا لە کێشەی شەڕەوە خۆی بە کێشەیەکی وا بچووکەوە خەریك بکات. ئەوەی لە ناوچەکەدا کەم بێ سەرکردەیەك بوو پێشکێشی جەماوەربێ. دوای ئەوەی ئەم بابەتە لە گەڵ کۆمەڵەی هیوا و ژمارەیەك لە کەسانی نیشتمانیی کورد ئالۆگۆڕ کرا. بۆ ئەم مەبەستە بارزانی لە مانگی ئایاری 1943 بە یارمەتی ئەمدامانی کۆمەڵەی هیوا و کوردانی نیشتمانپەروەری سلێمانی توانی سلێمانی بەجێهێڵێت و لەگەڵ دوو کەس بە ناوەکانی مستەفا عەبدوڵڵا ئاکرەیی و سلێمان سور بگەیەنێتە سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارەوەریەوە بارزانی بەخۆی دەڵێت:(کاتێك کەماڵئاوایم کردن لە شێخ ئەحمەد، داوام لێکردکە هەندی ئامۆژگاری پێویستم بکا، فەرمووی: لەکاتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ خەڵك، ئاگاداری حەق و ڕاستی بە. هەرگیز لەخۆ بایی بوون نەچێتە دڵتەوە. هەتا دڵنیا نەبی لە سەرکەوتن و هەتا بۆت دەکرد خۆت لە لێکدان لەگەڵ حکومەت بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستیان دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە). بارزانی شاری سلێمانی بەجێهێشت و بەبەرگی مەلایەتییەوە چوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش هەفتەیەك گەیشتە ناوچەی مەهاباد.

• لە قەزای سۆران سەردانی هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام (لاوکۆ مامەند مەسیح) کرد کە لە بیرەوەرییەکانی دا باسی ئەوکاتانە دەکات کە بارزانیی نەمر بەجلوبەرگی مەلایەتی لەگەڵ 2 هەڤاڵی دەچنە ماڵیان:

دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە 12/7/1943 لە سلێمانی لەگەڵ دوو هەڤاڵێ قارەمان مستەفا گۆدۆ و سلێمان سۆرە کە هاتنە ناو خاکی ئێران و ئەو کات ماڵی باوکم مامەند مەسیح و هەڤاڵانی وەکو حەسەن ئەحمەد ناز و محەمەد محەمەدئەمین، میرزاغا ڕەشۆ، محەمەد عیسا، ئەحمەدئاغا بۆکر، هەندێکی تری لە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر لە گوندی شنۆ و نغەدە نێشتەجێبوون، ئێمەش لە بەر ڕۆژێمی دیکتاتۆری عێراق ئاوارەیی ئێران بووین .هەر لە دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لەگەڵ هەڤاڵانی تر بەناوەکانی سلێمان سۆر و مستەفا گۆدۆ کە هەردووکیان ئاکرەیی بوون، لە سلێمانی گەڕانەوە، پاش چەندین ڕۆژ گەیشتنە ناوچەکانی مەهاباد و لەوێشدا هاتنە گوندی ئاخ زێوەی نزیك نغەدە بە هۆی ناعەدالەتی ڕژێمی دیکتاتۆری ئێراق ئاوارەی ئێران بوون و بۆ ماوەی چەند ساڵ بوو لەم شارانە نێشتەجێبووین و هەر لە یادمە کاتیك بارزانیی نەمر 3 هەڤاڵی دیکەی لە گەڵ دا بوون و ئێمە کۆمەلێك لاو و گەنج و منداڵ بووین لە لە سەر ڕووبارەبووین ، من ئەو کات بارزانیی نەمر و هەڤاڵانیم نەناسیەوە، دواتر بارزانیی نەمر لە ناو هەموو منداڵ و لاودا بە منی فەرموو: کە تۆ کوڕی مامەند مەسیح ی؟ منیش پێم گوت: بەڵێ، دواتر داوای لە من کرد لەگەڵیان بڕۆم و ماڵی خۆمانی پێ نیشان بدەم، کاتێك کە گەیشتمە بەردەرگای ماڵ دایکم نانی دروست دەکردو بە دایکم گوت کە پیاوێکی ئایینی لەگەڵ 3 پیاو هاتووەتە ماڵێ و داوا دەکات کە باوکم ببینێ، بەڵام دایکیشم بارزانیی نەمری نەناسی، بەڵام بە عادەتی کوردەواری زۆر بە خێر هاتنی ئەوانی کرد و دواتر ئەوانیان بردنە دیوخانەی بچوکی ماڵ و نانی لە پێش دانان و من خزمەتی وانم کرد، تا دواتر باوکم هاتە لای ئەوان، کە بە باوکم گوت: من مەلایەکم هێناوە بۆ لای جەنابت، ئەو کات باوکم نەیدەتوانی کوردی کوردستانی عێراقی لە لای خۆی ڕابگرێت، چونکە دوژمنی هەبوو. بارزانیی نەمر کە زانی باوکم نەیناسیوە، بە دەنگێکی بەرز بانگی باوکم دەکات پێی فەرموو: مامەند تۆ من ناناسی؟ باوکم پێی گوت: ئەم دەنگە بۆ من زۆر ئاشنایە و من ئەوم دیوە، لە لای خوای گەورە زۆر ئاسانە ئەو بێت، وەکو تریش دووڕە .. دواتر بارزانیی نەمر پێی فەرموو: چۆن؟،باوکم پێی گوت: زۆر دووڕە ئەوەی کە من بیری لێدەکەمەوە، چونکە بارزانی چەندین ساڵە لە بەر ئەوەی داوای مافی نەتەوەی کوردی دەکرد نەفی کراوە و لە دەڤەری سلێمانییە، لە لای خواش لەوانەیە ئەو بێت. ئەو کات بارزانیی نەمر پێی فەرموو: خوای گەورە ئەو کەرەمەی لەگەڵ جەنابتان کردووە و من ئەوم کە تۆ دەیڵێی، پاشان باوکم کە زانی ئەوە بەڕاستی بارزانیی نەمرە خۆی دایە عەرد و دەستی بە گریان کرد و منیش چوومە دەرەوە و بە دایکم گوت دایە ئەوانە یەکتریان ناسی، دواتر لەو کاتەدا ئەو سەرکردە و قارەمانەی کە هەموو کات باوکم باسی دەکرد من ناسیم. من لەو کات دا هەر لەگەڵ بارزانیی نەمردابووم لە هەمان تەمەنی لاویەتی دا بوومە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان، دواتر باوکم بە بارزانیی نەمری گوت: کە چیتان دەوێت لە من، بارزانیی نەمر پێی فەرموو: ئێمە دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق و کێ لێرەیە، باوکم پێ گوت کە میرزاغا ڕەشۆ، حەسەن ئەحمەد ناز، حەمەدئەین، ئەحمەد ئاغا بۆکرانی، محەمەد عیسا، سالح بوریە، و عەولا بوریە کە کۆمەلێکی مرۆڤی باشن کە دواتر هەموویان ئامادەیی خۆیان پێشان دا لە هەمو ڕوبەك لەگەڵیدابن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕەوای کورد و کوردستان، تاکو هەموویان لەگەڵ بارزانیی نەمر هاتنەوە دەڤەری بارزان. بارزانیی نەمر دەڤەری بارزان کردە شوێنی دامەزراندنی بزاڤی شۆڕشێکی کوردپەروەرانە کە دژی داگیرکەران بوو ،خەڵکی دەڤەری بارزان بە هەمو گوند و ناوچەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕی و شەڕی گیانفیدایان کرد بۆ کورداپەتی و پاشان بارزانیی نەمر پەیوەندی بە هەمو سەرۆك هۆزەکانی کورد و کەسایەتیە دڵسۆزەکان کرد، هەر لە دهۆك و زاخۆوە بگرە تا ئاکرێ و شەقڵاوە و پشدەر و ناوچەکانی تری کوردستان بەڵێنیان بە بارزانیی نەمر دا پاڵپشتی لە مافەکانی گەلەکەیان بکەن.

ئەمڕۆ لەکاتێك یادی 77مین ساڵوەگەڕی سەربەرزانەی گەڕانەوە بارزانیی نەمر بۆ دەڤەری بارزان و دەستپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان(1945-1943) کە باوکی کورد هەمیشە بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان خەباتی کردووە لە شۆڕشەکانی یەك بە دوای یەك ڕۆڵی هەبووە،دوای کۆچی ڕابەری کورد بارزانیی نەمر دیسان شۆڕش بەردەوام بوو و سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و سەرۆك مسعود بارزانی شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد کە درێژە پێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشەکانی پێشتر بووە کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و ئەمڕۆش جەنابی سەرۆك بارزانی کوڕی بارزانیی نەمر ڕابەری ڕۆحی کورد بۆ درێژەپێدەری ڕێبازی باوکی خەبات بۆکورایەتی دەکات و بۆیە دەبێ لەو یادە دا دەبێ هەموو ئەو دەسکەوتانە پارێزراوبێت.لەو یاد شکۆدارە، سڵاو بۆ گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر وکاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.



خیانەت و هێرش لەسەر ئاسایشی نیشتمانی

سامیە شێروانی*

ماوەیەکی زۆرە چەند دەنگێکی نەشاز دەیانەوێت جارێکی تر بانگەشەکانیان بۆ لەباربردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بخەنەگەڕ، لەم هەنگاوەشدا چەند ئامانجێکیان هەیە لەوانە سوودوەرگرتن لەنەیارانی کورد و دوژمنانی لەمێژینەی بزاڤی کوردایەتی، ئەوەی جێگەی ئامۆژە پێکردنە ئەم کەسانە پێویستە وەك تاوانبار لەدیدی ئاسایشی نیشتمانییەوە تەماشا بکرێن و لەڕێگەی یاساوە دادگایی بکرێن.

ئەوەمان لەیاد نەچێت خیانەتکارانی ناوخۆ بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان هەمیشە سوودیان لەجیۆپۆلەتیکی باشووری کوردستان بینیوە، چونکە هەرێمەکەمان لە چەقی ململانێیەکان و لە نێوان چوار وڵاتی داگیرکەردایە کە چاویان بەقەوارەی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت، ئەمەش وایکردووە خیانەتکارانی ناوخۆ بتوانن لەم ڕێگەیەوە سوود لەسۆزی دوژمنان وەربگرن و پشگیری لەم بوارەدا بەدەست بهێنن، بەتایبەتی لەدوای سەرکەوتنی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێم بەسەر داعشدا، نەیار و دوژمنانی کورد دەستیان بە کرینی خەڵکانی نەفس نزم کردووە، نەیارانی کورد زۆرباش دەزانن شڵەقاندنی باری کوردستان ئامانجی دوژمنی کوردە، بۆ بێ هێز بوون و دوورکەوتنی کورد لە خەون و هیوای سەدان ساڵەی لە سەربەخۆیی، بە تایبەتی کە دەرەنجامی ڕیفراندۆم ئەم خەون و هیوایەی کوردی بە زەقی هێنایە بەرچاوی هەموو جیهان.

خەونی دوژمنان:

دوژمنانی کورد ساڵانێکە خەون بە لەناوبردن و سڕینەوەی هەرێمی کوردستان دەبینن، بەتایبەتی سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم لەکارەکانی، هەنگاونان بەرەو چاکسازی و بەهێزکردنی پێکەی هەرێم لەسەر ئاستە جیاوازەکان وایکردووە نەیارانی کورد و خیانەتکارانی ناوخۆ هەموو هەوڵەکانیان لەم بوارەدا بخەنەگەڕ، بەتایبەتی سەرکەوتنی حکوومەتی کورستان لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەییدا تارادەیەکی باش جۆرە سەرکەوتنێکی بەدەست هێناوە، ئەمەش وایکردووە نەیارانمان هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە و بەچەند شێوازێك دوژمنایەتیی قەوارەکەمان بکەن.

بێگومان خیانەتکارانی ناوخۆ لەم نێوەندەدا سوودێکی باشیان لە شۆڤێنییەکانی بەغدا وەرگرتووە، بەتایەتی هەوڵەکانیان بۆ زیادکردنی ئالۆزییەکانی نێوان هەرێم و عێراق چڕکردۆتەوە، بەتایبەتی لە بەغدا هەندێك نوێنەری خیانەتکار لەمێژە خۆیان بەعەرەبە شۆڤێنییەکان ناساندووە و لەناوخۆش سۆران عومەر و هاوئاوازەکانی کەوتنە پەلامارادانی قەوارەی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان. کاتێك ئەمەش ڕوودەدات، دەچێتە قاڵبێکی دیاریکراوی خیانەت، چونکە لەنەخشەیەکی ئامادەکراو دەچێت کە لەنێو مەتبەخی سیاسییە شۆڤێنییەکاندا ئامادەکراوە و لەلایەن کۆمەلێك کوردی خۆفرۆشی نەزانیشەوە جێبەجێ دەکرێت.

سەرەتای هەوڵەکان:

باردۆخی ئێستای کوردستان نەخوازراوە، لە قەیرانێکی داریی و تەندروستیدایە، ئەمەش دەرەنجامی ئەو خیانەتە یەك لەدوای یەکانەیە کە بە کورد و کوردستان دەکرێت کە بووەتە هۆکاری نە ناردنی بودجە و موچە لە لایەن بەغداوە، کەسانێك!؟ لەسەرەتای ساڵی 2019وە هەوڵەکانیان بۆ دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، بەڵام ئەوەی هەڵەی ستراتیژی بوو ئەوە بوو کە ڕێگەیان پێدرا و لێپێچینەوەی یاساییان بەرامبەر نەکرا. ئیتر ئەوانیش تاوانبارانە سوودیان لەدۆخەکە وەرگرت، بەهۆی گرژی و نالەباری ڕەوشی عێراق توانییان بەشە بودجەی کوردستان ببڕن.

ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی:

بێگومان دۆسییەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی بریتین لە دۆسیەی ناوخۆیی هەر قەوارەیەك کە پەیوەستە بە دامەزراوەکان و سیستەمی سیاسی و سەقامگیری، ئەمە چەند دامەزراوەیەك دەگرێتەوە وەکو دۆسیەی ناوخۆ، دامەزراوەی ئاسایش و بەرگری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانست و تەکنەلۆجیا، پێکهاتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی حکوومی و غەیرە حکوومی، لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هەنگاوەکانی خۆفرۆشانی کورد لەڕێگەی جیاوازەوە هەرەشە لەئاسایشی نەتەوەیی دەکات، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم بەهۆی هەڵسوکەوتی ئەو چەند خۆفرۆشانە ڕووبەڕووی چەندین هاوکێشەی مەترسیدار و ئاڵۆز دەبێتەوە.

سۆشیال میدیا:

وەك لەپێشەوە باسم کرد هەرەشەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان لەئاستێکی زۆر مەترسیدار دایە، نەیارانمان لەم بوارەدا سوودێکی باشیان لە ئامێرەکانی سۆشیال میدیا بینیوە، تەنانەت بەبڕوای من لەم قۆناغەدا هەندێك لەدڕندەکان لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە مەترسییەکی گەورەیان بۆسەر قەوارەکەمان دروستکردووە، بۆیە ئەرکی هەموانە کە بەشێوەیەکی یاسایی ڕێگە لەم هەوڵانە بگرن، هەر لەبانگەشەکردن لەدژی حکوومەتی هەرێم و بەسیاسی کردنی کۆرۆنا تا دەگاتە بابەتی دیکە.

ڕۆڵی یاساناسان:

لێرەدا گلەیی لەخۆفرۆشان ناکەم، چونکە ئەوانە هەمیشە دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کۆمەلێك ئیمتیازات و قازانجی شەخسی(کەسی)یان دەست بکەوێت، بەڵام ئەوەی گرنگە و پێویست بە ئاماژە پێکردنە، ئایا تیمی یاساناسی خۆمان چی دەکەن؟!، ئەی لەناو پەرلەماندا لیژنەی یاسایی هەڵوێستیان چییە؟!، ئەوەی تووشی گلەیی دەبێت لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانە، چونکە پێویستە هەر زوو یاسایەك گەڵاڵە بکەن و ئەو کەسانە (بەیاسا) وەك تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر کەمێك ئاوڕ بۆ ڕابردوو بدەینەوە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بخەینەوە نێو زەینی خۆمان، دەبێت ئاگاداربین چ ستراتیجییەت و سیناریۆیەك لەلایەن خیانەتکاران و نەیاران ئامادە کراوە و بە تەواوی بیخوێنینەوە، نابێت تەنیا وەك بابەتێکی سادە سەیری ڕووداوەکان بکرێت، چونکە پێشتر کاتێك کەسانێك کەوتنە دژایەتیکردنی ریفراندۆم ، لەچوارچێوەی (نەخیر) دروشمیان بەرز دەکردەوە، ئەگەر بەیاسایەکی نیشتمانی دادگایی بکرابانایە هەرگیز کارەساتی وەك ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ڕووی نەدەدا، بەڵکوو ئەو تاوانبارانە دەبوونە عیبرەت و سزای میللەتیان وەردەگرت، یان هەرهیچ نەبێت دوای ئەو کارەساتە جەرگبڕە و خیانەتی هەندێك بەناو سیاسەتمەدارانی ناوخۆ داگیرکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێویست بوو بۆ هەتاهەتایە ڕێگری لەو کەسانە بکرێت و بەیاسایەك سزا بدرێن کە یاسای گەل بێت.

ئەوەی ئەمڕۆش ڕووەدات کەسانێك بانگەشەی لەناوبردنی هەرێمی کوردستان دەکەن بابەتێکی ئاسایی نیە، بەڵکوو دەرگایەکە بەڕەو زۆر ڕووداوی دیکە. بۆیە پێویستە لەڕێگەی یاسایەکی گەڵاڵەکراوەوە و بەشێوەیەکی یاسایی تاوانباران ڕاپێچی بەردەم دادگا بکرێن و قورسترین سزای گەل وەربگرن، چونکە هەنگاوەکانی ئەوان سەرەتا سووکایەتییە بەخۆینی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و ئەنفالکراوان و سەرجەم قوربانییەکان.

بۆیە ناکرێت ڕێگە بەکەسانێکی نەفس نزم بدرێت خەونی سەدان ساڵەی خەڵکی کوردستان لەبار بەرن، ئێستا تۆپەکە لەگۆڕەپانی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر پەرلەمانتارێکی نیشتمانپەروەردایە لەنێو پەرلەمانی کوردستاندا، پێویستە ئەوان لەڕێگەی یاسایەکەوە سنووریك دابنێن بۆ خیانەتکاری و هەڕەشە و هێرش بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و پیرۆزیی خاکی هەرێمی کوردستان کە قەوارەیەکی دانپێنراوی دەستووری عێراقە.

*کادیری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦٣٦٧٣ بەرواری ٢٠١٩/١١/٤ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی سعید هادی سعید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق سنجار

اعلان

الى المفقودين/ ١- امين ابراهيم بشار ٢- امان امين ابراهيم بشار ٣- ليلى فارس محمد قدم السيد (ادريس بشار سلو) الشكوى الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / رياض فتحي خليل

***

محكمة الاحوال الشخصية في الشيخان

العدد/١٥/احوال/٢٠٢٠

التاريخ/ ٢٠٢٠/٧/٥

اعلان

الى المدعى عليه (كوفان حسن حسو)

الساكن قضاء الشيخان حي روناهي

سابقا ومجهول محل الاقامة حاليا

اقامت المدعية (دلال جمعه عبدالغني) الدعوى المرقمة اعلاه لدى هذه المحكمة تطلب فيها اثبات حضانة اطفالها كل من (ايمن وملاك وفرح ومهند) وبالنظر لمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مركز شرطة الشيخان ومختار المنطقة تقرر تبليغك بصحيفتين يوميتين للحضور امام محكمة صباح يوم ٢٠٢٠/٨/١٩ الساعة العاشرة صباحا او ارسال وكيل عنك وبعكسه ستجرى المرافعة بحقك غيابيا حسب الاصول

القاضي/ علي قهرمان رحمن

***

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان/ هەولێر

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە: ٥٣٠/١٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٥/١٧

بۆ/ فەرمانبەر (گۆڤار اسماعیل حیدر)

بەناونیشانی (ئەندازیار)

ترساندن (اخطار)

دوابەدوای فەرمانی کارگێڕیان ژمارە ٤٢٩/١٧ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٣ وە بەهۆی دەست بەکارنەبوونەوت لە دەوامی ئاسایی خۆت پاش تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی بێ مووچەوە جێ هێشتنی کارەکانت لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەبێ هۆ.

ئەم ترساندنە (اخطار) ئاراستە دەکەین کە دەست بەکاربێتەوە لەماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی کوردستان بێت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێت بەپێچەوانەوە بەپێی هەردوو برگەی (٢ ، ٤) لە مادەی ٧ی یاسای شارستانی ژمارە ٢٤ی هەموارکراوی سالی ١٩٦٠ کۆتایی بەپرۆسەت دەهێنرێن.

ئەندازیار/ ڕێبین احمد حوێر

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان

***

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارە:٤٢/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٩

داواکار: اردەلان خلیل حسن و هاوبەشەکانی

داوالێکراو: ریدار عبدالقادر امین وهاوبەشەکانی

شوێنی مولّك: هەولێر- گەڕەکی عەرەب نزیك مزگەوتی شێخی چۆلی

ژمارەی مولّك: ٤٦٦ ك عرب

بەرێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای DOWN TOWN ERBIL) بە ژمارە (١٠٧/٢١٢٩٢) لە ٢٠٢٠/٦/١٧ بەمەبەستی هۆشداری کردنت دانی کرێی هەردوو دوکانی ژمارە (B٤٤) لە بازاری داون تاون دروستکراو لەسەر مولکی ژمارە (٣٦١/١) خانقا بەکرێی مانگانە بەبڕی ٢٤٢$ دوو سەدو چل و دوو دۆلار ئەمریکی بەگوێرەی گرێبەستی ژمارە (٤٤٤) لەبەر ئەوەی کرێی مانگەکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣) سالّی ٢٠١٧ و مانگەکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣/٢/١) ی سالّی ٢٠١٨ و مانگەکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣/٢/١)ی سالّی ٢٠١٩ و مانگەکانی (٦/٥/٤/٣/٢/١)ی سالّی ٢٠٢٠ کە کۆی تەواوی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت دەکاتە بڕی ($١٠٦٠٠) دە هەزار و شەش سەد دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەگوێرەی اشعاری موختاری گەرەکی سەروەران لە شاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٦/٢٨ بڕیە بەفەرمی لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەیی بڵاوکراوەکەینەوە. شوان فوزی زکی/ ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٥٢١/٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای DOWN TOWN ERBIL)

هۆشدار لێکراو: (سەربەست احمد محمد)

بەرێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای DOWN TOWN ERBIL) بە ژمارە (١٠٧/٢١٢٧٥) لە ٢٠٢٠/٦/١٧ بەمەبەستی هۆشداری کردنت دانی کرێی هەردوو دوکانی ژمارە (B٤٥) لە بازاری داون تاون دروستکراو لەسەر مولکی ژمارە (٣٦١/١) خانقا بەکرێی مانگانە بەبڕی ٢٦٥$ دوو سەدو شەست و پێنج دۆلار ئەمریکی بەگوێرەی گرێبەستی ژمارە (٤٤٥) لەبەر ئەوەی کرێی مانگەکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣) سالّی ٢٠١٧ و مانگەکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣/٢/١) ی سالّی ٢٠١٨ و مانگەکانی (٦/٥/٤/٣/٢/١)ی سالّی ٢٠١٩ و مانگەکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣/٢/١)ی سالّی ٢٠٢٠ کە کۆی تەواوی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت دەکاتە بڕی ($١٠٦٠٠) دە هەزار و شەش سەد دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەگوێرەی اشعاری موختاری گەرەکی سەروەران لە شاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٦/٢٨ بڕیە بەفەرمی لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەیی بڵاوکراوەکەینەوە.

شوان فوزی زکی/ ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٥٢٢/٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای DOWN TOWN ERBIL)

هۆشدار لێکراو: (سەربەست احمد محمد)

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:١١/ت/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٢

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٥٥١٣٤/هەولێر – تایبەت) جۆری (هیوندای توکسون) مۆدیل (٢٠١٢) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (صلاح طاهر عبدالله) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٧) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٤,٢٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).

دادەری یەکەم / دیار محمد علی

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:١٢/ت/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٠٠٣٢/هەولێر – ئینفائیە) جۆری (حادیلە/عجلە) مۆدیل (١٩٩٩) ڕەنگی (زەرد/ نەفتی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (تحسین نوری مصطفی) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٧) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٣٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).

دادەری یەکەم / دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە:٢١٣٠/ب/٢٠٢٠/٢

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (جلال احمد معروف)

داواکار (فاروق عثمان مصطفی) داوای ژمارە (٢١٣٠/ب/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر (جلال احمد معروف) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەرەکی (گەرەکی زانیاری) لە ٢٠١٩/٩/٥ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٧/٢٠) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەور/ قباد شیرزاد نوری

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە:٨٩٥/ش/١/٢٠٢٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەناز عبدالمناف عزیز)

شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکاری هاوسەرت (نوزاد حسن ابوبکر) داوای ژمارە (٨٩٥/ش/٢٠٢٠/١)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە داواکەیدا داوای (تثبیت حضانة) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی باداوە) بۆیە دادگا بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەکە لە هەرێمی کوردستان دەرەچێت بۆ ئامادەبوونت خۆت یان جێگرێکی یاسایی لەبەردەم دادبینی ٢٠٢٠/٧/٢٧ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی دەرحەقت بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای باری کەسی خەبات

ژمارە: ١٢٩/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (هۆزان عزیز محمد)

ئامازە بە داوای ژمارە (١٢٩/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (ڕێناس طارق محمد) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (اثبات زواج) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارەبەپێی اشعاری موختاری گەرەکی هەنجیرۆك، بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا لە بەرواری (٢٠٢٠/٧/٨) بە پێراگەیاندنت بەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٧/٢٠) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملەو ئاشکرا دەرەقەت ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.

دادەور/مسعود سعید صدیق

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ١٠/ت/٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٨

جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٠٧٧١/هەولێر کرێ) جۆری (نیسان سەنی صالۆن) مۆدێل ٢٠١٢ ڕەنگی (تینی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (لاس صمد خضر) لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٦ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ جا هەرکەسێك دەیەوێ بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار.

دادەری یەکەم

دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە:٨١/ب/٢٠٢٠/٢

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (رواد وسیم شعبان)

داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) داوای ژمارە (٨١/ب/٢٠٢٠/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر (رواد وسیم شعبان) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەرەکی (گەرەکی سەربەستی و ڕیال تاوەر گوندی ایطالی یەك و گوندی ئینگلیزی فیتال MRF) لە ٢٠٢٠/١/١٦ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٨/١٠) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەور/ قباد شیرزاد نوری

***

سەرۆکاتیا باژێڕفانیا ئاکرێ

مولك و زەفی و زار

ژمارە: ١٠١٧/٣٣٤/٣٥/ش

ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٣٠

ئاگادارى

ئاگەهدارییا هەڤولاتیێن بەرێز دکەین کو سەرئێك زێدەکرنا ئاکرا یا هەی ژبو کڕیدانا (باغچێ مهەت) لسەر پارچە تەردێ ژمارە (٦٣٥/١٣) کەرتێ ٩٣ تەنشت ئاکرێ بو ماوێ (٣) سێ سالا ل دیف یاسا فروتن و کرێ دانا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا دخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمنێ ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ بو هەمی ماوێ گرێبەستێ بو سەروکاتیا باژێڕفانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ ٣٠ ڕوژا ل ڕوژا بەلاڤکرنا ئێ ئاگەهداریێ و ئەڤ سەر ئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن دەم ژمێر ١٠ دەهێ پشتی نیڤرۆ ل دیوانا سەروکاتیا باژێڕفانیا ئاکرێ و هەرکەسێ دێ بهایێ بەلاڤکرنێ و هەمی خەرجیێن پێتڤی کەڤنە ستوێ وی.

بلند رضا زبیر/ سەروکێ باژێڕفانیا ئاکرێ

***

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ

ژمارە/ ١١٩/ب/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٧/٦

ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (درمان موسی حسو) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکار (جمیل عزیز یونس) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە داوا دکەت دانا پارێ وی لتە کوژمنێ (٢٧٠٠٠) بیست وحەفت هزار دولار دبیتە (٣٢٤٠٠٠٠٠) دینار عراقی وەك دەین دابونە تە (قرضة حسنه) وتە کوژمنێ (٣٠٠٠) سێ هزار دولار امریکی دبیتە (٣٦٠٠٠٠٠) سێ ملیون وشەش سەد هزار دینار عراقی ئەداکریە ومایە کوژمنێ (٢٤٠٠٠) بیست وچوار هزار دولار امریکی ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخنێ کبرتو ل کومەلگەها خانکنێ ل ڕوژا ٢٠٢٠/٥/٢١ بۆیە دادگەها بریاردا تە ب ریکا دوو ڕۆژنامەی ناوخویی ڕوژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠٢٠/٧/٢٢ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیف یاسایی

دادەور / قیصر صائب صلاح

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە /٢٠٧/ت/٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٧

ئاگادارى

بۆ / قەرزار : خالد احمد خلیل

لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنت بۆیە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بڕیاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥/بازدە) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (فهین حسین عبدالعزیز) کە (٥٤٦٠٠٠٠) پێنج ملیون وجوار سەد وشیست هزار دینارى عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت

جێ بەجێ کاری داد / رییر سلمان خالد

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/١٥٥/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٧/٧

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (خالد احمد خلیل)

جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە

داواکار (فهین حسین عبدالعزیز) داخازێ تێندا دکەت ژ رابردو (نفقة ماضیة لها) یا خو ژ ڕوژا ٢٠١٤/٩/٢٨ ودگەل (نفقه العده لها) هەر ژ ڕوژا ژیك قەبوونی ل ٢٠١٩/١١/٥ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژیر ل پاریزگەها دهوك تاخی دیاری ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەییین ڕوژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر دەه ل سپیدەهیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٢ ول بەرڤژاڤی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهقی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هێتە

دادەور / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە/٣٣٣/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٧/٨

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە

ب/ ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (موپو میان مار) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٧/١ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا تەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (چلنك زهیر محمد) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان

دادەور / مروان عادل اسماعیل

***

دادگای باری کەسایەتی دیرالوك

ژمارە/٢٩/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٧/١٢

ئاگادارى

داواکار / سرور عصمت ابراهیم

داوالێکراو / ایفار عیسی احمد

بو داوالێکراو (ایفار عیسی احمد) جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە هەڤژینێ تە یی داواکار د داوایا شەرعی یا ژمارە ٢٩/ش/٢٠٢٠ دژی تە تومارکریە کو داخازا گوێرایە لی (مطاوعه) دکەت دگەل تە ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە ل دیف ڕابورتا هەلبژێرێ ناحیا شیلادزی نەدیارە بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت نافخویی کو تو نامادەبی ل ڤێ دادگەهێ ڕوژا ٢٠٢٠/٧/٢٠ ئەگەر نە دێ دادگەە پاشملە داوایا داوا کارێ لدیڤ یاسایێ ب ڕێڤە بەت

دادەور/ ئەفراز مصطفی طه

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (POWER SPORT NUTRITION) بۆ دابینکردنی تەواوکەری خۆراکی وەرزشی و کەلوپەلی وەرزشی و بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ اسماعیل سمیر مامند

ناونیشان/ گوندی ایطالی ٢

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٠٢١٢٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٤٢٦١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٢

بڕیار

ئامازە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (AB ١٩٦ Synthetic Energy)ی سویدی بۆ (لخدمات تنظیف البیئة و اعادة التدویر/ المحدودة) راستێندراوە لە بالوێزخانەی عیراق لە (ستوکهولم) بەژمارە (٦٨) لە (٢٠٢٠/٢/٣) و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەژمارە (١٩٤٢) لە (٢٠٢٠/٣/١) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا وە دانانی بەرێز (سامان رمزی حسن) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای ناوبراو.

من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی پەسندکرد پالپشت بە مادەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٢

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٦٧٥١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (POWER SPORT NUTRITION) بۆ دابینکردنی تەواوکەری خۆراکی وەرزشی و کەلوپەلی وەرزشی و بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (POWER SPORT NUTRITION) بۆ دابینکردنی تەواوکەری خۆراکی وەرزشی و کەلوپەلی وەرزشی و بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (اسماعیل سمیر مامند) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/٨

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (Gold Lion) بۆ (بازرگانی گشتی وبازرگانی سامانی ئاژەل وبەروبومی کشتوکالی وئاژەلی وکەرەستەی خواردن - هاورده وهەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / صابر سلیمان محمد

ناڤ ونیشان / دهوك - ئیتیتی

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٣٨٠٠٢٩٧

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (الدعاو المحمود) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / میفان جاسم محمد

ناڤ ونیشان / دهوك - زرکا

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٤٥٣٦٦٤

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (AB ١٩٦ Synthetic Energy)ی سویدی بۆ (لخدمات تنظیف البیئة و اعادة التدویر/ المحدودة) بریاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ سامان رمزی حسن

ناونیشان/ هەولێر - گوندی ایتالی یەك فیلای ژمارە ٥٥٧

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٥٣٥٧٧

کاری کنەو پشکنین و پاککردنەوەی پەرستگایەکی زەردەشتیی لە دەربەندیخان

کەمال نوری مەعروف
بەشی سێیەم و کۆتایی

ناوچەی (دەربەندیخان)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە کوردستانی باشوور، دەوڵەمەندە بە پەرستگای زەردەشتیی، پاشماوە دێرینەکانی (بانقەڵای بانیبی)، کەدەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی گوندی (بانیبی) و (قەڵای باوەخۆشێن) لەگوندی (باوەخۆشێن) لە خۆرئاوای دەربەندیخان، یان رۆژئاوای گوندەکە، لەسەر ئەو رێگایەی کە دەربەند بەقەرەداخەوە دەبەستێت، بەڵگەیەکی تر بۆ بەرفراوانیی سنووری بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لەناوچەکەدا. گەلی کوردیشمان یەکێکە لەو گەلانەی کە بەزوویی چووەتە ناو ئایینەکەو لە خزمەتیا بووە، لەبەرئەوەی تاکەپەرستیی بووەو سەرچاوەکەی لە خۆرپەرستییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووەو سەرەتاکەی بۆسەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە، کە میترایی پەرستبوون. ئەو باوەڕەیش بۆ ئەو رۆژگارە هێندە مەزن بووە، چونکە زۆریتر لەگەلانی دەڤەرەکە، لەسەر باوەڕی فرەخوایەتی ژیاون، یان (تەوتەمی) پەرستبوون.



پاشماوەی پردێکی کۆن لەناو ئاوەڕۆی ئاوی سیروان

یەکێک لەو پاشماوانەی کە دەکەوێتە ناو ڕێڕەوی ئاوی سیروان لەکەمپی خواروو، ناوچەی خانووەکانی گەشتوگوزار، نزیک پەرستگای زەردەشتیی، پاشماوەی پردێکە کە پەیوەندی بەپەرستگاکەوە هەیەو هەردوو سەری پایەکانی ماوەو بەبەردی چاک نەکراوو قسلأ دروسکراوە. ئەو دروسکردنەیش لەو ڕۆژگارەدا هەروا ئاسان نەبووەو بەڵگەی بەهێزی ئەو پادشایەی دەرخستووە، کە توانیویەتی بەرەو ڕووی هەموو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەو ئاوو هەوا خراپەکەی بێتەوە.

پاشماوەی پایەکانی پردەکە، کە لەسەر زەوی بەردەڵانی ڕێڕەوی ڕووبارەکەی بەرچاو دەکەوێت، کە یەکێکیان دەکەوێتە ناو خانووەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار. ئەوەی ماوەتەوە لە پایەکەی پاشماوەکەی چوارگۆشەیەو دریژی باڵێکی 2x2 مەترەو بەرزییەکەی لەبنکەکەیەوە خۆی دەدات لە 4 مەتر. دوانەکەی تر، کە ئەوسەری ڕێڕەوەکەیان گرتووە، دوو گچکەترن و بەرزییەکەیشیان کەمترە، بەهۆی ئەوەی دەکەونە سەر بەرزاییەک، کە دەڕوانێتە بەسەر ڕێڕەوی ئاوەکەدا. بەو پێیە دەتوانین بڵێین: پانی پردەکە هەروا (2) مەترێک دەبێت و دریژییەکەیشی خۆی دەدات زیاتر لە (50) مەترو پێویستە تاقی نیوە کەوانەیی قورسایی پردەکە ڕاگیرا بێت، گەرانەوەیەکیش بۆ ئەم جۆرە پاشماوانە، دەستنیشانی ئەوە دەکات، کە لە ناوچەکەدا لەمانە زۆربن. پتەویی پردەکەیش بەو شێوەیەی ئێستای کە بەرچاو دەکەوێت لە ڕۆژگاری خۆیدا تێبینی ئەوەی لەسەر وەردەگیرێت، کە لەسەر بناغەیەکی تووندوتۆڵأ دارێژراوە، ئەوەش وایکردووە بەو لاشە گەورەیەوە، بەرگەی مانەوەی ڕۆژگارەکە بگرێ لە ئاو و هەوای خراپ. لە ڕاستیدا ئەو پردە بۆ ئەوە دروستکراوە، ناوچەی دەربەندیخان لەو ڕۆژگارەدا ببەستێتەوە بە ناوچەی کرماشان بە گشتیی و قەسری شیرین بەتایبەتی، بۆ هاتوچۆی دانیشتوان. وادیارە ئامانج لەمەبشدا بۆ خزمەتی ئەو پاشماوە دێرینە بووە کە دەکەوێتە باشوورییەوەو لە ئەنجامی کاری کنەو پشکنین دەرکەوت کە پەرستگایەکی زەردەشتییە.

بەو هۆیەوە گەیشتن بەو شوێنەوارە واتە پەرستگایە، لە وەرزی زستاندا، کارێکی ئاسان نەبووە، بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی ئاوی سیروان، ئەوەیش وایکردووە دروستکردنی پردێکی وا، پێویستییەکی لەبەرچاو بێت بۆ ڕۆیشتنی کاری ڕۆژانەی دانیشتوانەکە. بەشی سەرەوەی پاشماوەی پایەکان ئەوە نیشاندەدات، بە تەڵاشە بەرد و قسلأ فەرش کرابێت، بۆ ئەوەی ڕۆیشتن بەسەریا سانا بێت. لێرەدا بە گشتی دەتوانین بڵێین: هونەری بیناسازیو دروستکردنی، وردە کاریەکەی مەرجەکانی ئەندازیاری بە پاشماوەکەوە ڕەچاو دەکرێ، کە توانیویانە کارامە بەردەکانی دابنێن. بە ئەنجامدانی کارەکەیش بەو شێوەیەی پردەکە شێوەی ناوازەی وەرگرتووە لە سەردەمی خۆیدا. لە ڕووی دانانی تەمەنی مێژووی پاشماوەی پردەکەوە، دیارە کە ناتوانین ڕایەکی ڕاستەوخۆی لەسەر دەربڕین، لەبەر ئەوەی بەڵگەی تەواوو لەبەر چاومان بە دەستەوە نییە، کە ئەو لایەنەی تیادا دەربخەین، بەڵام بە بەراوردکردنی پاشماوەکە لە ڕووی ئەندازیاریی بە پاشماوەی پردەکانی تری ناوچەی گەرمیان لە جەلەولاو خانەقین ئەو ئاماژەیە دەدات، کە دەچنەوە سەریەک، جگە لەوەیش نزیکی لە پاشماوەی پەرستگاکەو هاوشێوەیان لە هەندێ سەری تەوەو کەرەسەی دروستکردنیان دەربڕین، لەوە دەکات کە بۆ چاخی ساسانی بگەڕێتەوە، واتە بۆ(240)، یان بۆ زیاتر لەوە کە هاوتەمەنی پەرستگاکە بێت.

پەرستگای زەردەشتیی لە دەربەندیخان لە ڕووی تەلار سازییەوە

کنەو پشکنینی شوێنەواریی لە دەربەندیخان، پەرستگایەکی زەردەشتیی دەرخست کە لە ڕووی تەلارسازییەوە، یەکێکە لەو پاشماوانەی ڕەنگدانەوەی هەیە، چونکە لە شێوەدا ناوازەیە، بەهۆی ئەوەی بیروباوەڕە ئایینییەکە، کاریگەری لەسەری هەیەو لەو چوارچێوەیەدا نەخشەی بۆ دانراوە. لێرەدا بە شێوەیەکی گشتیی لە ڕووی دروستکردنیەوە، لەسەر لایەنە جیاجیاکانی دەدوێین، بەو شێوەیەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:


1ـ دروستکردنیCompision: پەرستگاکە بەشێوەیەکی سێلایەنە ڕێکخراوەو پێکهاتووە لە دوو باڵی سەرەکیی بەهۆی بۆشاییەکی ناوەندی شێوە خاچ، بەیەکەوە نووساون، بەمانا (شوێنی ئاگری پیرۆز)، کە دەربڕین لە کەرتی سەرەکی دەکات بۆ گەیشتن بەدەروازەی پێشەوەی، لە پشتیشیەوە، دەبێتەوە بە باڵێک. باڵی لای چەپیش لە دەرەوەی بۆشاییەک شوێنی دەگرێتەوە، کە شێوە چوارگۆشەیەکی کراوەیە.

2ـ نەخشەکەی: بەشێوەیەکی گشتی، شێوەی نەخشەی پەرستگاییەو پێکهاتووە لە بۆشاییەکی چوار گۆشەی مەرکەزیی، شێوەی خاچی هەیە، ئەوەیش ئەو شێوەیەیە کە لە زۆرینەی پەرستگاکانی ساسانیدا دووبارە دەبێتەوەو شوێنی ئاگری پیرۆزیش ئەو شوێنەیە کە پیاوانی ئایینی پەرستنی خۆیانی تیادا ئەنجام دەدەن، کە بەشی سەرەوەی بەگومەزێکی نیوە بازنەیی بە بەرد گیراوە. ئەم شوێنەیش بە چوار ڕێگای تەسک دەورە دراوە، کە دەربڕین لە بۆشایی هاتوچۆ دەکات بۆ گەیشتن بە شوێنی ئاگری پیرۆز لەڕێگای دەرگاکانیەوە، کە بە شێوەی هێڵێکی ڕێک دەڕۆن، بەڵام ڕاستەوخۆ نین، ئەوانەش بە سێ گومەزی بچکۆلەتر لە گومەزە ناوەندییەکەوە لە هەموو لاکانیەوە هەن.

3ـ ڕووەکان: تەرزی ڕووەکان، پەنا بردنیانە بۆ قەوارەو بۆشایی، بۆ ئەوەی جوانکارییەکان بەپێی پێوانەکان لەسەر ئاستی ڕووەکان ئەنجام بدرێنو دووپات ببنەوە، بەوەیش قەوارەی نەخشەکە هاوسەنگی بەدەستئەهێنێ. بەسەیر کردنی ڕووەکەی پێشەوەیو دووپاتبوونەوەی دەرئەکەوێت بۆئەوە کراوە کە بەرزی شوێنی ئاگرەکە دەربکەوێت، ئەمەیش بەهۆی ورد وردە بەرزبوونەوەی باڵەکانی پەرستگاکە دروستبووە. لێرەدا ئەوە دەبینرێت، کە ڕووەکان بە پایە ڕێکخراوەو سەرەکانیان بەکەوانەی نیوە بازنەیی هاتوونەتەوەو یەکیان گرتۆتەوە. بەشێوەیەکی گشتیی، ڕووەکان پشتیان بەبابەتی جوانکاریی بەستووەو گرنگیان پێداوەو پارچەکە وەکو هەموو تێکڕا دەربڕین لە بەشەکانو پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکات، بۆ دامەزراندنو دروستکردنی هەموو بەو شێوە تاکە.

لایەنەکانی ڕۆحیی و ئایینیی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر شێوەی تەلارسازیی

هەموو بەڵگەکان بۆئەوە دەڕۆن، کە بڕیاردان لەسەر دانانی نەخشەی ئەم پەرستگایە، هەر لەخۆیەوە نەهاتووە، بەڵکو هەموو ئەوشتانەی لە نەخشەکەدا





هاتوون، ڕەنگدانەوەن بۆ باوەڕە ئایینیەکە، کە باوەڕیان پێی بووە، دەتوانین لەم خاڵانەدا بیانخەینە ڕوو:

1ـ پەیوەندی ناوەوەی بە دەرەوەی: دەتوانین تێبینی ئەو کردنەوەیە بۆ دەرەوەی بکەین، بەهۆی شیکردنەوەی نەخشەی پەرستگاکە، ئەمەیش بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

•بەها هێما و ئایینییەکان: پەرستگاکە بۆ هەر چوارلا سەرەکیەکەی دەکرێتەوە، (باکوور، باشوور، خۆرهەڵات، خۆرئاوا)، ئەو لایانەیش ئاماژە بە لایەنە هێما و پیرۆزییەکان دەدەن.

A- لەنێوان بەیەکدا چوونی هەردوو جەمسەرەکەدا، مەرکەزی چوار گۆشەکەدا، لەگەڵأ دووپاتکردنەوەی زیاتر دەرکەوتنی جەمسەری (خۆرهەڵات - خۆرئاوا)، بۆ ئەوە بووە لایان کە خۆرهەڵات قیبلەیانە.

B- لە هەیوانێکی سەردانەپۆشراودا، لە کۆتایی جەمسەرەکەدا، هەروەکو لە نەخشەکەدا دەرکەوتووە.

C- لە میانەی شیکردنەوەی گۆشەکانی بینیندا، دەتوانرێت بەڵگە بهێنرێتەوە لەسەر گرنگیی پەیوەندی بە دەرەوەی بەرەو ڕووی ئەو شوێنانەی بەسەر هەرچوار لای ئاگری پیرۆزدا کراونەتەوە، ئەوەیش بۆ کردنی چوارچێوەیە، بۆ دیوی دەرەوە، بە شێوەی تۆڕێنەوە کراو، لە میانەی بوونی ئەو جووتە کەوانانەی کە بە پێوانەی جیا کراونو یەکیان ئەوی تر دووپات دەکاتەوە. ئەو دەڵاقانەیش بۆ ئەوە دروستکراون، بۆ ئەوەی بیری پەرستار بخاتەوە، کە بەکاردهێنرێن بۆ شوێنی ئاگرەکەو پەیوەندییان بە دەرەوەی چوار لایەکەوە هەیە، کە هێمان بۆ هەموو پیرۆزییەکانو بەرزی ئایینەکە.

•هۆکارەکانی ژینگەی سروشتی: سروشتی ئاووهەوای مامناوەندی، بووەتە هۆی ئەوەی، ئەو پەیوەندییەی بە دەرەوە بۆ دروستبکات، ئەوەیش بە بوونی هەیوانو جەمسەرە ڕاستەوخۆکانو ژمارەیەک لە دەڵاقەکان.

•هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: بیرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەنگدانەوەی باوەڕدارن بۆ کرانەوەو پەیوەندییان بە سروشتەوە، بەپێی نەخشەی پەرستگاکەو بەهێزکردنی پەیوەندی بە دەرەوەی، ئەوەش بەڵگەی باوەڕ هێنانیانە بەخۆیانو ئەو سروشتەی چواردەوریان گرتوون، بەڵگەیش بۆ ئەمە جەمسەرەکانە، کە ڕووەو دەرەوە دڕێژ بونەتەوە.

1ـ پەیوەندی کەرت بە هەموو: پەرستگاکە بەشێوەی زنجیرێک لە پەیوەندییە تەواوەکانە، لەنێوان کەرتەکانیدا، کە تیایاندا بیناکە بە تەواوی دەڕنەکەوێت لەگەڵأ گرنگیدان بەو شوێنانەی کە بەیەکیان دەبەستێتەوە لە نێوان کەرتەکانیداو لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان بۆشاییەکانو زنجیرەی جووڵەکان. ئەو زنجیرەش لە کەرتبوون بۆ گەیشتنە بە هەمووی تەواو کە ڕەنگدانەوەی بیرە لەسەر هەموو کۆتاییەکان، لە میانەی کۆکردنەوەی کەرتەکانداً. نەخشەکەیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە بۆشاییەکی مەرکەزی چوارگۆشە هەیە، کە هەموو کەرتەکانی پەرستگا کۆدەکاتەوە، بۆ ئەوەی نەخشەکە وێنەی کۆتایی وەربگرێت.

2ـ چەمک و واتای گشتیی و تایبەت: تەمسیلی پەیوەندی لە نێوان دژایەتیکردنی (پیرۆز و ڕەنگدانەوەی پیرۆز) تایبەتی پیرۆز، دەتوانرێ تەمسیل بکرێ لە هەیکەلی چوارگۆشەو گشتیی، کە تەمسیلو ڕەنگدانەوەی لە پیرۆزەکانی مرۆڤدا هەیە دژەکان لێرەدا بە چەند شێوەیەک هەن، نمونەش بۆ ئەمە، لە ماوەی جیاوازی شێوە، یان شێوەکانی بۆشاییو قەوارەو پێوانەکانیانو دووپاتکردنەوەی زیاتر بوونی دەسەڵاتی کەرتی تایبەتی پیرۆزو بەهۆی جەمسەری درێژی، کە وردە وردە بەرز دەبێتەوە، لەگەڵأ ئەو بەرزبوونەوەی قەوارەدا، بە شێوەیەکی لەسەرخۆ لە هەردوو لاوە بۆ گەیشتن بە هەیکەلی پیرۆزەکە، گرنگترین بۆشایی پیرۆزە لە پەرستگاکەدا.

3ـ قەبارەو بۆشایی: هێمای هەریەکێکیان باوەڕ هێنانە بە گەوهەری ناوەڕۆکی دنیایی و ئایینی، یان دژەکانی چاکەو خراپە. بە مانا، باوەڕە بە دوو واتاکەی باوەڕەکان، پەرستگاکەیش لەسەر گردێک و سەکۆیەک دروسکراوە، بۆ ئەوەی بناغەیەکی ڕەقو پتەوی هەبێت، کە تەمسیل لە ڕووی دنیایی پەرستگا پیرۆزەکە دەکات، کە بناغەی لەسەر دامەزراندووەو دەربڕین لە ڕووی ئایینیی دەکات. ئەمەش لەو باوەڕەوە هاتووە، کە گەردوون لە شاخێکی گەردوونیی ڕەقەوە پەیدا بووە، کە قەوارەیەک لەو پتەوییە لە پەرستگا پتەوەکەدا هەیە، لەگەڵأ حەوشەی کراوە، هەموو ئەو کراوانەش هێمان بۆ گەوهەری ئایینیی پەرستگاکە، کە تیایدا لایەنی ئایینییو دنیایی یەکدەگرنەوە لە بۆشایی هەیکەلی ئاگری پیرۆزدا.

4ـ ڕێکخستن لەبواری شێوازی ئەندازیاریی عوزوی: پەرستگاکە لەسەر سیستەمی ئەندازیاریی ڕێکخراوە، ئەوەش وایکردووە لە شێوە ئەندامییەکەی بیناکانی تر جیا بکرێتەوە، کە پێوەیان دیارە، هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ پیرۆزی پەرستگاکە، بە هۆی ئەوەی شێوە ڕێکخراوەکان شێوە پیرۆزەکانن، کە هێمای خواییں، بەڵام شێوە عوزوییەکان دەربڕین لە مرۆڤو سروشت دەکەن. پەرستگاکەیش لەسەر شێوەی سیانی ڕێکخراوە، کە پێکهاتووە لە دووباڵی سەرەکی بە قەوارەیەکی مەرکەزی سێهەم بەستراونەتەوە، کە دروستکردنەکەی بە شێوەی دوو قەوارە نیشاندراوەو لە نێوانیانا بۆشاییەکی هاتوچۆ هەیە لە شێوەی ڕێگایەکی باریکدا.

5ـ پێوانەکانو ڕادەیان: ئەوەی تێبینی دەکرێ لە پەرستگاکەدا، پێوانەکانو ڕادەیان لە یەکەیەکی پێوانەدا دیاریکراوە(Module)، کە (1,20 مەتر ەو ئەوەش ئەستووری دیوارەکان دەرئەخات، دووبارەبوونەوەی یەکەی پێوانەکەیش لە بۆشاییەکاندا زیاتر پەنا دەباتە بەر زیاتربوون، بەوەش جوانییەک بەپێوانەو ڕادەیان لە کەرتەکانیدا دەبەخشێت، هەروەکو لە نەخشەکەو برگەکانیدا دەرکەوتووە.

پێکهاتەی تەلارسازیی لەباری دروستکردنەوە

1ـ کەرەسەی دروستکردنو دەوریان لە دامەزراوەکەدا:

تەلارسازیی پەرستگاکە، توانای تەواوی لە شوێنە جوگرافیەکەدا هەبووە، ئەوەیش هاوبەشی کردووە بۆ دانانی سنورێک لە تەلارسازیی بیناکەدا، کە بەهۆیەوە سیفاتی تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆیداوەتێ، کە تیایدا بەرد کەرەسەی سەرەکی بێت لە دروستکردنەکەدا، کە بە هۆیەوە پتەویی و مانەوەی داوە بە پەرستگاکە بە درێژایی ساڵانی مانەوەی، هەروەها گیراوەی قسلیش بۆ بەستنەوەی بەکار هاتووە، چونکە قسلّە گیراوەکە پێویست بووە بۆ دروستکردنەکەو دەرکەوتنی پەرستگاکە بەشێوەی کۆتایی.

2ـ تەکنیکو سیستمی بەکار ہراو لە دروستکردندا:

***دیوارەکان:** پەرستگا بینا کراوەکە، وارەیەکە نەخشەکەی پەنای بردۆتە بەر سیستمی دیوارەکانی، کە قورساییەکەیان هەڵگرتووە، ئەوەی کە زیاتریش دیوارەکانی پتەوکردووە، کەرەسەی بەردەکەو گیراوەی قسلّەکەبووەو، ئەستووری دیوارەکەیش لەنێوان 20ر1 مەترەو ئەوەش گەورەییو توانای زیاتری داوەتێ، جگە لە پتەویی و بەهێزیی و مانەوە.

***زەویەکەی:** پەرستگاکە لەسەر سەکۆیەک دروسکراوە (Platform)، ئەوەش بۆتە بناغەیەکی پتەو، یان ڕەق بۆی، جگە لەوەیش بیناکە بەشێوەیەک لەسەر زەوییەک بەرزکراوەتەوە کە لەچوارەوەوە دەبینرێت.

***بنمیچەکان:** بنمیچی پەرستگاکە، لەسەر شێوەی گومەزی زۆر سەری گیراوەو تیایدا بەکارهاتووە، لەگەڵ بەکارهێنانی گومەز بۆ هەیکەلی پیرۆزی ناوەندی چوارگۆشەکە، سەری بە گومەزێکی گەورەتر گیراوەو لەهەموو لاکانیەوە بەگومەزی بچکۆلەتر و ڕێگای تەسک دەوردراوە. باڵەکانی لاکانیشی بەنیوەبازنەیەک سەریان گیراوە، کە وردە وردە بەرزدەبنەوە هەتاکو دەگەنەوە بەگومەزی ناوەندی، ئەم شێوازە سەرگرتنەی سەرگیراوەکان، لەسیستمی بیناسازی پێشکەوتووبووە بۆ ئەو ڕۆژگارە.

توخمە سەرەکییەکانی پەرستگاکە

1ـ هەیکەلی پیرۆز (cella): بۆشاییو شوێنێکی شێوەخاچەکە دەربڕین لەتوخمی سەرەکی پەرستگاکە دەکات، هەروەها ئەو شوێنەیە کە پیاوانی ئایینیی پەرستنی تیادا ئەکەن لەبەرئەوەی شوێنی ئاگری پیرۆزە ئەوەش بۆشاییەکی بناغەدارێژراوی بنەڕەتییە لەهەموو پەرستگایەکدا هەیە کە بەسەر هەردوو باڵی پەرستگاکەدا دەڕوانێت، بەهۆی چوار دەروازەی سەرەکی ڕووەو چوارلاکەی، گەیشتن پێی لەڕێگای چەند پلیکانەیەکەوەیە، بەهۆی ئەوەی بەرزترە لەبەشەکانی تری پەرستگاکە، ئەمەش شێوازێکە بەکارهێناوە بۆ جیاکردنەوەی شوێنەکان، کە گرنگی تایبەتییان هەیە، بەشێوەیەک کە بەرزەو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەدەرەوە هەیە بێ پچڕاندن.

2ـ نێوان (Antecella): ئەمە بۆشاییەکە دەکەوێتە پێش هەیکەلی پیرۆز بۆگەیشتن پێی، کە لەم جۆرە پەرستگایانەدا بەزۆری بەکاردەهێنرێت، دەروازەکەیش لە ڕێگای جەمسەرێکی ڕاستەوخۆ ڕووەو هەیکەلی پیرۆز دەبێتەوە، کە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت بۆ بڕینی بۆشاییەکان لە گشتییەوە بۆ نیوە گشتیو تایبەت، تاوەکو دەگات بە هەیکەلی پیرۆز، کە دەربڕینی لێدەکات، ئەو بۆشاییەش شێوەی لاکێشی وەردەگرێت، کە دڕێژی باڵێکی کورتی یەکسانە بەدڕێژی باڵی هەیکەلی پیرۆز.

3ـ دیوی دەرەوەی دەروازەی چوارنە ژوورەوە: لەپەرستگاکەدا چوار دەروازەی هاتنە ژوورەوە هەیە لەو بۆشاییانەی کە هەیکەلی پیرۆز ڕووەو چوارلاکەیەو دەروازەی سەرەکیش بەهۆی جەمسەرێکی دڕێژەوە دەناسرێت، کە ڕێگا بۆ دەروازەکە دەکاتەوەو کۆتایی ڕێگاکەیش بەچەند پلیکانەیەک دوایی دێ، کە بەهۆیانەوە سەردەکەویتو دەڕۆیتە ناو دەروازەی سەرەکی پێشەوە، واتە خۆرئاوای، لەڕووەکەی بەرانبەریشیدا، دەروازەیەکی ڕووەو خۆرهەڵات دێ. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، دەروازەکە دەڵاقەیەک نییە لە دیوارەکەدا، بەڵکو لەبەردەمەکەیدا بۆشاییەک تێپەڕبوە سەری بە (3) گومەزی بچکۆلە گیراوە، کە ڕێگا دەکاتەوە بۆ هاتنەناو هەیکەلی پیرۆز، ئەوەیش بۆ زیاتر ناسینی دەروازەکەیەو دەمەکەی چوارچێوەی بۆ کراوەو سەرەوەی بەنیوە بازنەیەک گیراوە، کە لەهەردوولاوەی دوو کۆڵەکە دەبەستێتەوە.

4ـ هەیوان- Courtyard*: بەرانبەر دەروازەی خۆرهەڵات بۆشاییەکی کراوە هەیە کە بەهۆیەوە لەڕێگای ئەو دەرگایەی کە لە دەروازەی پێشەوەدا دەبینرێت، دەچێتە ناوهەیکەلی پیرۆزی شێوەخاچ، بۆیە ئەو هەیوانە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە بۆ هاتنە ناوەوەی پەرستیاران، کە لەبەشی دەرەوەدا کۆبوونەتەوە.

5ـ باڵەکانی پەرستگاکە: جگە لەو شێوە توخانەی پێشوو کە لەسەریان دواین، لەناو پەرستگاکەو باڵەکانی هەردوولایدا، شوێنی بچکۆلەی پاشکۆ هەن، کە زۆرینەیان بۆ خزمەتگوزاریو تیاشیاندا هەیە بۆ خوێندنو مانەوەی پیاوە ئایینییەکان، بۆ ئامادەکردنی نزای پەرستن، شوێنەکانیش سەکۆی دانیشتنیان تیادا هەیەو هەندێک لە دیوارەکانی ناوخۆشیان جوانکراون بە کون، لەسەرشێوەی بازنەیی، بۆ ئەوەیش سوودیان لە ئەستووری دیوار بینیوە.

*شێوە خاسییەتەکانی پەرستگاکە: پەرستگاکە بەڕێکخستنی بۆشاییە تایبەتییەکان تایبەتیدا (Space Organization) جیادەکرێتەوە، ئەوەش بەهۆی پەیوەندییەکانی نێوان بۆشاییەکانە بۆ کارە جیاکان (Spatial Relation)، کە پێویستیان بەجێبەجێکردنی پێداویستییە تایبەتییەکان هەبووە، یان بەدواچوونی بۆشاییەکان کە گرنگن بۆ نزا ئایینییەکان.

*چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ شوێنەکەدا: پەرستگاکە دەکەوێتە سەرگردێکو لە نزیکێوە پاشماوەی ڕوبارێک هەیە، ئەو دوانە سەرەکییەش لەپەرستگای زەردەشتی دا، واتە (بەرزیو بوونی ئاو)، گرنگییەکی پیرۆزیان هەیە لایان، پەرستگاکەیش لەسەر سەکۆیەک دروسکراوە، کە لە ژێرەوە چەند چینێکی چەوی گەورەو وردی پتەو هەیە.

بەشی تەلارسازیی ئەم باسە لە لایەن ئەندازیاری تەلارساز (ڕاز سەعید فەرەج) نووسراوە



لە هۆڵەندا (باکۆ سۆرانی) کار بۆ شانۆی بێ سنوور دەکات



ئامادەکردنی: حەیدەر عەبدولڕەحمان

کۆمەڵێ شانۆکاری کورد، لە ئەوروپا هەن لەشێوەی تاکە کەسی، یاخود گروپ گروپ لەبواری کاری شانۆییدا، وەك دەرهێنەر، ئەکتەر، راهێنەر، نووسین، لەبواری شانۆدا کار دەکەن و پەرە بەتوانست و ئەزموونی تیۆری و جەستەیی و هونەریی خۆیان دەدەن، لەهەمان کاتدا سوود لە ئەزموونی شانۆیی ئەوروپا وەردەگرن و بۆ خزمەتی شانۆی کوردی بەرجەستەی دەکەن. ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تر‌ەوە، هەوڵی ئەوە دەدەن شانۆ کولتووری کوردیش بەگەلانی دنیا بناسێنن، بەمەش ئەو شانۆکارانە جگە لەپەیامە هونەرییەکانیان پەیامێکی نەتەوەییش لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا دەگەیەنن، بۆ ئەوەی کوردیش پێگەی کولتووری و شانۆیی خۆی هەبێت.

ئەوەتا لە ساڵی 1994 تاوەکو ئێستاکە لەسەر دەستی کۆمەڵێك شانۆکاری کورد و هۆڵەندی و فرە نەتەوەیەکی تر (شانۆی بێ سنوور) لەشاری (ئەبلدرورن) دامەزراوە، کە یەکێکە لەئەفسوناویترین شاری گەشتو گوزاری و جوانیی لەو وڵاتەدا، بە پەرۆش بووم لە نزیکەوە ئاگام لە کارو چالاکییەکانی ئەو گروپە بێت، کە هێمنانە، بۆ حەزو ئارەزووی خۆیان و خزمەت گەیاندن بە کولتووری نەتەوەکەیان کار دەکەن، ئەگەرچی کەم لە بینەرانی ئێمە ئاگایان لەو چالاکییە جوانانە هەیە .

باکۆ سۆرانی ـ کە لە رەسەندا دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیە و ئێستا لەگەڵ ئەو گروپەدا کاری دەرهێنانی شانۆیی و ئەکتەری و حیکایەت خوانی دەکات، باسی چالاکییەکانی ئەو گروپەی بۆ کردم و گوتی:

شانۆ وا بەستە نیە نە بەجوگرافیا نە بەرەگەزو نەژادەوە و نەسنووریکی دیاری کراوی هەیە، بەڵکو ئامانجی راستەقینەی شانۆ لەشانۆی بێ سنووردا تەنیا مرۆڤە، لە هەر سوچێکی ئەو دنیایە دا بێت، چونکە شانۆ خۆی لەخۆیدا بەر لەهەموو شتێ پەیامێکی مرۆییە .

ئەم گروپەی ئێمە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاوەکو ئێستا، بەچەندین قۆناغدا داتێپەڕیووە، لە هەر قۆناغێکدا هەوڵیان داوە بەرهەمەکانمان مولکی ئەو گروپە بێت و بە توانای خۆمانەوە لە رووی دەرهێنان و نواندن و موزیك و گۆرانی و جلو بەرگ و دیزاییین و سەما . بەچەندەها شێوازی جیاواز دراماکردنی بەرهەمەکانی گروپ، جگە لەبەرجەستە کردنی موزیکی فرە کولتووری سەمای میلی و چەندەها کەرەستەی تر، بۆ نمایش کردنی پانتاییەکی هونەریی فرەوان.

ئەم کەرەستانە بوونەتە پێناسێکی تازە و هاو چەرخ بۆ شانۆی بێسنوور، ئەمە وای کردووە ئێمە جیاوازبین لەگەڵ گروپەکانی تر و تایبەتمەندی خۆمانمان هەبێت، بۆیە زۆر جاران لەسەر ئاستی هۆڵەندا لە شاری گەورە تاوەکو لادێیەکی بچووك بانگهێشت دەکرێین و چەندین خەڵاتی ناوچەیی و نیشتمانی بەهادار بەدەست دێنین، لە هەمان کاتیشدا هەمیشە رۆحێکی تایبەتمان هەیە بۆ هاوکاری کردنی یەکتر لەگەڵ گروپەکانی تردا.

لە پاڵ ئەو تێکەڵاوییە لەگەڵ ئەوانی تردا، ئێمەش هەوڵمان داوە وەك گەلانی دیکە، وەك کوردێك هونەرو کولتووری کوردی نیشانی ئەوان بدەم و پێناسێکی کولتووری کوردییان بۆ بکەین، ئەوانیش زۆر خۆشحاڵ دەبن، چونکە بینەری هۆڵەندی ئەوەندە ئاشنا بەکولتووری کوردی نیە، ئەمە بۆ ئێمە دەرفەتێکە، بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە هونەرییە، بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدەین فۆلکلۆرو داستانو ئەدەبی کوردی بە فۆرمێکی نوێخوازی، لە رێگەی شانۆوە بە بینەری هۆڵەندی بناسێنین .

پێشم وایە ئەم پەیوەندییە هونەرییانەی نێوان کولتووری گەلان ئەزموونێکی نوێیە بۆ ئێمەی کورد، بۆ ئەوەی وەزیفەیەکی گەورەی شانۆ بەرجەستە بکەین، لە پێناو فنلەندی و رۆمانی و عەرەبی، هەر نەتەوەیەکی تر بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە.

لە بەرنامەی کار کردنماندا، زۆر سوودمان لە تیۆرەکانی دەرهێنەری هۆڵەندایی (مارشێڵ ڤان دێك) وەرگرتووە، ئەو بڕوای بەهێزی ئەفسوناوی هەیە لەشانۆدا، لەم شانۆگەرییەدا توانیمان سوود لە بەرجەستەکردنی ستایلی رۆهەڵاتی وەربگرین و تێکەڵی سەما و کۆمەڵێك تەکنیکی هاوچەری بکەین وەك بەکارهێنانی مۆڵتی میدیا، ئەمەش نزیکە لەخەونی ئێمە بۆ شانۆ.

زیاتر لە ٢٥ ساڵە بە بەردەوامی و خۆبەخشی لەو شارەدا کاری شانۆیی و کولتووری ئەنجام دەدەین، بەمەش توانیوومانە پێگەی خۆمان لە نێو زەریای شانۆی هۆڵەندی دا بکەینەوە کە ڕۆژانە دەیان نمایشی شانۆیی تێدا پێشکەش دەکرێت .

ئەوەتا ئێستاکە شانۆی بێسنوور بۆتە بنکەیەکی هونەریی‌و کولتووری فرەوان بۆ زۆر لە هونەرمەندانی کوردو نەتەوەکانی تر.

لەگەڵ ئەم گروپەدا لەزۆربەی شارەکانی هۆڵەندا بەشداری فێستیڤاڵو بۆنەی هونەریان کردووە، نەك هەر تەنها لەسەر شانۆکانی ئەمستەردام و دان هاخ و رۆتەردام، بەڵکو زۆر جار لە فیستیڤاڵی گۆڕەپانو پارك‌و قوتابخانەو وێستگە کولتوورییەکان چالاکیان پێشکەش کردووە.

من جگە لەکاری شانۆیی، لەپۆژاندنەوەی دڵدا کار دەکەم، بۆ بژێوی ژیان و قبووڵ نەکردنی



زۆر سوودمان لە تیۆرەکانی دەرهێنەری هۆڵەندایی (مارشێڵ ڤان دێک) وەرگرتووە

هونەرەکەی خۆمان بەرجەستە بکەین . زۆر لە بەرهەمەکان لە نووسینی گروپەو هەندێکی تر ئامادە دەکرێن، هەوڵمان بۆ ئەوەیە، لەهەموو بەرهەمێکدا مولکی رەسەنایەتی بۆ شانۆی بێ سنوور دروست بکەین، تێکەڵکردنی زمانی جیاجیا پێکەوەو گرێدانی رتوێڵی زۆرێك لە کولتووەکان لە گەڵ یەکترو، دەرخستنی داب و نەریتی فرە کولتووری جیاواز، ئەمانە کەرەستەن بۆ بەرجەستەکردن و بە دروست کردنی پەیوەندییەکی رۆحی لەنێو کولتووەکانی جیهاندا .

پێکهاتەی شانۆی بێ سنوور :

لە بەر ئەوەی ئامانجی شانۆی بێ سنوور تایبەت نیە بە نەتەوەیەکی دیاری کراو و لە سنووریکی دیاری کر اودا نەبەستراوەتەوە، چەندین زمان و کولتووری فرە رەنگ لە خۆدەگرێت، لەئەکتەرو دەرهێنەرو موزیك ژەن و سەما کار لەوانە: کورد و هۆڵەندایی و عەرەب و فارس و پارەی سۆشیال، ١٧ ساڵە دەستم کردووە بەخۆێندنی بەشی زانستی پزیشکی، ٦ ساڵ بەچەند قۆناغی جیا جیادا تێپەڕیم، تا بوومە پەرستاری سپێشیالستی ئۆرگانی دڵ، بەشانازییەوە ئەم کارە و کاری شانۆیی دەکەم، جار جاریش دەوری پزیشکی دەروونی دەبینم و هەست بەئاسوودەییەکی زۆر دەکەم لەسەر تەختەی شانۆدا.

وێڵی هیوایەکی وەن بوو

لە پاشی ئەڕۆم.....
کونج و کەلەبەری بازنەیی دەورم
هەڵئەجنم.....
گوێچکەکانم موت ئەکەم
بەڵکو.....
خشپەی پاکانی زرنگ بێنێ
راهێنان ئەکەم
لەگەڵ مۆخم
بەڵکو خەیاڵ وێنەی بکێشێ
ئەگەر ڕۆژگار خەمی نەخوارد
بۆنی خۆڵەکان هەڵئەکێشم
هیوام نەبڕاوەیە
لە خەونا.....
سەرابیش بێ
مەرامی خۆزگەم بەدەست دێنم
گوریسی مەرگ.....هێشتا..
وێڵم بەدوای.....
خۆری گریان.....
تامەزرۆی خۆزگەم
وەلاوە بنێ.....

دووکەڵی خەیاڵ

لاپەڕەکانم هەرگیز ئەکرد
بەدوای پێتێکی نادیار ئەگەڕام
هاشە هاشی ئەو دەریا گەورەیەی
لە قوڵایی مێشکم .....
سەرچاوەی گرتبوو .....
ژێر پیاڵەی سەر لەپەکانم
لە دەستێکمدا.....
لە نێوان دوو لەپیش
جگەرەیەك هەڵئەکێشرا
مژینی پڕ حەسرەتی و
قاقڵەی خۆشی و ناخۆشی
ئاوێتەی یەکتر ببوون...
من نەم ئەزانی.....
ساتی پچران و ساتی گرێ
مل لە ملی یەك ئەنێن..
لە کاتێکدا....
بزەو گرین....
هاوشادی یەك ببن

وێڕدانی ئاخ

ڕەش..... یا..... سپی
پێچن..... ئا ..... بەختن
دوو ئاوات ..... دژن ...
جار جار ئاوازێك .....
لە نێوان دوو نیوە نووکی
ناسك.. وردیلە.....
کە گوێچکان دەزرنگێنێ
پەردەی هەوا دەسمن....
ئەو دارەی جاران.....
بە فرمێسکە قەتیس ماوەکەی
لەکەدار بوو.....
وێڕدانی ژوور هەرنج دێنێ
ئیتر نەما هەرگیز..... باوی
بەزەیی .... یا.. وێڕدان برژێنێ
دەسپێکێ بکەن بە خەتن...
ئینجا لەتبوونی
ئا..... دڵ.....
بەرد بۆ شەق خراپ نییە
وێڕدانی ناخ جیگیر بکرێ

سێ کورتە شیعری سەردەم سۆران

www.xebat.net | دووشەممە 2020/7/13 ژمارە(5972) | خەبات

ئیدارەدانی قەیران لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کتێبەکەی جۆن بۆڵتندا


جۆش رۆگن – واشنتن پۆست
لە ئینگلیزییەوە: ئومێد بۆتانی

خراپ مامەڵەکردن لە سیاسەتی دەرەوە ی ئەمریکا ، سەرگوزشتەی چیرۆکێکی رەخنەیی و توانج ئامێزە لە کتێبەکەی جۆن بۆڵتندا، " ئەو ژوورەی تێیدا رووید: یادەوەرییەکانی کۆشکی سپی"راوێژکاری پێشوی ئاسایشی نیشتیمانی ئاشکرای دەکات، مامەڵەکردنی ئیدارەی ترەمپ بۆ دۆخی سوریا ، پشتگوێخستنێکی زۆر گەورە و کێماسیەکی ترسناک و داچۆڕانی ئەخلاقی سیاسی ئیدارەکە دەردەخات.



لە وتەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت : ئێمە دەمانزانی ترەمپ دەربارەی سوریا چۆن بیردەکاتەوە، چونکە سەرۆک ترەمپ کە بە ئاشکرا گووتی سوریا هیچ نیە جگە لە " خۆڵ و مەرگ" . لە رۆژی یەکەمەوە دەیویست ئەو 2000سەربازە ئەمریکییەی لەو وڵاتەن بکشێنێتەوە، بێ گوێدانە دەرەنجامەکان. رۆن بوو دەیویست سەرکەوتنی پێشوەختە بە سەر دەوڵەتی ئیسلامیدا رابگەیەنێت، هەروەها پێدانی گۆڕەپانی جەنگ بە هەر کەسێک کە بیەوێت بێتە ناوی و تاوەکو بڵێت ئامانجەکانی هاوپەیمانیتیەکەمان پێکا.ئەو کتێبە تەنها باسی ئەو وردەکارییە ناخۆشانە ناکات سەبارەت بە تێنەگەیشتن و خراپ ئیدارەدانی ترەمپ بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سوریا ، بەڵکو ئەو کێماسییە قوڵەی لە نێو تیمەکەیدا هەبوو کە لە هەمووی مەترسیدارتر بوون کەچی لە کتێبەکەی باس نەکراوە- ئەوەیە کە هیچ هەوڵێکی راستەقینە لە لایەن ئیدارەی ترەمپەوە نەبووە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا و هاوڵاتیانی.

لێدوانەکانی ترەمپ دەربیدەخات کە بەشێوەیەکی دروست لە بارودۆخی سوریا تێ نەگەیشتووە و گرنگی پێ نەداوە. ترەمپ هەستا بە بڕینی 200ملیۆن دۆلار کە بۆ بەرقەرارکردنی ئاساییشی ناوچە ئازادکراو و بێسەروبەرەکانی سوریا تەرخان کرابوو، چونکە رایگەیاند دەمەوێت وڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەمەوە نەک وڵاتانی دیکە. ترەمپ هیچ کات پێی وانەبووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندیی هەیە لە شەڕکردن دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی. دەیگووت " ئێمە داعش دەکوژین بۆ وڵاتانێک کە دوژمنمانن"، بە تەنیاش هەستی خۆی دەربڕی دەربارەی ئەو هێزەی کە لە سوریا هاوپەیمانە لەگەڵ ئەمریکا. " من حەز بە کوردەکان ناکەم. ئەوان لە عێراقیەکان را دەکەن، لە تورکەکان را دەکەن، تەنها ئەو کاتە راناکەن کە فڕۆکە ئێف-18ەکانمان هەموو دەورووپشتیان بۆردومان دەکەن.بڕیاری ترەمپ بۆ لێدانی رژێمی ئەسەد بۆ جاری دووەم دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە دژی هاوڵاتیانی سڤیل ئەو کاتە بوو کە بۆڵتن هەفتەیەک بوو دەست بەکار بووبوو وەک راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی. بۆڵتن کارەکەی بە تێکشکاو پێناسە کرد. جێم ماتیسی وەزیری بەرگری ئەوکاتیشی بەوە تۆمەتبارکرد کە بە جوولەی بیرۆکراتی هەڵبژاردەکانی لە بەردەم ترەمپ کەمکردەوە، بۆڵتن گەیشتبووە ئەو دەرەنجامەی کە ئەوە بەس نەبوو بۆ وەستاندنی رژێمی ئەسەد لە دووبارە بەکارهێنانەوەی چەکی کیمیاوی.ترەمپ هەوڵیدا لە دوا ساتەکان بکشێتەوە دوای رازیبوونی هاوپەیمانەکان . گووتی " ئەو کارە هیچ دەرەنجامی نابێت"بڕیاری ترەمپ لە دیسێمبەری 2018بە کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا و دانوستاندنەکانی لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا چیرۆکی تەواو بێزارکەربوون بۆ بۆڵتن، " ئەوە قەیرانێکی کەسی بوو بۆ من" . بەڵام نەک لە بەرئەوەی کە چی رووەدا لە سوریا. بەڵکو بە پێی لێکدانەوەی بۆڵتن، "وێنە گەورەکە وەستاندنی ئێران بوو".بۆڵتن دەڵێت: رۆن دێرمری باڵیۆزی ئیسرائیل پێی گووتم ئەوە ناخۆشترین رۆژم بووە تا ئێستا لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپ."



پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی ترەمپ لەگەڵ ئەردۆگان تێکەڵەیەکی بێزارکەر بوون لە پەیامی نارۆون و لێکدانەوەی بێ ناوەڕۆک. ترەمپ وایستی تورکیا شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی تەواو بکات و هێرشیش نەکاتە سەر کوردەکان. (دواتر، تورکیا راستەوخۆ هێرشی کردە سەر کوردەکان لە کاتێکدا داعش خۆی ڕێکخستبۆوە). بۆڵتن قسەی زۆر توندی بە جێمس جێفری نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سوریا گووت، بۆڵتن گووتی ئەو لایەنگیری تورکیایە و هەوڵیدا دەستنیشانی ئەو ناوچانە بکات لە سوریا کە تورک و کوردەکان دەستی بە سەردابگرن، کە هەوڵێکی نەزۆک بوو چونکە تورکەکان پشتگوێیان خست.

بۆڵتن هاوشان لەگەڵ جەنەرال جۆزێف دەنفۆرد کە ئەوکاتە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش بوو، تواناییان باوەڕ بە ترەمپ بێنن کە دووسەد سەربازێکی ئەمریکی لە باکووری سوریا بهێڵێتەوە هەروەها ئەو بنکە سەربازییەی ئەمریکا لە بەشی باشووری ئەو وڵاتە ناسراو بە تەنەف کە 200 سەربازێک یان زیاتری تێدایە. کاتێک لە ئۆکتۆبەری 2019 ترەمپ دووبارە کشانەوەی تەواوی ئەمریکای لە سوریا ڕاگەیاند بۆڵتن لە کۆشکی سپی نەمابوو. لە دواییدا ترەمپ بەرە بەرە لەو ڕاگەیاندنە پاشگەز بۆوە، کە ئەوش ناسۆرێکی دیکەی بیرۆکراتی و دیپلۆماسی بوو.سەرۆک هەرگیز تێگەیشتنێکی واقیعی بۆ سوریا نەبوو. ئەو پێی وابوو وڵاتە عەرەبییەکان هێز بۆ سوریا ڕەوانە دەکەن و لەبەرامبەر پاڵپشتیکردنیان پارە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش دەدەن ، کە ئەمە ئەو کارە بوو پێشوەختە بۆڵتن هەوڵی بۆ دابوو بەڵام هیچ ئەنجامی نەبوو. هەروەها ترەمپ پێی وابوو لە ئەگەری کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان وڵاتە ئەوروپییەکان هێزی زیاتر ڕەوانەی سوریا دەکەن، کە ئەمە هەرگیز ڕاست نەبوو.

ترەمپ "بە بەردەوامی" هەوڵی دەدا پەیوندی بە ئەسەدەوە بکات و دانوستاندنی لەگەڵ بکات سەبارەت بە لایەنی کەم شەش هاوڵاتی ئەمریکی کە گومان دەکرا لە زیندانەکانی رژێم بن، بەڵام سەرکردە سوورییەکە بەدەم ئەو داواکارییەوە نەهات، بۆ رازیکردنی بۆڵتن، ترەمپ دووبارە و چەند بارە ئاماژەی بە "کامپەینەکەم" و " بنکەی هەڵبژاردنەکەم " دەکرد وەک هۆکارگەلێک بۆ چوونە دەرەوە لەو وڵاتە.


مانشێت



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە گوێرەی ماڵپەڕی وۆرلد میتەر بۆ ئامار، ژمارەی توشبوون بە ڤایرۆسی کورۆنا لە سەرتاسەری جیهان **12.735.233**کەسی تێپەڕاندووە و ژمارەی قوربانیانیش **565.049**کەس زیاترە ، هەروەها ژمارەی ئەوانەی چاکبوونەتەوە **7.435.572**کەسە.



فرانس :24
وێڕای هۆشداری چین و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکەش ، لایەنگرانی دیموکراسی لە هۆنگ کۆنگ بە مەبەستی دەستنیشانکردنی نوێنەرانیان بۆ پەرلەمان هەڵبژاردنیان ئەنجام دا.



کەنالی ئار تی:
لە شاری ماکلینی تێکساس و لە ئەنجامی ڕووداوێکی تەقەکردندا ، دوو ئەفسەری پۆلیس گیانیان لەدەست دا .



چەمکی سیاسی

تابووری پێنج (Fifth Column)

ئەم دەربڕینە بۆ یەکەم جار لە ماوەی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی ئسپانیا سەری هەڵدا (**1936-1939**) ? لەو کاتەی هێزەکانی فرانکۆ لە ڕێگەی چوار ریزی سەربازیەوە هێرشی دەکردە سەر هێزی کۆماریەکان لە ناوەوەی مەدریدی پایتەخت ، لەو کاتەدا تابووریکی دیکەی نهێنی (پێنجەم) لەناو شار دامەزرا کە لایەنگری فرانکۆ بوو و ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە دابەزاندنی وردی خەڵک و بلاوکردنەوەی پروپاگەندەی نابەجێ و ئەنجامدانی کردەوەی وێرانکاریی ، دواتر هەمان ئەو چەمکە بوو بە هێمایەک بۆ بارودۆخە هاوشێوەکان.



سوودەکانی تری

تری بە هایەکی خۆراکی و چارەسەری باشی هەیە، ١٥٪ شەکرە کە گلوکۆز ٧٪ ئەو شەکرە پێکدەهێنێت، هەروەها ژمارەیەك ڤیتامینی تێدایە وەك ڤیتامین C و ڤیتامین B و ڕێژەیەکی باش لە تووخمە کانزاکان وەك کالیسیۆم و صۆدیۆم لە پێکهاتەکەیدا هەیە، جگە لە ڕێژەیەکی باش لە ماددەی پرۆتین و چەوری و ترشی ئۆرگانی وەك ترشیی لیمۆ. ئاوێتەیەکی تێدایە بەناوی ریسڤیراتۆڵ Resveratol لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئاوێتەیە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر سنووردانان بۆ ڕەق بوونی خوێنبەرەکان هەیە، هەروەها کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کولیسترۆڵ لە خوێندا بە تایبەتی کولیسترۆڵی زیانبەخش (LDL) بەوەش توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ کەمدەکاتەوە. لە هەمانکاتدا ئەو ئاوێتەیە ڕێگری لە گۆڕانکارییەکانی ڕێگا خۆشکەر بۆ نەخۆشی زەهایمەر دەگرێت.

سوودەکانی تری ئەمانەن:

یەکەم- هاوکارە لە چالاککردنی جگەر و پاراستنی دروستی کارکردنی و ڕێشتنی ڕژێنەکەی بە شێوەیەکی ڕێك.

دووەم- ترشیی فۆلیك لە نێو خوێندا کەمدەکاتەوە کە هۆکارە بۆ کەڵکە بوونی ماددەی ڕەق لە جومگەکانی قاچ و قۆڵ کە ئازاری زۆریان هەیە و بە نەخۆشیی نەقرس ناسراوە.

سێیەم- تویژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو وڵاتانەی بەرهەمی (تری) یان زۆرە تا ڕادەیەکی زۆر باش نەخۆشی شێرپەنجەیان تێدا کەمە یان هەر نییە، چونکە تری ژمارەیەکی زۆر ماددەی خۆراکی تێدایە کە ماددە شێرپەنجەییەکانی نێو جەستە وەك خانە ئازادەکان دەردەداتە دەرەوە. تری ژمارەیەکی زۆر لە ڤیتامین و کانزای دژە ئۆکسینی تێدایە، هەروەها ریشاڵی تواوە و نا تواوەی تێدایە.

چوارەم- تری هاوکارە بۆ چارەسەرکردنی زەهایمەر و مرۆڤ کەمتر تووشی خەڵەفان بوون دەکات.

پێنجەم- چارەسەری نەرمە ئێسقان دەکات.

شەشەم- بەڵغەم ناهێڵێت و کۆکە کەم دەکاتەوە.

حەوتەم- کەمکردنەوەی ئازاری پووك و کەوتنی ددان.

بۆ پاراستنی هۆڵەکانی پەلەوەر لە مانگی تەمووز



بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی کت و پڕ و ناشیاو، پێویستە بەخێوکەری پەلەوەر لە مانگی تەمووز باشترین سیستەمی هەواگۆڕکێ و فێنکردنەوە بەکاربهێنێت بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجانە:

یەکەم: هەوا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و لە گشت سووچەکانی کێڵگە بە شێوەیەکی باش و هاوسەنگ بڵاوبێتەوە.

دووەم: جۆری هەوای ناو کێڵگەکە بگۆڕێت بێ ئەوەی تەوژمی بای بە هێز دروست بێت لە هۆڵەکەدا.

سێیەم: هەوا گۆڕکێ یارمەتیدەرە بۆ دەربازبوون لە بۆنی ناخۆش و گازە ژەهراوییەکان پاش نەمانی شێ لە هۆڵەکەدا.

چوارەم: هەر چەند توانای دیوار و بانی هۆڵەکە باش بێت بۆ ڕێگاگلاتن لە گەیشتنی گەرمی دەرەوە بۆ ناو هۆڵ ئەوە هەوا گۆڕکێی دەستکرد کاریگەری زیاتر دەبێت.

پێنجەم: کەمکردنەوەی ژمارەی پەلەوەرەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری گەرما بە تایبەتی بۆ ئەو سیستەمی پەروەردەی لەسەر زەوی.



وەرگرتنی ڕێگاپێدان بۆ هەناردەکردنی سەوزە و میوە

ئازاد دییەگەیی

لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و سەرەتا و ناوەراستی وەرزی پایزدا ڕووبەڕووی کێشەی زۆری بەرهەمی سەوز و هەندێك جۆر میوە دەبینەوە کە بەهۆی پێگەیشتنی هەر هەمووی لە یەککاتدا و هەڵکشانی ڕووبەری چاندراوی ساڵانە بە شێوەیەکی ڕادە بەدەر و بە بێ پلان بۆتە هۆی گەیاندنی زیانی ماددی گەورە بە جوتیاران و ئابووری وڵات و کەرتی کشتوکاڵی خستۆتە ژێر هەڕەشەی دوورکەوتنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاری ڕاستەقینە لەم کەرتە ئابووریە گرنگە. بە هەموو پێوەرەکان ئێستا لە ناوخۆدا چەند جارەی پێویستی ناوخۆ لە سەوزە بەرهەم دێت کە بازاڕی ناوخۆ توانای لەخۆگرتن و ساغکردنەوەی ئەو بڕە بەرهەم هاتووەی نییە، بەڵام یەکێ لە ڕێگا گاریگەرەکان بۆ نەمانی ئەو کێشەیە لە سالانی داهاتوودا بریتییە لە دۆزینەوەی بازاڕی دەرەکی واتا هەناردەکردن بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەروبومی کشتوکاڵی دەکڕن، لەو بارەشدا پێویستە دەستەیەکی میری هەبێت بۆ دیراسەکردنی مەرجەکانی ئەو وڵاتانەی بەروبومی کشتوکاڵی هاوردە دەکەن و بە چ نرخێك تاکو ئێستا لە وڵاتە جیاوازەکان دەیکڕن و گرنگترین جۆری ئەو بەروبوومانە چین کە ئەوان دەیانەوێت و لای خۆمان توانای زۆرمان هەیە بۆ بەرهەمهێنانیان، پاشان گەڕان بەدوای ئەو سەرمایەدارانەی ئارەزووی دامەزراندنی کۆمپانیای هەناردەکردنی کشتوکاڵییان هەیە یان ڕێگا پێدان و ئاسانکاری بۆ بازرگان و کۆمپانیای بیانیەکان بکەین کە ڕاستەوخۆ بێن و گرێ بەست لەگەڵ جوتیارانی کورد بکەن.

لێرەدا دەمەوێ باس لە چۆنیەتی وەرگرتنی بڕوانامەی ڕێگا پێدان بکەم کە ئەوەیان خاڵێکی زۆر گرنگە بێ ئەو بڕوا نامەیە وڵات نییە ڕێگا بە بەروبومی هاوردەکراوی وڵاتێکی دیکە بدات داخڵی سنووری وڵاتەکەی بێت، ئەوەی باسیان دەکەم ڕێوشوێنی دیاریکراوە کە جوتیار و بەرهەمهێنەرانی وڵاتی میسر لە کاتی هەناردەکردنی بەروبومە کشتوکاڵییەکانیان بۆیان دانراوە وەك مەرجی هەناردەکردن، کە دەکرێت ئێمەش لە ئاینەدا سوودی لێ وەربگرین:

یەکەم- بڕوانامەیەکی باوڕ پێکراو لە تاقیگە کە دەسەڵمێنێت ئەو بەروبومەی هەنارە دەکرێت پاشماوەی قرکەری کیمیایی تێدا نییە.

دووەم- هەبوونی مەرجەکانی هەناردەکردنی پێشوەختە لە لایەن حکومەتەوە و لە کاتی ئامادە بوون بەرهەمەکە بۆ هەناردەکردن ئەوە نموونەی لە ڕێگای کەرەنتینەی کشتوکاڵی وەردەگیرێت بۆ ئەوەی بزاندرێت ئایا یەك تەرزە و جۆرەکەی چەند شیاوە بۆ هەنارە کردن.

سێیەم- پشکنینی شوێنی کۆکردنەوەی بەرهەمەکە و تاچەند مەرجەکانی هەناردەکردنی تێدا جێبەجێ کراوە.

چوارەم- هاناردەکردنی ئەو سەوزە و میوانەی تازە و نوێن و مەرجی هەناردەکردن دەیانگرێتەوە.

پێنجەم- دابین کردنی کارتۆن و لۆگۆی تایبەت و هەبوونی کۆدی تایبەت کە دەبێ لەسەر کارتۆنەکاندا بێت.

شەشەم- وەرگرتنی نموونەی هەڕەمەکی لە لایان تاقیگەی حکومی بۆ پشکنین و دڵنیابوون لە سەلامەتی بەروبومەکە و یەکبوونی لەگەڵ مەرجی هەناردەکردن.

حەوتەم- هەبوونی پەڕاوگەی تایبەت بە کاتی ئەنجامدانی ڕشاندنە جۆراوجۆرەکان و کاتی ڕنین و کۆکردنەوەی بەرهەم.

هەشتەم- کێڵگەی ئامادەکراو بۆ هەناردەکردن دەبێت سیستەمی قەڵاچۆکردنی کرمی بەری هەبێت.

نۆیەم- سیستەمی کرێکاری پێشکەوتووی هەبێت بۆ خاوێن ڕاگرتنی گێڵگە کە .

دەیەم- جوتیارەکە زانیاری لەبارەی ڕووبەر و تەرزی چێندراو و بڕی بەرهەم لە دۆنمێك و تاچەند پیادەکردنی ماوەی دڵنیابوونی ئۆرگانی لە گێڵگەدا پێشکەش دەکات.

یازدەهەم- شوێنی لە کارتۆنکردن و ئامادەکردن بۆ هەناردەکردن دەبێت خاوێن بێت.

دوانزەهەم- دەکرێت شوێنی کۆکردنەوەی بەرهەم و ئامادەکردنی بۆ هەناردەکردن نزیك گێڵگە بێت.

سێزدەهەم- پێویستە بەروبومەکە بە زووترین کات بە بارهەڵگری ساردکەرەوە بە پلەی گەرمی گونجاو بۆ ئەم بەروبومە بگوازرێتەوە.

ئەوانە مەرجی هەناردە کردن و پێدانی مۆڵەتە لە وڵاتی میسر بۆ پاراستنی بازاڕ و ڕاگرتنی ناوبانگی بەربوومەکانی خۆیان لە باشترین ئاست و بەردەوامی پێدانی پڕۆسەی هەناردەکردن دەیسەپێنن لەسەر جوتیارەکانیان، واتا کردارێکە پێویستی بە وردەکاری و ڕێکخستنی کارەکان هەیە کە حکومەت ڕۆڵێکی باڵای دەبێت بۆ سەرکەوتن و بەردەوامی پێدانی ئەم پڕۆسەیە، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو بێگومان ریگاکەمان بۆ کورت دەکاتەوە.



لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی: پێویستە بەکارهێنانی قڕکەرە کیمیاییەکان بۆ نیوە کەم بکرێتەوە

شارەزایانی پاراستنی ژینگە لە بەریتانیا هۆشداری دەدەن کە دەبێت بەکارهێنانی قڕکەرە کیمیاییەکان کەم بکرێتەوە بۆ نیوە تا هاتنی ساڵی ٢٠٣٠ بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕاگرتنی کەمبوونەوەی ژمارەی هەنگ و پەپوولە و ئاژەڵە کیوییەکان. ڕاپۆرتەکە کە لە بڵاوکراوەی wild life trustsبڵاوکراوەتەوە تیشك دەخاتە سەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی میرووە بێ بڕبڕەکان دەبێتەوە و ئەو هەوڵانەی ئەنجام دەدرێت بۆ پاراستنیان.

بە پێی ڕۆژنامەی (دێلی میڵ) ی بەریتانی، یەکێ لە ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکە بریتییە لەوەی کە بەریتانیا پێویستە پابەند بێت بە ڕێکەوتنەکانی یەوپا سەبارەت بە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی قڕکەرە میرووکوژەکان بۆ نیوە تاکو ساڵی ٢٠٣٠.

ڕاپۆرتەکە ئاشکرایدەکات کە نزیکەی ١٦٩٠٠ تەن قڕکەری میرروو کوژ لە ساڵێکدا لە دەشتەکاندا دەڕشێندرێت جگە لەوەی کە لە شار و شارۆچکە و باخچە گشتییەکان بەکار دێت و زیانی گەورەی بۆ سیستەمی ژینگە هەیە.

نیان یاسین پاڵەوانی پایسکلسواری بۆ خەبات:


لەسەر هەموو خانمان پێویستە وەرزش بکەن

خەبات: پەریهان عومەر

خانمە وەرزشوان نیان یاسین حەسەن لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سلێمانییە و خوێندنیشی لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی ئەو شارە تەواو کردووە، لەبەر لێهاتوویی هەر لەسەرەتای خوێندنی سەرتاییەوە حەزی لە بواری وەرزش کردووە لە تەمەنی ٩ ساڵییەوە یارییەکانی پایسکیلسواری و راکردن و مەلەوانی و باسکە و زۆر لە یارییەکانی دیکەی کردووە.

یاری تایبەتی و ئارەزووی ئەم خانمە وەرزشوانە، پایسکیلسواری بووە و لەم بوارەشەوە سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی چەندەها ساڵ پاڵەوانی عێراق بێت و مەدالیای ئاڵتوونی ولاتانی عەرەبی بەدەست بهێنیت و لەم رووەوە مێژوویەک بۆخۆی و پایسکلسواری تۆماربکات و ئێستاش خەونی دیکەی ماوە بیهێنیتەدی.

خانمە پایسکلسوار نیان یاسین دەڵێت: وەرزش جگە لەوەی سوودی لێ دەبینین، لەهەمان کاتیش وەرزش بە هیچ شێوەیەك قورس نییە و بگرە باشترین شتە بۆ خانمان کە بیکەن، هەروەها زیاتر گوتی: خۆشبەختانە جگە لە وتەی جوان هیچ قسەیەکی نەشیاو رووبەرووم نەبۆتەوە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، کە ئەمەش تێگەیشتنی کۆمەڵگا دەگەیەنێت لە گرنگیی وەرزش.



بەرشلۆنە چاوەڕوانی شکستی ریاڵ دەکات

دوای بردنەوەی لە یانەی ڤەلەدوەلید بە گۆڵیکی بێبەرامبەر، یانەی بەرشلۆنە خۆی لە ریاڵ مەدرید نزیك دەکاتەوە چاوەروانی دۆڕانی ئەو یانەیە دەکات.

لە هەفتەی ٣٦ ی لالیگا یانەی بەرشلۆنە بە تاکە گۆڵی ئارتۆل ڤیدال توانی بەسەر ڤەلەدوەلیددا سەرکەوێ و سێ خاڵی گرنگ لەوپانەیە بستێنێت. بەرشلۆنە ٧٩ خاڵی کۆککردۆتەوە. ڤیدالی خاوەن تاکە گۆڵی یاریەکە کە لەخولەکی ١٥ تۆماریکرد دوای یاریەکە گوتی:" چاوەڕوانی دۆڕانی یانەی ریاڵ مەدرید دەکەین، پێویستیشە لە خولی یانە پاڵەوانەکای ئەوروپا باشتر لە ئێستا یاری بکەین."

یانەی بەرشلۆنە بۆ بردنەوەی ناسناوی لالیگا پێویستە لەو دووپاریەی ماویەتی سەرکەوتن تۆماربکات و لە بەرامبەردا یانەی ریاڵمەدریدی پێشەنگ دۆڕانێك و بەرامبەربوونێك تۆماربکات ئەوکاتە بلوگرانا دەبێتە پاڵەوانی خولی ئیسپانیا.

خەبات: سولین سلێمان

سەنتەری توێژینەوەی وەرزشی سویسری بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی تۆپی نێودەوڵەتی (FIFA) لیستی ئەو پاریزانانەی بڵاوکردۆتەوە کە لە ئێستادا نرخی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەیان لەگەڵ یانەکەیان بەرز بۆتەوە، توێژینەوەکە ئەوەی ئاشکراکردووە لیۆنێل مێسی هێرشبەری یانەی بارسای ئیسپانی لەسەرووی لیستی ئەو پاریزانانەوەیە کە نرخی ئێستای لە ٨٠ ملیۆن یۆرۆ وە بەرزبۆتەوە بۆ ١١٥ ملیۆن یۆرۆ ، هەروەها ئەگەر مێسی لەگەڵ کارگێری یانەی بارسا رێکنەکەوت لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی کە لە هاوینی ٢٠٢١ کۆتایی دێت پاریزانەکە ئازاد دەبێت لەوەی لە سەرەتای ساڵی داهاتووە لە گەڵ یانەکانی تر ڕێکبکەوێت بچێتە ریزەکانی ، ئەمە لە کاتێکدایە پەیوەندی مێسی لە ئێستادا لەگەڵ کارگێری بارسا باش نییە و هەروەها لیۆ هێشتا بریا کۆتایی خۆی نەداوە کەوا گرێبەستەکەی نوێدەکاتەوە بەڵام پێدەچێت لە مانگەکانی داهاتوودا بریاری کۆتایی خۆی بدات.

مێسی لەسەرووی لیستی 10 گرانبەهاترین یاریزانەکاندایە

ئەم وەرزە بۆ مارسێلۆ کۆتایی هات

مارسێلۆ بەرگریکاری بەڕازیلی و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، بە هۆی ئەو پێکانەی تووشی بووە ئەستەمە تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە بتوانێت یاریی بکاتەوە.

پزیشکی شاهانەکان لە دواییین ڕاپۆرتەکەیان سەبارەت بە پێکانی بەرگریکاری باڵی چەپی یانەکەیان بڵاوییان کردەوە پشکنینە پزیشکییەکان دەریانخستووە ئەو یاریزانە تووشی کشانی ماسولکەکانی قاچی بووە و شەشەم جاریشە تووشی ئەم پێکانە دەبێت، بۆیە ئەستەمە لە ماوەی سێ هەفتەی داهاتوو بتوانێت یاریی بکاتەوە.



ڕۆژنامەی وەرزشی مارکای ئیسپانیا بڵاویکردەوە کە زێدان داوای لە تیمی پزیشکی یانەکەی کردووە چارەسەری مارسێلۆ بۆ یاریکەی بەرامبەر مانچێستەر سیتی لە چامپیۆنزلیگ بکەن.

کۆرتوا باشترین گۆڵپارێزی ئەوروپایە

کۆرتوای گۆڵپارێزی بەلجیکی و یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی دوای تێپەڕبوونی ٣٥ خول لە پاڵەوانێتی خولی ئیسپانیا تاکو ئێستا باشترین ئاماری تۆمارکردووە.

گۆڵپارێزەکەی یانەی ریاڵ مەدرید ٣٥ یاریە، تاکە گۆڵپارێزە لەم وەرزە لەسەر ئاستی هەر ٥ خولە بەهێزەکەی ئەوروپا ١٨ یاری تۆڕەکەی بە خاوێنی هێشتۆتەوە. ئەو گۆڵپاریزە جگە لەو ئاماژە زۆرترین کلینشیت واتە گەڕانەوەی هێرشی یانەکانی بەرامبەری هەبووە و بەو ئاستە نموونەییە توانیویەتی پێش بە باشترین گۆڵپارێزەکانی ئەوروپا بگرێت.

کۆرتوا لە ٣٥ یاری یانەکەی تەنها ٢١ گۆڵی لێکراوە، لەکاتێکدا تێرشتیگنی گۆڵپارێزی بەرشلۆنەی رکابەریان ٣٦ گۆڵی لێکراو.

لە ماڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

Mon. 13 Jul. 2020 No.:(5972)

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595
یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



لە پرسیاری ئەوەی ئایا بۆچی بواری هونەرت هەڵبژارد؟

هونەرمەند مەریوان ئیبراهیم گوتی: من هەر لەسەرەتاوە کەقوتابی ناوەندی بووم هەر لەقوتابخانەی خۆماندا چەندجارێك لە شانۆگەری ناو قوتابخانە بەشداریم دەکرد ئیتر زۆرخولیام بووکەڕۆژێك لەڕۆژان ببمە هونەرمەند.

لەبارەی دراماوەش گوتی: من ئەوەندە دەڵێم دروستکردنی دراما کارێکی زۆر سەختە، ئەگەر بمانەوێت کاری باش وجدی بکەین دەبێت ماندووبین تیایدا ئەوش بەهونەرمەندی جدی دەکرێت هەروەها دەبێت پارەی باشی بۆ پەیدا بکرێت دەبێت کوالیتی بەرزبێت لەهەموو ڕوویەکەوە بۆئەوەی ببینە خاوەنی دراماى ڕاستە قینەی خۆمان.

لە بارەی کاری تازەی دەڵێت: ئێستا سەرقاڵی کورتە فیلمێکم بەناوی گوڵی بیابان کەکاری دەرهێنانی بۆدەکەم لە بارەی خۆشەویستی بۆ کارەکانی هونەرمەند مەریوان ئیبراهیم گوتی:هەموو کارەکانم زۆر خۆشدەوێت ،بەڵام (گوڵەکانی مالْئاوای) زۆر خۆشەویستە لەلام چونکە کاری نواندن و دەرهێنا نیشم بۆکردووە.



نەجوە کەرەم بۆگەنجان مادەی هۆشبەر چارەسەر نییە، بەڵکو ماڵ وێرانییە بۆ خۆتان و کەس و کار و کۆمەڵگاکەتان

گۆڤاری سەیدەتی بڵاوی کردەوەکە کچە گۆرانییژی شۆخی لوبنانی نەجوە کەرەم، لە لێدوانێکی توندی بۆنەی ڕۆژی جیهانی قەڵاچۆکردنی مادە هۆشبەرەکان هێرشی کردە سەر ئەو گەنجانەی کە مادە هۆشبەرەکان بەکار دەهێنن و لە گرتەیەکی ڤیدیۆی کە لەوالْی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بڵاوی کردۆتەوە، سەرزەنیشتی ئەو گەنجانە دەکات کە زەهر دەخۆن و ماڵی خەڵکیش وێران دەکەن و کۆمەڵگەش بەرەو هەڵدێر دەبەن، نەجوا کەرەم ڕەخنەی توند لەو گەنجە تلیاك خۆرانە دەگرێ و پرسیاریان لێ دەکات، کە خواردنی مادەی هۆشبەر تاچەند توانیویەتی کێشەکانتان چارەسەر بکات؟ بێگومان مادەی هۆشبەر چارەسەر نییە، بەڵکو ماڵ وێرانییە بۆ خۆتان و کەس و کارو کۆمەڵگاکەتان، بۆیە داواتان لێ دەکەم دەستبەرداری زەهر خواردن بن.



هەمزە سەرحان

بۆب دیلان، گۆرانییژی ئەمریکی نوێترین ئەلبومی گۆرانیی بەناوی «Rough and Rowdy Ways» بڵاوکردەوە، بەمەش هەشت ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی دواییین ئەلبومی گۆرانیی ئەو هونەرمەندەدا تێدەپەڕێت.یەکێك لە تراکەکانی نێو ئەلبومە لە بارەی جۆن کێنێدی، سەرۆکی پێشووی ئەمریکایە و ماوەکەی) 17(خولەکە. دیلان هەر لە ئەلبومەکەدا گۆرانییەکی پێشکەش بە جیمی ریـد، گۆرانییێژی ئەمریکی کردووە. (58)ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی یەکەم ئەلبومی گۆرانیی ئەو گۆرانییێژەدا تێدەپەڕێت و تێستا خاوەنی)39 (ئەلبومی گۆرانییە. دواییین ئەلبومی گۆرانیی ئەو گۆرانییێژە بەناوی «Tempest» بوو کە لە)2012(دا بڵاوکرایەوە.لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گەشتە هونەرییەکەی دیلان هەڵوەشایەوە کە بڕیاربوو لە بەهاری ئەمساڵ پێچێتە ژاپۆن و ئەمریکای باکوور.بۆب دیلان لە 1941 لە ئەمریکا لە دایك بووە، ماوەی 54 ساڵە وەك گۆرانییێژ، شاعیر و ئاوازدانەر کار دەکات و زیاتر لە سەت ملیۆن ئەلبومی گۆرانیی فرۆشراون.دیلان بەراوەی 11 خەڵاتی گرامیی، یەك خەڵاتی نۆسکار و یەك خەڵاتی گۆلدن گلۆبە.



ترسی کۆرۆنا





یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

ڕۆژانەی کەرەنتین

3/6/2020

((مارف عومەر گوڵ)) ی ئازیز
هیوادارم زوو چاك ببیتەوە
دڵ و سییەکانی تۆ
شوێنی پەپوولە و گوڵە
نەك ڤایرۆسی کۆرۆنا

* * * *

5/6/2020

لەم دۆزەخی نیگەرانییەدا
((زیبا)) بەردەوام مەرکانەکان ئاو دەدا
کە خونچەیەك دەپشکوێت
ئەو دڵشاد و من غەمبار
وا دەزانێت
ئەو پشکووتنە هەتاهەتایە
نازانێت
هەڵوەرین و مەرگی لەدوایە

* * * *

6/6/2020

ساڵانی بەری، ئەو دەمانە ، تەماتە و شفتی
گەێتلی پێڕادەگەیشتن، خوایە بۆنیان بۆ
ئەوەندە خۆش بوو!!

* * * *

8/6/2020

مینا ی پاشەبەردم، پێی نایە نۆزدە ساڵەی
تەمەنی، خۆی بۆ تاقیکردنەوەی شەشی
بەکالۆریا ئامادەکردووە،
پێم دەڵێ:
توخوا بابە دوعام بۆ بکە!

کۆرۆنا ماچکردنی لە فیلمدا قەدەغە کرد

هەمزە سەرحان

بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و قەدەخەی هاتووچۆ وایکردووە کە بەرهەمهێنانی فیلم لە هۆڵیوود و شوێنەکانی دیکەی جیهان بووەستێت، ئەکتەرەکان بەهۆی ڕێکارە خۆپارێزییەکانەوە ناتوانن بگەڕێنەوە بەردەم کامێرا، بەسەر فەرشە سووڕەکاندا بڕۆن، دەستی یەکدی بگرن و یەکدی لە باوەش بگرن و ماچبکەن.

هێشتا نازانرێت کەی لە هۆڵیوود دەست بە بەرهەمهێنانەوەی فیلم دەکرێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئەمریکا بە سەختی بە دەست کۆرۆناوە دەناڵێنێت، لەکاتێکدا لە ئەفریقیای باشوور ئەم هەفتەیە بڕیاردرا بە چەند مەرجێکی تووند بەرهەمهێنانی فیلم دەستپێبکاتەوە. بەپێی ڕێنماییەکان، نابێت ئەکتەرەکان یەکدی ماچ بکەن و هیچ جۆرە بەریەککەوتنێکیان هەبێت، هاوکات نابێت ژمارەی ئەکتەر و ستافی



کار لە شوێنی بەرهەمهێنانی فیلم لە 50 کەس زیاتر بن. مەرجەکانی دیکە بریتین لە بەکارهێنانی دەمامك، پاراستنی دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی و هەروەها شۆردن یان پاککردنەوەی دەستەکانیان بە بەردەوامی بە مادەی پاکژکەرەوە.